IX ٩ نیشانەکان

What Is the Gospel??

# مزگێنیی مەسیح چییە؟

گرێگ گیلبرت

نووسینی پێشەکی
دی. ئەی. کارسۆن

وەرگێڕان: نەریمان تاهیر
ئەندازیار سروش

«گرێگ گیڵبرت، یەکێکە لەو گەنجە درەوشاوە و دڵسۆزانەی کە خودا بانگهێشتی کردووە بۆ ئەوەی خزمەتی کڵێسا بکات. لێرەدا تێگەیشتنێکی قووڵ و پوختمان پێدەدات بۆ مزگێنیی عیسای مەسیح. هیچ پێویستیەک مەزنتر نییە لە زانینی مزگێنیی ڕاستەقینە، وە درککردن بە نووسراوە ساختەکان، وە دەرکەوتنی نەوەیەک لە باوەڕداران بە مەسیح کە جەخت لەسەر ئینجیل بکەنەوە. ئەم کتێبە زۆر گرنگە و لە کاتی گونجاودا گەیشت.»

**ئار. ئەلبێرت مۆلەر**

سەرۆکی ساودرن باپتیست تیۆلۆجیکڵ سێمینەری

«دوو ڕاستی هەیە کە وا دەکەن ئەم کتێبە زۆر گرنگ بێت: لە لوتکەدابوونی ئینجیل لە هەموو نەوەکاندا، وە سەرلێشێوان دەربارەی ئینجیل لە نەوەی ئێستاماندا. ئەم بەرهەمە بە پشتبەستن بە کتێبی پیرۆز شیکردنەوەیەکی سەرڕاستمان لەسەر مزگێنیی مەسیح پێشکەش دەکات. وە باوەڕداران بە مەسیح ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بتوانن هەموو پەیامە ناڕاستەکان لە پەیامی شکۆمەندانەی مەسیح جودا بکەنەوە. خۆزگە هەموو شوان و ئەندامانی کڵێسا ئەم کتێبەیان دەخوێندەوە.»

**سی. جەی. ماهانی**

سەرۆکی ڕێکخراوی سۆڤرن گرەیس

«من ڕۆژگارێک شانازی ئەوەم هەبوو کە وانەی کتێبی پیرۆز فێر گرێگ بکەم، بەڵام ئێستا ئەو من فێر دەکات. ئەم کتێبە بچووکە کە باسی مزگێنیی مەسیح دەکات یەکێکە لە ڕوونترین و گرنگرین ئەو کتێبانەی کە لەم ساڵانەی ڕابردوودا خوێندوومەتەوە.»

**مارک دێڤەر**

شوانی گەورەی کڵێسای باپتیستی کاپیتۆڵ هیڵ لە واشنتن دی. سی.

«کتێبێکـی کورتکـراوە و بەهێـزە. وە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە کـە ناوەکـەی هەڵیگرتـوە بـە پیشـاندانێکی ڕوون و پوخـت. پیشـاندانێکی جوانـی هەواڵـی خۆشـە. بیخوێنـەرەوە و بەشـداری پـێ بکـە لەگـەڵ کەسـانی دیکـە.»

**دانیال ئێڵ، ئاکین**

سەرۆکی ساودئیسترن باپتیست تیۆلۆجیکڵ سێمینەری

«بـە زیرەکانـە و وردی و بـە دڵێکـی شـوانایەتییەوە نـووسراوە، کتێبێکـی سوودبەخشـە بـۆ لێکۆڵـەرەوە و باوەڕدارانـی نـوێ، وە بـۆ هـەر کەسـێک کـە ئـارەزوو دەکات ڕوونـتر لـە ئینجیـل تێبـگات. چاوەڕێـی کتێبێکـی وا بـووم! ئـەوە بەڵگەیەکـی ئاراسـتەکراوی ڕوونـە بـۆ بابەتێـک کـە جێگـەی گفتوگۆیـە بـە شـێوەیەکی سـەیر، هەمـوو ئـەو تێگەیشـتنە هەڵانـە لەناودەبـات لەبـارەی ئینجیـل و شانشـین و واتـای خـاچ.»

**کێڤن دی یۆنگ**

شوانی گەورەی کڵێسای یونیڤێرستی ڕیفۆرمد، ئیست لانسینگ، میشیگن

«گرێـگ گیڵـبرت داوا لـە کڵێسـا دەکات بگەڕێتـەوە بـۆ سـەرچاوەی ئیلهامـە ڕاسـتەقینەکەی. بـە ڕێگایەکـی ئاسـان و ڕاسـتەوخۆ پێـمان دەڵێـت کـە کتێبـی پیـرۆز چـۆن لـە مزگێنیـی مەسـیح دەڕوانێـت.»

**پیتەر جەی**

شوانی گەورەی کڵێسای ئەنگلیکان کمیونیەن، نێجیریا

«لەنێـو کەلتـوری نوێـی مەسـیحیدا کـە بڵاوبوونـەوەی شـڵەژان سـەبارەت بـە پرەنسـیپە سـەرەکییەکانی باوەڕمانـی پێـوە دیـارە، گرێـگ گێلبـەرت شـێوازێکی ڕوونـی ئینجیلـی پێشـکەش کردیـن بـۆ هەمـوو ئەوانـەی باوەڕیـان هەیـە، وە قایلکـەر بـۆ ئەوانـەی هێشـتا باوەڕیـان نەهێنـاوە. ئـەم کتێبـە پـڕە لـە وشـەی خـودا، لەسـەر خـاچ و شـکۆمەندیی خـودا چـڕ دەبێتـەوە، سـەرنجت ڕادەکێشـێت و گڕوتینـت دەداتـێ بەرامبـەر بـە خـودا کـە بـە نیعمەتـی خـۆی ڕزگارمـان دەکات بـە هـۆی ئینجیـل و لەپێنـاو شـکۆمەندی خۆیـدا.»

**دەیڤد پلات**

شوانی گەورەی کڵێسای بروک هیڵز، بێرمینگام، ئاڵەباما

# مزگێنیی مەسیح چییە؟

## گرێگ گیلبرت

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم بەرهەمە وەرگێڕانێکە لە کتێبی:

What Is the Gospel?
Copyright © 2010 by Gregory D. Gilbert
Published by Crossway
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60187

9Marks ISBN: 978-1-955768-05-4

- ناوی کتێب: مزگێنیی مەسیح چییە؟
- نووسەر: گرێگ گیڵبرت
- وەرگێڕانی: نەریمان تاهیر & ئەندازیار سروش eng.srush@gmail.com
- چاپی یەکەم، ٢٠٢١
- چاپخانە:
- تیراژ:
- ژمارەی سپاردن:

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

مزگێنیی مەسیح چییە؟
مافی بڵاوکردنەوەی لەلایەن گرێگۆری دی. گیلبرتەوە پارێزراوە
(کرۆسوەی) هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە.
ناونیشان:
Crescent Street 1300
Wheaton, Illinois 60186
هەموو مافەکانی پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێتەوە، یان بە هەر ڕێگەیەک و بە هەر شێوەیەک ببەخشرێت، ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی، مەگەر ئەوەی کە لەگەڵ یاسای مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بگونجێت.

دیزاینی بەرگ: دواڵ ئایدێنتیتی دیزاین
دیزاینی ناوەڕۆک: لەیکساید دیزاین پلەس
چاپی یەکەم، 2010
لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ کراوە.
ئایەتەکان لە وەشانی ئێن ئای ڤی (وەشانی نوێ نێودەوڵەتی) وەرگیراوە.

ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی کاغەزی: 978-1-4335-1500-2
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی پی دی ئێف: 978-1-4335-1501-9
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی مۆبیپاکێت: 978-1-4335-1502-6
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی: 978-1-4335-2460-8

کتێبخانەی کۆنگرێس، کەتەلۆگی داتا و زانیاری بڵاوکراوە
گیلبرت، گرێگ، -1977
مزگێنیی مەسیح چییە؟ / گرێگ دی. گیلبرت؛ نووسینی پێشەکی دی. ئەی. کارسن.
ژمارەی ستاندەردی نێودەوڵەتی 978-1-4335-1500-2 (hc)
١. یەزدانناسی، ڕێبازی ئایینی – کاری بەناوبانگ. I. ناونیشان.

BT77.G44 2010
dc22—230
2009030583
کرۆسوەی خزمەتێکی دابەشکردنە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆش.

LB 21 20 19 18 17 16 15 14
13 12 11 10
14 13 12 11 10 9 8 7 6 5
4 3 2 1

پێشکەشە بە مۆریا،
زۆر خۆشمدەوێی.

# ناوەڕۆک


| | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکیی زنجیرە کتێب | ١ |
| پێشوتار لە نووسینی دی. ئەی. کارسن | ٣ |
| ناساندن | ٤ |
| بەشی یەکەم: دۆزینەوەی مزگێنیی مەسیح لەنێو کتێبی پیرۆزدا | ١٣ |
| بەشی دووەم: خودا، بەدیهێنەری ڕاستودروست | ٢٧ |
| بەشی سێیەم: مرۆڤی گوناهبار | ٣٥ |
| بەشی چوارەم: عیسای مەسیحی ڕزگارکار | ٤٧ |
| بەشی پێنجەم: بەدەنگەوەهاتن - باوەڕ و تۆبەکردن | ٥٩ |
| بەشی شەشەم: شانشین | ٤٣ |
| بەشی حەوتەم: خاچ دەبێت ناوەند و چەقی ژیانمان بێت | ٨٩ |
| بەشی هەشتەم: هێزی مزگێنیی مەسیح | ٩٩ |
| سوپاسێکی تایبەت | ١٠٩ |

# پێشەکیی زنجیرە کتێب

زنجیرەی "٩نیشانەکان" پشت بە دوو بیرۆکەی بنچینەیی دەبەستێت: یەکەم بیرۆکە ئەوەیە کە کڵێسای ناوخۆیی زۆر گرنگە لە ژیانی باوەڕدا، بە شێوەیەک کە لە سەرووی درکپێکردنی زۆرێک لە باوەڕدارانی ئەمرۆیە. ئێمە لە خزمەتی "٩نیشانەکان"دا پێمان وایە کە باوەڕداری تەندروست ئەندامی کڵێسای تەندروستە.

بیرۆکەی دووەم ئەوەیە کە کڵێسا ناوخۆییەکان کاتێک لە ژیان و چالاکیدا گەشە دەکەن کە ژیانیان لەسەر وشەی خودا بنیات دەنێن. دیارە کە خودا دەدوێت، وە پێویستە کڵێساکان گوێ بگرن و شوێن وشەی خودا بکەون. شتەکە ئاسانە! کاتێک کڵێسا دوای فەرمایشتی خودا دەکەوێت و پەیرەوی دەکات، وەکو ئەوەی لێ دێت کە شوێنی دەکەوێت. ئەو کات کڵێسا خۆشەویستی و پیرۆزی خودای تێدا دەبینیت و شکۆمەندییەکەی دەردەخات. کڵێسا وەک ئەوی لێ دێت کاتێک گوێی لێ دەگرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، ڕەنگە خوێنەر تێبینی بکات کە نۆ نیشانەکان کە لە کتێبی (نۆ نیشانەی کڵێسای تەندروست) وەرگیراوە لە نووسینی (مارک دێڤەر) لە ساڵی ٢٠٠١، بە تەنها پشتی بە کتێبی پیرۆز بەستووە:

- وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
- یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
- تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
- تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
- تێگەیشتن لە مزگێنیدان بەپێی کتێبی پیرۆز
- تێگەیشتن لە ئەندامێتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز
- تێگەیشتن لە تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
- تێگەیشتن لە بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
- تێگەیشتن لە ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

دەتوانرێـت زۆر شـت بگوترێـت لەبـارەی ئـەوەی پێویسـتە کڵێسـا چـی بـکات بـۆ ئـەوەی تەندروسـت بێـت، وەکـو نوێـژ و نـزا. بـە بۆچوونـی ئێمـە زۆربـەی کات ئـەو نـۆ بابەتـەی لـە سـەرەوە باسـمان کـرد، پشـتگوێ دەخرێـن (بـە پێچەوانـەی نوێـژ و نـزاوە). لەبـەر ئـەوە بنچینـەی پەیامـان بـۆ کڵێسـا ئەوەیـە کـە تیشـک مەخەنـە سـەر شـتە بـاوەکان یـان باشـترین شـکڵ و شـێوازەکان، بەڵکـو چاوتـان لەسـەر خـودا بێـت. بـە گوێگرتـن لـە وشـەی خـودا دەسـتپێبکەنەوە.

لـەم پـرۆژە گشـتگیرەوە زنجیرەیـەک کتێبـی تایبـەت بـە خزمەتـی «٩نیشـانەکان» دێـت کـە هـەوڵ دەدات نـۆ نیشـانەکە بـە وردی و لـە هەمـوو ڕوویێکـەوە بپشـتکنێت. هەندێکیان بـۆ شـوانی کڵێسـاکانە، وە هەندێکـی دیکـەی بـۆ ئەندامانـی کڵێسـایە. هیوادارین هەمـووی تێکهەڵکێـش بکرێـن لـە پشـکنێکی وردی کتێبـی پیـرۆز و تێڕوانینێکـی یەزدانناسـی و لەبەرچاوگرتنێکـی کەلتـوری و پەیڕەوکردنێکـی بـە کۆمـەڵ و تەنانـەت شـتێکیش لە کۆششـی تاکەکەسـی. باشـترین کتێبـی مەسـیحیی ئەوەیـە کـە لاهـوت و کار و کـردەوە پێکـەوە گـرێ دەدات.

نوێـژ دەکەیـن کـە خـودا ئـەم کتێبانـە و هـی دیکـەش لـە ئامادەکردنـی بووکەکەیـدا (کڵێسـا) بەکاربهێنێـت، تاکـو درەوشـاوە و جـوان بێـت و ئامـادەی گەڕانەوەی زاوا (مەسـیح) بێـت.

# پێشوتار

بە درێژایی زیاتر لە سی ساڵ وانە گوتنەوەم بە خوێندکارانی یەزدانناسی، بۆم دەرکەوت کە ئەو پرسیارانەی گفتوگۆ هەڵدەگرن کە لەلایەن خوێندکارانەوە دەکرێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە جیاواز بێت. هەمان شت بەسەر ئەندامانی کڵێساشدا جێبەجێ دەبێت. هەندێک جار دەبینین گفتوگۆیەکی گەرم دروست دەبێت کاتێک پرسیارێک دەکرێت، وەکو، ڕات چییە لەسەر بزوتنەوەی کاریزماتیک؟ یان بێ کەموکوڕیی کتێبی پیرۆز شایەنی ئەوەیە بەرگری لێ بکرێت؟ یان ڕات چییە بەرامبەر ئەو کڵێسایانەی کە بۆ شتە هەستیارەکان هەوڵ دەدەن؟ دۆزینەوەی خەڵکێک کە ئارەزووی ئەو جۆرە پرسیارانە دەکەن ئاسانە، بەڵام هەمیشە ئەنجامەکەی زیاتر نییە لە کەمێک وروژان و هێندێ ڕوونکردنەوە. ئەمڕۆ ئەو پرسیارەی کە شایانی گفتوگۆیە و ڕووناکمان دەکاتەوە ئەوەیە کە "مزگێنیی مەسیح چییە؟»

زۆر جار بە بێ بیرکردنەوە و ڕامانێکی تەواو لە کتێبی پیرۆز، بە باوەڕەوە بەرگری لەو پرسیارە دەکرێت، کە ئەمەش بەڕاستی کارێکی ترسناکە؛ لەبەر ئەوەی ئەوە بابەتێکی زۆر بنەڕەتییە. زۆر کەس هەن خۆیان بە «ئینجیلی» ناو دەبەن، بەڵام هیچ مافێکی شەرعییان بەسەرییەوە نییە، چونکە ئینجیلیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە.

ئەم کتێبە بانگەشەی کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ ناکات کە هەندێک بنچینەی کۆن نوێ بکاتەوە کە دەبوا هەرگیز پشتگوێ نەخرابا. وە ڕوونی بیرۆکەکانی گرێگ و دەربرینەکانی کارێکە شایەنی سەرسامییە، ئەم کتێبە بیرکردنەوەی زۆرێک لە باوەڕدارە پێگەیشتووەکان تیژ دەکاتەوە. لەوەش گرنگتر، ئەم کتێبە بە فراوانی لە نێو ڕابەرانی کڵێسا و گەنجانی باوەڕداردا بڵاو کراوەتەوە، تەنانەت لەنێو هەندێک لەوانەش کە هێشتا متمانەیان بە عیسای پەروەردگار نییە، ئەوانەی حەز دەکەن ڕاڤەیەکی ڕوون بدۆزنەوە بۆ واتای مزگێنیی مەسیح. کتێبەکە بخوێنەوە، ئینجا کۆمەڵێکی لێ بکڕە بۆ ئەوەی دابەشی بکەیت بەسەر خەڵکانی دیکە.

**دی. ئەی. کارسن**

# ناساندن

مزگێنیی عیسای مەسیح چییە؟

ڕەنگە وا بزانی کە ئەوە پرسیارێکی سادەیە و وەڵامدانەوەی ئاسانە، بە تایبەتی لەلای باوەڕداران. ڕەنگە پێت وابێ نوسینی کتێبێکی لەو شێوەیە -کەسێک پرسیار لە باوەڕداران دەکات کە بە تەواوی بیر بکەنەوە لە پرسیاری «مزگێنیی مەسیحی عیسا چییە؟»- هەرگیز کارێکی پێویست نییە. ئەمە وەکو ئەوە وایە چەند کەسێکی دارتاش کۆ بکەیتەوە و بۆ ئەوەی بیر لە پرسیاری: «چەکوش چییە؟» بکەنەوە.

بە هەر حاڵ، مزگێنیی عیسایی مەسیح دەکەوێتە چەقی مەسیحیەتەوە. وە ئێمەی باوەڕدار، وای دادەنێین کە ئینجیل لە پێگەی یەکەمینە، دەمانەوێت ژیانمان لەسەری بنیاد بنێین و کڵێساکانمان لەسەری دروست بکەین. ئینجیل تەوەری گفتوگۆمانە لەگەڵ خەڵکی، لە نوێژەکانمان داوا دەکەین کە خەڵکی گوێی لێ بگرن و باوەڕی پێ بهێنن.

پرسیاری ئێستا: بە ڕای تۆ هەتا چەند مزگێنیی مەسیح چەسپاوە لە مێشکی زۆرینەی باوەڕداراندا؟ ئەگەر ئەو پرسیارەت لێ بکرێت چۆن وەڵام دەدەیتەوە: ئێوە وەک باوەڕدار بە مەسیح ئەو هەواڵە چییە کە ژیانتانی لەسەری بنیاد دەنێن؟ وە چ خۆشییەکی تێدایە؟

هەستەکانم پێم دەڵێن کە ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕداران وەڵامی کورتتر لەوە دەدەنەوە کە لەنێو کتێبی پیرۆزدا سەبارەت بە ”مزگێنیی عیسای مەسیح» نوسراوە. ڕەنگە وەڵامەکانیان ئەمە بێت: ”مزگێنیی مەسیح ئەوەیە کە خودا لە گوناهەکانت خۆشدەبێت ئەگەر باوەڕی پێ بهێنیت»، یان ڕەنگە بڵێن «هەواڵی خۆش ئەوەیە کە خودا تۆی خۆشدەوێت و پلانێکی نایابی هەیە بۆ ژیانت»، یاخود ”مزگێنیی مەسیح ئەوەیە کە تۆ ڕۆڵەی خودایت، وە خودا دەیەوێت منداڵەکانی بە تەواوی لە هەموو شتێکدا سەرکەوتوو بن». هەندێکمان درک بە گرنگیی ئاماژەکردن بە مردنی عیسا لەسەر خاچ و هەستانەوەی دەکەین، بەڵام ئەی چۆن ئەو هەموو بابەتە لەگەڵ یەکتر دەگونجێن؟

وا لـه بـاوەڕداران بکـەی ڕێکبکـەون لەسـەر وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە «مزگێنیـی مەسـیح چییـە؟» بـەو ئاسـانییە نییـە کـە چاوەڕوانـی لێدەکرێـت. مـن لـە خزمەتـی «نـۆ نیشـانەکان"دا کار دەکـەم، کـە سـەر بـە کڵێسـای کاپیتـۆڵ هیڵـی باپتیسـتە لـە واشـنتنی پایتەختـی ئەمریـکا. هەتـا ڕادەیەکـی زۆر، ئەوانـەی کـە بڵاوکراوەکانمـان دەخوێننـەوە و ڕای خۆیانـی لەسـەر دەردەبـڕن چیـن و توێژێکـی کەمـن لـە مەسـیحییە ئینجیلـەکان. وە ئـەوان باوەڕیـان وایـە کـە کتێبـی پیـرۆز ڕاسـت و بـێ خەوشـە، عیسـا لەسـەر خـاچ مـرد و بـە جەسـتە لـە مـردن هەسـتایەوە، مـرۆڤ گوناهبـارە و پێویسـتی بـە ڕزگاربوونـە، وە هـەوڵ دەدەن کەسـانێک بـن کـە ئینجیـل چەقـی ژیانیـان بێـت و ژیانیـان تێربێـت لێـی.

بـە ڕای تـۆ ئـەو بابەتـە چییـە کـە لـە هەمـوو بابەتەکانـی دیکـە تێبینـی و وەڵامـی زیاتـر هەڵدەگرێـت؟ بەڵـێ، ڕێـک وایـە، «مزگێنیـی مەسـیح". دەتوانیـن چەندیـن مانـگ لەبـارەی وتـاردان، تەمبێکـردن، ڕاوێـژ، شـێوازی بەڕێوەبردنـی کڵێسـا، تەنانـەت سرود و گۆرانییەکانـی کڵێسـا، بنووسـین و قسـە بکەیـن، دەبینیـن خوێنەرەکانمـان کاردانـەوەی بەرچاویـان دەبێـت، بـەڵام وەڵامەکانیـان سەرسـاممان ناکـەن. با بابەتێـک زیـاد بکەیـن کـە تێیـدا هـەوڵ بدەیـن بەڕوونـی باسـی ئـەوە بکەیـن کـە کتێبـی پیـرۆز لەبـارەی هەواڵـی خۆشـی مەسـیحەوە چـی دەڵێـت، ئـەو کاتـە بزانیـن ئاخـۆ کاردانـەوەکان نایـاب دەبـن یـان نـە.

پێـش ماوەیـەک، یەکێـک لـە هاوڕێکانـم نووسـینێکی کورتـی لـە ماڵپەڕەکەمـان لـە بـارەی هونەرمەندێکـی نـاسراوی بـاوەڕدار بـڵاو کـردەوە، لـە چاوپێکەوتنێکـدا داوای لـێ کـراوە پێناسـەی هەواڵـی خۆشـی مەسـیحییەت بـکات. وە ئـەم هونەرمەنـدە گوتـی:

> "ئـای لـەو پرسـیارە نایابـە! بـە ڕای مـن هەواڵـی خـۆش ئەوەیـە عیسـا هـات، وە لـە نێوامانـدا ژیـا، مـرد و هەسـتایەوە، بـەو کارەی کـە دەسـتی پێکـرد و هێشـتا تـەواو نەبـووە هەمـوو شـتێکی بـۆ خـۆی گەڕانـدەوە..... وە ئەمـە تەنهـا بـە ئـەو دەکرێـت... وە هەمـوو شـتێکی ڕاستودروسـت کـرد... وە ئـەو کـردارە دەبێتـە ڕاسـتی لە ژیانـی بـاوەڕداران و دڵیانـدا، وە ڕۆژێـک دێـت بـە تـەواوی درک بـەو ڕاسـتییە دەکەیـن. بـەڵام هەواڵـی خـۆش، واتـا مزگێنیـی مەسـیح. هەواڵـی خـۆش ئەوەیـە شانشـین دێـت، وە ئاهەنگگێـران بـۆ شانشـینەکەی نزیکـە.»

زۆرێـک لـە ئێمـە دەپرسـین: ”ئەگـەر بمانەوێـت بەجوانـی مزگێنیـی مەسـیح ڕوون بکەینـەوە، مەگـەر نابێـت باسـی مردنـی عیسـا و هەسـتانەوەکەی بکەیـن؟» یـان «نابێـت کەمێـک باسـی گونـاه و پێویسـتی بـۆ ڕزگاربـوون لـە تووڕەیـی خـودا بکەیـن؟»

کاردانـەوەی خەڵـک بـۆ ئـەم بابەتانـە نایـاب بـوو، لـە مـاوەی چەنـد مانگێکـدا دەیـان نامەمـان دەربـارەی ئـەو بابەتـە بەدەسـت گەیشـت. هەندێـک لـەو خەڵکانـە پێزانینـی خۆیـان دەربـڕی بۆمـان بـۆ ئـەو پرسـیارانەی وروژاندبومـان، وە هەندێـک کەسـی دیکـە پرسـیاریان دەکـرد لەبـارەی ئـەوەی کـە هەڵەیـە ڕوونکردنـەوەی مزگێنیـی مەسـیح بـەو شـێوەیە بێـت، لەبـەر ئـەوەی عیسـا وتـاری دەربـارەی هاتنـی شانشـین داوە. هەندێـک کەسـی دیکـەش گەشـانەوە کاتێـک بیسـتیان لـە هەنـگاوی یەکەمـدا بـاوەڕداران بـە حەزەوە بیـر لـە چۆنیەتـی ڕوونکردنـەوەی مزگێنیـی مەسـیح دەکەنـەوە.

لـە هەندێـک ڕووەوە، دڵخـۆش دەبـم کاتێـک دەبینـم بـاوەڕداران لـە کاتی دەسـتپێکردنی گفتوگـۆ دەربـارەی ئینجیـل دڵخـۆش دەبـن و گڕوتینیـان هەیـە. ئەمـە گرنگیدانیـان دەربـارەی بابەتەکـە دەردەخـات، وە دەیسـەلمێنێت کـە زانیـاری زۆریـان دەربـارەی مزگێنیی مەسـیح هەیـە. بـە هیـچ جۆرێـک بـاش نییـە کـە بـاوەڕدار بۆچوونێکـی ئەوتـۆی لەبـارەی پێناسـە و تێگەیشـتنی مزگێنیـی مەسـیحەوە نەبێـت. لـە لایەکـی دیکـەوە، وا هەسـت دەکـەم ئـەو وزەیـەی دێتـە بەرهـەم لـە گفتوگـۆ دەربـارەی مزگێنیـی مەسـیح، ئامـاژە بـەوە دەکات کـە لـەم ڕۆژانـەدا ئاڵۆزییەکـی گشـتی و تەمومـژاوی دەوری داوە. کاتێـک لـە بابەتی پێناسـەکردنی مزگێنیـی مەسـیح نزیـک دەبیتـەوە، بـاوەڕداران ڕێکناکـەون لەسـەر کرۆکـی بابەتەکـە، تەنانـەت ئـەو باوەڕدارانـەش کـە خۆیـان بـە مەسـیحیی ئینجیلـی نـاو دەبـەن.

لـە سـەد بـاوەڕدار بپرسـە، ئەوانـەی کـە خۆیـان بـە ئینجیلـی دادەنێـن، سـەبارەت بـە هەواڵـی خۆشـی عیسـا، بەلانـی کـەم شەسـت وەڵامـی جیـاواز وەردەگریـت. گـوێ بگـرە لـە وتارێکـی کڵێسـای ئینجیلـی، کتێبـی پەیوەسـت بـەوان بخوێنـەوە، وە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییەکانیـان بپشـکنە، وەسـفی یـەک لـە دوای یەکـی مزگێنیـی مەسـیح دەبینیـت، کـە زۆریـان پێچەوانـەی یەکـترن. هەندێـک لەوانـەی کـە دۆزیومەتـەوە لێـرەدا نووسـیومە:

> هەواڵـی خـۆش، ئەوەیـە خـودا دەیەوێـت چاکیـی نایابـی خـۆی بـۆت دەربخـات. ئـەو دەیەوێـت ژیانـت پـڕ لـە «شـەرابی نـوێ» بـکات، بـەڵام

ئایا تۆ ئامادەی واز لە مەشکە کۆنەکەت بهێنی؟ ئایا گەورەتر بیر دەکەیتەوە؟ ئایا تێڕوانینت فراوانتر دەکەیت و واز دەهێنیت لە ڕێگەی بیرکردنەوەی کۆنی نەرێنی کە دەستت پێیەوە گرتووە؟

مزگێنی مەسیح بە کورتی: ئەنجامی مردنی مەسیح لە پیناوماندا، ئەوانەی متمانەی پێ دەکەن دەزانن کە بە یەکجار و بۆ هەتاهەتایە گوناهەکانیان بەخشراوە. پێویستە چی بڵێین لە بەردەم کورسی دادوەریی خودا؟ تەنها یەک شت دەڵێین: عیسا لە جیاتی من مرد. ئەوە مزگێنیی مەسیحە.

دەتوانین پەیامی عیسا بە سەرسوڕهێنەرترین پەیام دابنێین. پەیامەکەی ئیمپراتۆریەتی شۆرشگێری بنەڕەتی خودایە، بە ئاشتەوایی و ئاشتی دێتە پێش، بە باوەڕ و خۆشەویستی بەردەوام دەبێت، بە هەژارترین و بێ دەسەڵاتترین و سادە و ساکارترینەکانەوە دەستپێدەکات. ئێستا کاتی ئەوەیە بیر و و بۆچوونەکانت بگۆڕیت. هەموو شتێک بەزوویی دەگۆڕدرێت. کاتی ئەوەیە کە جیاواز بژین. باوەڕم پێ بکە. شوێنم بکەوە. باوەڕ بە هەواڵی خۆش بکە بۆ ئەوەی فێربیت بەپێی ئەو هەواڵە بژیت و ببیتە بەشێک لە شۆڕشەکە.

هەواڵی خۆش ئەوەیە کە خوا بەردەوام ڕووی لە تۆیە، گرنگ نییە چیت کردووە، لەکوێی و چەند هەڵەت کردووە. ئەو تۆی خۆشدەویت و بەدواتدا دەگەڕێت.

مزگێنیی مەسیح ئاماژەیە بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە عیسای لەخاچدراو و هەستاوە لە مردن، عیسای مەسیح، تاکە پەروەردگاری ڕاستەقینەی جیهانە.

هەواڵی خۆش! خودا دەبێتە پاشا و لە ڕێگەی عیساوە ئەو کارە دەکات! دادپەروەری و ئاشتی و جیهانی خودا نوێ دەبێتەوە. وە

بـێ گومـان، ئـەوەش هەواڵـی خۆشـە بـۆ تـۆ و بـۆ منیـش. بـەڵام ئـەوە هەواڵـی خۆشـی عیسـای مەسـیحە کـە کاریگەریـی زیاتـری لەسـەر ئێمـە دەبێـت. مزگێنیـی مەسـیح باسـی ئـەوە نـاکات کە تـۆ چ جۆرە کەسـێکیت و چیـت بەسـەر دێـت، بەڵکـو ئەوانـە دەرەنجامـی پەیامەکەیـە نـەک خـودی پەیامەکـە. ڕزگاری دەرەنجامـی مزگێنیـی مەسـیحە، نـەک ناوەنـد و چەقـی بێـت.

مزگێنیـی مەسـیح بـە دوو شـێوە ڕاگەیاندنـی نـاوی عیسـای مەسـیحە. ڕاگـە.

بـەو پێیـەی بـاوەڕدارم، بـە سـادەیی هـەوڵ دەدەم بـە ڕێگایەکـی دیاریکـراو بژیـم، ئـەو ڕێگەمـان لەبەردەسـتە کـە عیسـا لەسـەری قسـەی کـردووە. وە پێـم وایـە کـە ڕێـگای عیسـا باشـترین ڕێگایە کـە پێـی بژین... بـە تێپەڕینـی کات کاتێـک بـە مەبەسـت هەوڵـدەدەی بـە ڕێـگای عیسـا بـژی، دەبینیـت شـتی قووڵـتر لـە ئارادایـە. درک دەکەیـت بـەو هـۆکارەی کـە وای لێکـردووە باشـترین ڕێـگا بێـت بـۆ ژیـان: لـە ڕاسـتییە قوڵەکانـی جیهانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە. دواتـر دەبینیـت کـەم کەم بەپێی ڕاسـتییە ڕەهـاکان دەژیـت. وە زیاتـر و زیاتـر لەگـەڵ قووڵتریـن ئاسـتی گەردونـدا ڕێکدەکەویـت... بـاوەڕدارە لەپێشـینەکان ئـەو ڕێگایـەی عیسـایان بـە «هەواڵـی خـۆش» ڕاگەیانـدووە.

لـە نامەکـەی عیسـاوە تێدەگـەم کـە فێرمـان دەکات کـە لێـرە و ئەمـڕۆ بەپێـی ڕاسـتیی خـودا بژیـن. وەکـو ئـەوە وایـە کـە عیسـا بـە بەردەوامـی پێـمان بڵێـت: «ژیانـت بگـۆڕە! بـەو جـۆرە بـژی».

ئێسـتا دەزانیـت کـە مەبەسـتم چییـە کاتێـک دەڵێـم مزگێنیـی مەسـیح بـە تـەم و مژێکـی ئاڵـۆز دەورە دراوە! ئەگـەر تـۆ هەرگیـز گوێـت لـە مەسـیحییەت نەبووبـێ، ڕات چییـە لـەدوای خوێندنـەوەی ئـەو چەنـد دەقـە کورتانـەی وەرمگرتـوون؟ بێگومـان، دەزانیـت کـە بـاوەڕداران دەیانـەوێ چەنـد پەیامێکـی بـاش بگەیەنـن، بـەڵام ئـەوەی لـێ دەرچێـت،

بابەتێکی ئاڵۆز و تێکەڵە. ئایا هەواڵی خۆش تەنها ئەوەیە خودا منی خۆشدەوێت؟ وە پێویستە زیاتر بە شێوەیەکی ئەرێنی بیر بکەمەوە؟ ئایا هەواڵی خۆش ئەوەیە کە عیسا ڕابەرێکی باشە دەکرێت فێرم بکات کە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و خۆشەویستی بژیم؟ ڕەنگە بابەتەکە پەیوەندی بە گوناه و لێخۆشبونەوە هەبێت. دیارە هەندێک لە مەسیحییەکان پەیوەندییەک دەبینن لە نێوان هەواڵی خۆش و مردنی عیسا، وە هەندێکی دیکەیان ئەوە نابینن.

ئامانجم ئەوە نییە کە هەر ئێستا و لێرەدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەی کە ئاخۆ کام لەو وتانەی سەرەوە باشن یان خراپن (هەرچەندە دەزانم لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بتوانیت بڕیار لەسەر خراپی و باشییان بدەیت)، بەڵکو دەمەوێت ئاماژە بە ئەو بیروڕا جیاوازیانە بکەم کە دێتە مێشکی خەڵک کاتێک دەربارەی مزگێنیی مەسیحەوە پرسیاریان لێ دەکرێت.

هەوڵ دەدەم لەم کتێبەدا وەڵامێکی ڕوون بۆ ئەو پرسیارە پێشکەش بکەم، وەڵامێک کە لەسەر بنەمای فێرکردنی کتێبی پیرۆز بێت. وە لەم پرۆسەیەدا هیوای زۆر شت دەخوازم و نوێژی بۆ دەکەم.

یەکەم، ئەگەر باوەڕت بە مەسیح هەیە، نوێژ دەکەم  کە ئەم کتێبە – لەوەش گرنگتر، ئەو ڕاستییە شکۆمەندانەی کە تێیدا ڕوون کراوەتەوە – هۆکار بێت بۆ پڕبوونی دڵت لە خۆشی و ستایش بۆ عیسای مەسیح لەسەر ئەوەی لەپێناو تۆدا کردی. مزگێنییەکی لاواز دەبێتە هۆی پەرستشی لاواز، وە چاومان لەسەر خودا لادەبەین و دەیهێنینە سەر خۆمان، بەو هۆیەوە بەهای ئەوەی خودا لە مەسیحدا لە پێناوماندا کردوویەتی کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەوە، مزگێنیی مەسیح بەگوێرەی کتێبی پیرۆز وەکو سوتەمەنی وایە بۆ ئاگردانی پەرستن. چەندەی لێی تێبگەی و باوەڕی پێ بکەی و پشتی پێ ببەستی، بەو ڕادەیە خۆشەویستیت بو خودا زیاد دەکات لە پێناو خودی خۆی و ئەوەی بەهۆی مەسیحەوە بۆی کردین. پۆڵس لە (ڕۆما ١١: ٣٣) دەڵێت: «ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! حوکمەکانی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە و ڕێگاکانی لە سەرووی وردبوونەوەیە»، لەبەر ئەوەی دڵی پڕ بوو لە مزگێنیی مەسیح!

دووەم، هیـوادارم خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە متمانەیەکـی قوڵـترت پـێ ببەخشـێت کاتێـک لەگـەڵ کەسـانی دیکـە باسـی هەواڵـی خۆشـی عیسـا دەکەیـت. چـاوم کـەوت بـە ژمارەیەک بـاوەڕدار کـە دوودڵ بـوون لـە بەشـداریکردنی مزگێنیـی مەسـیح لەگـەڵ هـاوڕێ و خێـزان و ناسراوەکانیانـدا، لـە ترسـی نەبوونـی وەڵام بـۆ پرسـیارەکانی ئـەوان. بـە زۆری ئـەوە ڕاسـتە، جگـە لـەوەی هەرچییـەک بێـت، هەرگیـز ناتوانیـت وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکان بدەیتـەوە! بـەڵام دەتوانیـت وەڵامـی هەندێکیـان بدەیتـەوە، هیـوادارم ئـەو کتێبـە یارمەتـی وەڵامدانـەوەی زیاتـرت بـدات.

سێیەم، نوێـژ دەکـەم بـۆ ئـەوەی گرنگیـی ئینجیل بـۆ ژیانی کڵێسـا ببینـی، ئینجا پێداگری بکـەی لەسـەر ئـەوەی مزگێنیـی مەسـیح لـە هەمـوو لایەنەکانـی ژیانـی کڵێسـاکەتدا ڕەنـگ بداتــەوە، بــە جۆرێــک کــە ئــەو مزگێنییــە ڕابگەیەنرێــت، بکرێتــە گۆرانــی، نوێــژ و نــزای لەبـارەوە بکرێـت و فێـری کەسـانی دیکـە بکرێـت. پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت دەبێـت دانایـی خـودا بـۆ ئـەم جیهانـە ئاشـکرا بکرێـت. باشـە ئـەوە چـۆن دەبێـت؟ بـە ڕاگەیاندنـی مزگێنیی مەسـیح، کـە پلانـی هەتاهەتایـی خـودا «بـۆ هەمـوان» ڕوون دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی جیهـان ڕزگاری ببێـت (ئەفەسـۆس ٣: ٧-١٢).

چـوارەم، هیـوادارم ئـەم کتێبـە یارمەتیـت بـدات بـۆ فراوانکردنـی سـنوری مزگێنـی لـە نـاخ و هزرتـدا. مزگێنیـی مەسـیح پەیامێکـی مەزنـە و بـە ڕاسـتییەکی قووڵـەوە شـێوازی بیرکردنـەوەی جیهـان دەگۆڕێـت. بـە داخـەوە هەمیشـە لەنێـو مەسـیحیەکاندا تەنانـەت مەسـیحییە ئینجیلیەکانیشـدا ئارەزوویـک هەیـە بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەو سـنوورە بـۆ ئـەوەی مزگێنیـی مەسـیح زیاتـر قبـوڵ بکرێـت لـە جیهانـدا. لەبـەر ئـەوە نوێـژ دەکـەم بـۆ ئـەوەی ئـەم بەرهەمـە پارێـزگاری بـکات لـەو سـنوورە، وە ڕێگـر بێـت لـە کاڵبوونـەوەی ئـەو ڕاسـتییانەی کـە ناکرێـت لەدەسـت بدرێـن بـۆ بڵاوکردنـەوەی هەواڵـی خۆشـی عیسـا، تەنانـەت ئەگـەر زەحمەتیـش بێـت جیهـان بەرگـەی بگرێـت. هەموومـان دەبـێ بـە دانایـی شـایەتی بدەیـن و بـە شـێوازێکی سـەرنجڕاکێش مزگێنـی بدەیـن. ئەمـە لـە هەندێـک لایەنـەوە کارێکـی باشـە، وە لـە کۆتاییـدا ئـەوە "هەواڵـی خۆشـە"، بـەڵام دەبێـت ئـاگادار بیـن کـە خاڵـە یەکلاکەرەوەکانـی پشـتگوێ نەخەیـن. پێویسـتە پارێـزگاری لـەو سـنوورە بکەیـن. هیـوادارم ئـەم کتێبـە لـە پاراسـتنی ئـەو خاڵانـەدا هاوکارمـان بێـت.

لـە کۆتاییـدا، ئەگـەر بـاوەڕت بـە مەسـیح نییـە، نوێـژ دەکـەم کـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە پاڵنـەرت بێـت بـۆ بیرکردنـەوەی قـووڵ لـە هەواڵـی خۆشـی عیسـای مەسـیح. ئەمـە ئـەو پەیامەیـە کـە ئێمـەی مەسـیحی بـە هەمـوو ژیانمـان گرەومـان لەسـەری کـردووە، وە ئـەو پەیامەیـە کـە باوەڕمـان وایـە پێویسـتی بـە وەڵامدانـەوە هەیـە لەلایـەن تۆشـەوە. ئـەوەی کـە لـەم جیهانـەدا هەیـە و ناتوانرێـت پشـتگوێ بخرێـت، دەنگـی خودایـە کـە دەڵێـت: «هەواڵـی خۆشـمان پێیـە! بـەم شـێوەیە دەتوانیـت لـە حوکمیـی مـن ڕزگارت بێـت!“ ئەمـە ئـەو جـۆرە بانگەوازەیـە کـە دەبێـت سـەرنجی بدەیـن.

# بەشی یەکەم

## دۆزینەوەی مزگێنیی مەسیح لەنێو کتێبی پیرۆزدا

ئایا دەزانی سیستەمەکانی ڕێنیشاندەری و دیاریکردنی شوێن (GPS) دەبێتە هۆی ئاژاوەی زۆر لە زۆرێک لە شارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان؟ بە تایبەت لە شارە بچووکەکاندا. ئەوانەی لە شارە گەورەکاندا دەژین، ئامرازە بچوکەکان وەک ڕزگارکارێک دادەنرێت بۆیان. ئەوەندە بەسە کە بەرنامەکە بکەیتەوە و ئەو ناونیشانە بنوسیت کە دەتەوێت و بە ئاسانی دەیگەیتێ، لە ئێستا بەدواوە لە هیچ دەرچونێک هەڵە ناکەی، لە پێچە هەڵەکان ناسورێیتەوە، تۆ و ئوتومۆبیلەکەت و ئامێری دیاریکردنی شوێن بەسە بۆ گەیشتن بەو شوێنەی کە دەتەوێت.

زۆر نییە کە یەکەم ئامێری دیاریکردنی شوێنم بەدەستکەوت، کە لە داخی ئەو ئەندازیارە کرێم کە سیستەمی ڕێگەوبانی واشنتنی هێندە ئاڵۆز دروست کردووە. بەڵام تاقیکردنەوەی یەکەمم بۆ ئامێرەکە لە واشنتن نەبوو، بەڵکو لە (لیندن)ی ویلایەتی (تەکساس) بوو، کە شارۆچکەیەکی دوورەدەست و بچوکە و لە لادێ دەچێ. من لەوێ لەدایک بووم.

بینیم کە ئامێرەکە هیچ کێشەیەکی لە دیاریکرانی شوێنەکانی واشنتندا نییە. بەڵام ئەوە سەیر بوو کە کیشەم هەبوو لە لیندن؛ ئەو ڕێگایانەی کە ئامێرەکە دڵنیا بوو هەیە لە ڕاستیدا نەبوون. ئەوەی کە ئەو مکوڕ بوو لەسەر هەبوونی، لەڕاستیدا نەبوو. هەروەها ئەو ناونیشانانەی دڵنیابوم لە شوێنەکەی، بە سەدان مەتر دوورتر بوو یان هەر نەبوو.

دیارە کێشەی نەزانینی سیستەمی دیاریکردنی شوێن لە شارە بچوکەکاندا لە زیادبووندایە. تەلەفزیۆنی (ئەی. بی. سی ABC) هەواڵی چیرۆکی ڕێگاکانی گەڕەکێکی بڵاو کردەوە کە شەقامەکانی ببووە سەنتەری بازرگانی بەهۆی ئاراستەکردنی هاتوچۆ لەلایەن ئامێری دیاریکردنی شوێنەوە، لەبری ئۆتۆبان و شارێگەکان. هەروەها کێشەی دیکەش هەیە؛ گەنجێکی داماو لە ویلایەتی (کالیفۆڕنیا) مکوڕ بوو لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی ئامێری دیاریکردنی شوێن. کاتێک بۆ لای ڕاست سوڕایەوە،

چـووە دەرەوەی شـار و خـۆی لەسـەر ڕێـگای شـەمەندەفەردا بینییـەوە و گلۆپـی پێشـەوەی شـەمەندەفەرەکەی بینـی کـە بـەرەو ڕووی دێـت! بـاش بـوو کـە ئـەو کـوڕە لـەو ڕووداوە ڕزگاری بـوو، بـەڵام ئوتۆمبیلەکـە کـە بـە کرێـی گرتبـوو و ئامێرەکـەش ڕزگار نەبـوون.

یەکێـک لـە نوێنەرەکانـی (کۆمەڵـەی ئۆتۆمبیلـە ئەمریکییـەکان) هاوسـۆزی خـۆی نیشـان دا و گوتـی: «ڕوونـە کـە ئامێرەکـە شـەرمەزارکەرە؛ نەدەبـوا پێـی بڵـێ بـەلای ڕاسـتدا بسـوڕێوە. بـەڵام کاتێـک ئامێرێـک شـتێکی ترسـناکت پـێ دەڵێـت، نابێـت بـە قسـەی بکەیـت». وایـە، بێگومـان!

باشـە، کێشـەکە چییـە؟ دروسـتکەرانی ئامێـری دیاریکردنـی شـوێن دەڵێـن کـە کێشـە لـە خـودی ئامێرەکـەدا نییـە، بەڵکـو ئـەو کارە دەکات کـە دەبێـت بیـکات. کێشـەکە لـەو نەخشـانەدایە کـە دەخرێنـە نێـو ئـەو ئامێرانـەوە. دەرکـەوت لـە شـارۆچکە بچوکەکانـدا ئـەو نەخشـانەی خراونەتـە سـەر ئـەو ئامێرانـە زۆر کۆنـن و دەگەڕێنـەوە بـۆ چەنـد ساڵێک لەمەوپێـش، تەنانـەت چەنـد دەیەیـەک لەمەوپێـش. زۆر کات نەخشـەکان لـە نەخشـەی پلاندانـی شـار باشـتر نیـن – ئـەوەی کـە پلاندارانی شـار لـە داهاتوودا بـۆ شـارەکان ئەنجامی دەدەن. ئەنجامەکـەی چییـە؟ هەندێـک جـار ناونیشـانی نـوسراو لەسـەر نەخشـەی پلاندانان دەکەوێتـە شـوێنێکی دیکـە کاتێـک بـە کـردار شـارەکە دروسـت دەکرێـت. هەندێـک جـار ئـەو شـەقامانە دروسـت ناکرێـت کـە پلاندەرانـی شـارەکە ویسـتویانە بیکـەن. هەندێـک جـار ناگونجێـت بـە شـەقام نـاو ببرێـت، بەڵکـو دەبێتـە بەشـێک لـە ڕێـگای ئاسـنین!

لـە دنیـای ئامێـری دیاریکردنـی شـوێندا، هەروەکـو ژیـان، گرنگـە زانیـاری لـە سـەرچاوەی باوەڕپێکـراوەوە بەدەسـت بهێنین!

## چی سەرچاوەی دەسەڵاتی ئێمەیە؟

هەمـان شـت بەسـەر پرسـیاری مزگێنیـی مەسـیح چییـەدا جێبەجـێ دەبێـت. لە سـەرەتادا پێویسـتە هەندێـک بڕیـار بدەیـن دەربـارەی سـەرچاوەی ئـەو زانیارییانـەی کـە بـەکاری دەهێنیـن بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکە. بـۆ بـاوەڕدارە ئینجیلیـەکان، وەڵامەکـەی ئاسـانە: وەڵامەکـەی لـە کتێبـی پیـرۆز دەدۆزینـەوە.

ئـەوە ڕاسـتە، بـەڵام پێویسـتە پێشـوەخت ئـەوە بزانیـن کـە هەمـوان بـە تـەواوی

لەسـەر ئـەو وەڵامـە کـۆک نیـن. لقـە هەمەچەشـنەکانی مەسـیحییەت چەندیـن وەڵامـی جیاوازیـان لـەو بـارەوە پێشـکەش کـردووە. بـۆ نمونـە، هەندێـک دەڵێـن کـە بـۆ ئـەوەی لـە مزگێنیـی مەسـیح تێبگەیـن، نابێـت تەنهـا پشـت بـە کتێبـی پیـرۆز ببەسـتین، بەڵکـو پشـت بـە دابونەریتیـش ببەسـتین. دەڵێـن کاتێـک کڵێسـا بـۆ ماوەیەکـی دورودرێـژ بـاوەڕی بـە شـتێک هەبـوو، دەبێـت بزانیـن کـە ئـەوە ڕاسـتییە. وە هەندێـک کەسـی دیکـە دەڵێـن ئێمـە بـە بەکارهێنانـی مەنتـق و لۆژیـک ڕاسـتییەکان دەزانیـن. پێویسـتە زانیاریـمان لـە بنەڕەتـەوە بنیـاد بنێینـەوە؛ ئەلـف بـەرەو بێـمان دەبـات، بـێ بـەرەو پێـمان دەبـات، پـێ بـەرەو دێـمان دەبـات؛ بـەو شـێوەیە بـە جوانـی لـە خۆمـان و جیهـان و خـودا تێدەگەیـن. وە هەندێکـی دیکـە دەڵێـن پێویسـتە لـە ئەزموونـی تایبەتیـی خۆمانـدا بـەدوای ڕاسـتیی مزگێنیـی مەسـیحدا بگەڕێنـن. ئـەوەی کـە زۆرتریـن جـار لـە دڵمانـدا دەنـگ دەداتـەوە، لـە کۆتاییـدا ئەوەمـان لەبـارەی خۆمـان و خـوداوە پـێ ڕاسـت و دروسـتە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەگـەر بـە باشـی بیـری لـێ بکەیتـەوە، دەبینیـت کـە هـەر یـەک لـەو سـێ سـەرچاوەی دەسـەڵاتە لـە کۆتاییـدا ئـەو بەڵێنـەی پـێ جێبەجـێ نابێـت کـە داویەتـی. داب و نەریـت وا دەکات تەنهـا پشـت بـە بیـروڕای مرۆڤانـە ببەسـتین. وە مەنتـق و لۆژیـک وامـان لێـدەکات تێکـەڵاوی گومـان بیـن. وە ئەزموونـی تایبەتیـمان وا دەکات پشـت بـە دڵـە ڕاڕاکەمـان ببەسـتین بـۆ ئـەوەی بڕیـار بدەیـن چـی ڕاسـتە.

کەواتـە ئێسـتا چـی بکەیـن؟ لـە کـوێ ڕاسـتیی بدۆزینـەوە؟ ئینجـا هەواڵـی خۆشـیی عیسـای مەسـیح چییـە؟ ئێمـەی بـاوەڕداران، باوەڕمـان هەیـە بـەوەی کـە خـودا بە وشـەکەی لـە کتێبـی پیـرۆز قسـەی لەگـەڵ کردیـن. جگـە لـەوە، باوەڕمـان وایـە کـە ئـەوەی خـودا لـە کتێبـی پیـرۆزدا گوتوویەتـی ڕاسـتە و هەڵـەی تێـدا نییـە لەبـەر ئـەوەی وشـەکەی نامانخاتـە نێـو گومـان و بێهیوایـی و دڵنیایـی نەبـوون، بەڵکـو بـۆ متمانـە پەلکێشـمان دەکات. پۆڵسـی نێـردراو لـە (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١٦) دەڵێـت: «هەمـوو نـووسراوە پیـرۆزەکان لـە سروشـی خـودان، سوودبەخشـن بـۆ فێرکـردن...» هەروەهـا پاشـا داود نوسـیویەتی:

”ڕێبازی خودا تەواوە،
بەڵێنی یەزدان بێگەردە،
ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.» (زەبووری ١٨: ٣٠)

کەواتە لە وشەی خودا دەگەڕێین بۆ ئەوەی ئەوە بدۆزینەوە کە خودا دەربارەی عیسای کوڕی و هەواڵی خۆشی مەسیحەوە پێمان دەڵێت.

## کوێی کتێبی پیرۆز بگەڕێین؟

بەڵام کوێی کتێبی پیرۆز بگەڕێین بۆ ئەوەی ئەمە بدۆزینەوە؟ وا بزانم چەند ڕێگایەکی جیاواز هەیە دەتوانین بیگرینە بەر. بۆ نمونە، دەتوانین بڕوانینە هەموو ئەو شوێنانەی کە وشەی مزگێنی تێدا هاتووە لە پەیمانی نوێدا، ئینجا هەوڵ دەدەین بگەینە دەرەنجامێکی دیاریکراو لەبارەی مەبەستی کتێبەکە لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە. بە دڵنیاییەوە لە هەندێک شوێندا نووسەر بە ورياييەوە قسە لەسەر ئەو دەستەواژەیە دەکات.

بەم شێوەیە دەتوانین شتی گرنگ فێر بین، بەڵام کەموکورتیشی هەیە. بۆ نمونە، لە زۆر بارودۆخدا نووسەری پەیمانی نوێ بە ڕوونی دەیەوێت پوختەیەکی کورت لەبارەی هەواڵی خۆشەوە پێشکەش بکات، بەڵام هەرگیز وشەی مزگێنی بەکارناهێنێت. با سەرنجی وتاری پەترۆسی نێردراو لە ڕۆژی پەنجایەمین لە (کرداری نێردراوان، بەشی دووەم) بدەین. ڕەنگە بانگەوازی لەوە ڕوونتر دەربارەی هەواڵی خۆش لە مەسیحیەتدا نەبێت. بەڵام پەترۆسی نێردراو هەرگیز باسی وشەی مزگێنی نەکرد. نمونەیەکی دیکەش هەیە ئەویش یۆحەنای نێردراوە، کە تەنها یەک جار وشەی مزگێنی لە نوسینەکانی لە پەیمانی نوێدا بەکاردەهێنێ (ئاشکراکردن ١٤: ٦)!

با ئێستا کار لەسەر شێوازی بنەڕەتیی مزگێنیی مەسیح بکەین، بەڵام نەک بە لێکۆڵینەوە لە کتێبی پیرۆز، بەڵکو بەوەی بڕوانینە ئەوەی کە مەسیحییە یەکەمینەکان دەربارەی عیسا گرنگی ژیان و مردن و هەستانەوەی گوتوویانە. ئەگەر بڕوانینە نوسینەکانی نێردراوان و وتارەکان لە کتێبی پیرۆزدا، دەبینین هەندێک جار زۆر بە کورتی و هەندێک جاریش بە وردەکاری زیاترەوە، ئەوەی کە لە عیساوە لەبارەی هەواڵی خۆشەوە گوێیان لێ بووە، ڕوون دەکەنەوە. ڕەنگە بتوانین چەند پرسیارێکی بەربڵاو هەڵبژێرین، وە چەند لایەنێکی هاوبەش لەسەر ئەو ڕاستیيانەی کە نێردراو و باوەڕدارانی سەرەتایی لەسەر هەواڵی خۆش دایانڕشتووە.

## مزگێنیی مەسیح لە (ڕۆما ١ – ٤)

یەکێـک لـە باشـترین ئـەو شـوێنانەی کـە بتوانیـن بـەدوای ڕوونکردنـەوەی بنەڕەتیـی مزگێنیـی مەسـیحدا بگەڕێیـن، بریتییـە لـە نامـەی پۆڵسـی نێـردراو بـۆ خەڵکـی ڕۆمـا. وا بزانـم نامـەی ڕۆمـا لـە هـەر سـیپارەیەکی دیکـەی کتێبـی پیـرۆز ڕوونـترە، کـە بـە ڕوونـی و بـەوردی باسـی تێگەیشـتنی پۆڵسـی نێـردراو سـەبارەت بـە هەواڵـی خـۆش دەکات.

لـە ڕاسـتیدا، نامـەی ڕۆمـا بـە سـیپارە دانانرێـت، لانـی کـەم بـە گوێـرەی پێناسـە و تێگەیشـتمان لـە سـیپارە، بەڵکـو نامەیەکـە؛ ڕێگەیەکـە پۆڵـس خـۆی و پەیامەکـەی پێشکەشـی کۆمەڵێـک بـاوەڕدار دەکات کـە پێشـتر نەیبینیبـوون. لەبـەر ئـەوە هەسـت دەکـەی نامەیەکـی ڕێکخـراو و کورتـە. پۆڵـس ویسـتوویەتی ئـەو باوەڕدارانـە خـۆی و خزمەتەکـەی لـە نامەکەیـدا بناسـن. ویسـتوویەتی ئـەوە بزانـن کـە ئـەو هەواڵـە خۆشـەی کـە باسـی دەکـرد هـەر ئـەو هەواڵـە خۆشـەیە کـە باوەڕیـان پێـی هەیـە.

”شـەرمم بـە پەیامـی ئینجیـل نییـە، لەبـەر ئـەوەی هێـزی خودایـە بـۆ ڕزگاربوونـی هەمـوو ئەوانـەی بـاوەڕ دەهێنـن، یەکـەم جـار بـۆ جولەکـە ئینجـا بـۆ ناجولەکـە.» (ڕۆمـا ١: ١٦). لێـرەوە، بـە تایبەتـی لـە چـوار بەشـی یەکەمـدا، بـە وردەکارییەکـی زۆرەوە پۆڵسـی نێـردراو هەواڵـی خۆشـی عیسـا شـی دەکاتـەوە. کاتێـک ئـەو بەشـانە دەپشـکنین، دەبینیـن پۆڵـس پێشکەشـکردنی مزگێنیـی مەسـیح لەسـەر هەندێـک ڕاسـتیی گرنـگ بنیـاد نـاوە. ڕاستییەک کـە چەندیـن جـار لـە وتـاری نێـردراوەکان لـە بـارەی ئینجیلـەوە دەردەکەوێتەوە. بـا چاوێـک بـە گەشـەکردنی بیـری پۆڵسـی نێـرداو لـە (ڕۆمـا ١ - ٤) بخشـێنینەوە.

یەکـەم، پۆڵـس بـە خوێنەرەکانـی ڕادەگەیەنێـت کـە ئـەوان لەبـەردەم خـودا بەرپرسـیارن بەرامبـەر کار و کردەوەکانیـان. پـاش ناسـاندنەکەی لـە (ڕۆمـا ١: ١- ٧)، بـەم شـێوەیە دەسـت دەکات بـە پێشکەشـکردنی مزگێنیـی مەسـیح: «لـە ئاسـمانەوە تووڕەیـی خـودا... دەردەکەوێـت» (ئایەتـی ١٨). پۆڵسـی نێـردراو بـە وشـەکانی سـەرەتای پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە مرۆڤایەتـی سـەربەخۆ نییـە. ئێمـە خۆمـان دروسـت نەکـردووە، وە ناتوانیـن پشـت بـە خۆمـان ببەسـتین. خـودا ئـەم جیهانـە و هەمـوو ئەوانـەی تێیدایـە دروسـتی کـردووە، لەنێویشـیاندا ئێمـەش. وە لەبـەر ئـەوەی خـودا دروسـتی کردوویـن، کەواتـە ئـەو مافـی ئـەوەی هەیـە داوامـان لـێ بـکات بیپەرستین. بڕوانـە پۆڵسـی نێـردراو

لـە ئایەتـی (٢١) چـی دەڵێـت: «لەگـەڵ ئـەوەی کـە خودایـان ناسـی، بـەڵام وەک خـودا ستایشـیان نەکـرد و سوپاسـیان نەکـرد، بەڵکـو لـە بیرکردنەوەیـان پووچـەڵ بـوون و دڵـە گێلەکانیـان تاریـک بـوو.»

بـەو شـێوەیە پۆڵـس ڕەگـەزی مرۆڤایەتـی تاوانبـار دەکات کـە هەڵەیـان کـردووە بـەوەی کـە ڕێـزی خودایـان نەگرتـووە و سوپاسـیان نەکـردووە. وە پێویسـتە لەسـەرمان، ئێمـەی دروسـتکراو کـە موڵکـی خودایـن، کـە ڕێـز و شـکۆمەندی پێشکەشـی ئـەو بکەیـن کـە شـایەنیەتی. وە بـە ڕێگایـەک بژیـن و بدوێیـن و هەڵسـوکەوت بکەیـن و بیربکەینـەوە کـە دان بنێیـن بـە دەسـەڵاتی ئـەو لەسـەرمان. ئـەو دروسـتی کردوووویـن و ئێمـەش موڵکـی ئەویـن، پشـتی پـێ دەبەسـتین، لەبـەر ئـەوە لـە شـوێنی لێپرسـینەوە لـە بەردەمـی ڕادەوەسـتین. ئـەوە خاڵـی یەکەمـە کـە پۆڵـس هەوڵـی دارشـتنی دەدات کاتێـک هەواڵـی خـۆش لـە مەسـیحییەتدا شرۆڤـە دەکات.

دووەم، پۆڵـس بـە خوێنەرەکانـی ڕادەگەیەنێـت کـە کێشـەی ئـەوان ئەوەیـە کـە دژی خودا یاخـی بـوون. ئـەوان، واتـە هەموومـان بـە گوێـرەی پێویسـت ڕێزمـان لـە خـودا نەگرتـووە و سوپاسـمان نەکـردووە. دڵـە گەمژەکەیـان تاریـک بـوو، ”شـکۆی خـودای نەمریـان گۆڕییـەوە بـە شـێوەی پەیکـەری مرۆڤـی لەناوچـوو و باڵنـدە و چوارپـێ و خشـۆک» (ئایەتـی ٢٣). بـە ڕاسـتی وێنەیەکـی قێزەونـە، مەگـەر نـە؟ کاتێـک مـرۆڤ تەماشـای دروسـتکەرەکەی دەکات و ئینجـا بڕیـار دەدات کـە دانانـی وێنەیەکـی تەختـە یـان کانزایـی بـۆ بۆقێـک یـان باڵندەیـەک یانیـش تەنانـەت وێنـەی خـۆی زیاتـر نـرخ و بەهـای هەیـە، ئـەوە ئەوپـەڕی بێڕێـزی و هەڵگەڕانەوەیـە لـە خـودا. ئـەوە ڕەگ و کرۆکـی گوناهـە، وە ئەنجامەکـەی زۆر ترسـناکە.

پۆڵسـی نێـردراو لـە سـێ بەشـی داهاتـوو زۆر جەخـت لەسـەر ئـەو خاڵـە دەکاتـەوە و دەڵێـت کـە هەمـوو ڕەگـەزی مرۆڤایەتـی تاوانبـار دەکات کـە هەڵەیـان بەرامبـەر خـودا کـردووە. لـە بەشـی یەکـەم زیاتـر جەختـی لەسـەر ناجولەکـەکان کردووەتـەوە، لـە بەشـی دووەمـدا بـە هەمـان شـێوە وتەکانـی ئاراسـتەی جولەکـە دەکات. وەکـو ئـەوە وایـە کـە پۆڵـس زانیبێتـی کـە هەندێـک لـە جولەکـە توندڕەوەکان لەسـەر ڕەخنەگرتـن لـە نەتـەوەکان ستایشـی دەکـەن، لەبـەر ئـەوە لـە (ڕۆمـا ٢: ١) ڕوو لـەوان دەکات و پەنجـە ڕادەکێشـێت بـۆ ئەوانـەی ستایشـی ڕەخنەکانیـان دەکـرد، دەڵێـت: «کەواتـە ئـەی مـرۆڤ، هیـچ بیانووێکـت نییـە کـە

حوکمـی کەسـێکی دیکـە دەدەیـت، چونکـە بـەوەی خەڵکـی پـێ حوکـم دەدەیـت، خـۆت تاوانبـار دەکەیـت، لەبـەر ئـەوەی تـۆ کـە حوکـم دەدەیـت، خۆشـت هەمـان شـت دەکەیـت». دەڵێـت جولەکـەش وەکـو نەتەوەکانـی دیکـە بـە تـەواوی لـە فەرمانەکانـی خـودا لایانـداوە و دەچنـە ژێـر حوکمـی سـزای ئـەوەوە. وە پۆڵسـی نێـردراو لـە ناوەڕاسـتی بەشـی سـێیەم هەمـووان تاوانبـار دەکات بـە یاخیبـوون لـە خـودا، «چونکـە ئێمـە جولەکـە و ناجولەکەمـان تۆمەتبـار کـرد کـە هەردووکیـان لەژێـر دەسـەڵاتی گوناهـن» (ئایەتـی ٩). وە هوشـیارانە دەگاتە دەرەنجامـی ئـەوەی کـە هەمـوو دەم و زارەکان دادەخرێـن کاتێـک لەبـەردەم خـودای دادوەر دەوەسـتین. کـەس بەرگـری نـاکات، وە هیـچ بەهانەیـەک نییـە. هەمـوو جیهـان، بـە هەمـوو مرۆڤەکانـەوە، جولەکـە و ناجولەکـە، لـە ژێـر سـزای خـودادا دەبـن (ئایەتـی ١٩).

ئێسـتا، ئـەو دوو خاڵـەی سـەرەتا هەرگیـز بـە هەواڵـی خـۆش دانانرێـت. لـە ڕاسـتیدا ئەوانـە هەواڵـی ناخۆشـن؛ ئـەوەی کـە لـە خـودای پیـرۆز و دادوەر یاخـی بـووم کـە دروسـتی کـردووم، هەواڵێکـی دڵخۆشـکەر نییـە. بـەڵام بابەتێکـی گرنگـە، لەبـەر ئـەوەی ڕێـگا ئامـادە دەکات بـۆ هەواڵـی خـۆش. کاتێـک بیـری لـێ دەکەیتـەوە دەبینـی ڕێـی تـێ دەچێـت و لۆژیکییـە. کاتێـک کەسـێک دێتـە لات و پێـت دەڵێـت کـە «ئـەو هاتـووە بـۆ ئـەوەی ڕزگارت بـکات»، ئـەوە هەواڵـی خـۆش نابێـت هەتـا تـۆ بـاوەڕ بـەوە نەکەیـت کـە بـە ڕاسـتی پێویسـتت بـە ڕزگارکردنـە.

سـێیەم، پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت کـە چارەسـەری گوناهـی مـرۆڤ کـە خـودا پێشکەشـی دەکات مـردن و هەسـتانەوەی عیسـای مەسـیحە. وە پـاش ئـەوەی کـە پۆڵسـی نێـردراو ئـەو کێشـەیەی بـۆ دەرخسـتین کـە ڕووبەڕوومـان دەبێتـەوە بـەو پێیـەی گوناهباریـن لەبـەردەم خـودای ڕاستودروسـت، لێـرەوە دەچێتـە سـەر هەواڵـی خـۆش، مزگێنیـی عیسـای مەسـیح.

پۆڵـس دەڵێـت: «بـەڵام ئێسـتا بەبـێ شـەریعەت بێتاوانکـردن لەلایـەن خـوداوە ئاشـکرا کـرا» (ئایەتـی ٢١). واتـا، ڕێگایـەک هەیـە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بـە بـێ تـاوان دابـنرێ لـە بـەردەم خـودا لـە بـری ئـەوەی بـە تاوانبـار دابـنرێ، بـۆ ئـەوەی لەمـەودوا گوناهبـار نەبـن بەڵکـو بێگونـاە بـن، بـۆ ئـەوەی بێتـاوان بکرێـن لەبـری ئـەوەی حوکـم بدرێـن. وە ئـەوە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە شـێوازی هەڵسوکەوت و ژیانیانـەوە نییـە. ئەمـە لـە دەرەوەی کار و شـەریعەتەوە دەبێـت.

کەواتە ئەوە چۆن ڕوودەدات؟ پۆڵس لە (ڕۆما ٣: ٢٤) ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە. هەرچەندە ئێمە لە خودا یاخی بووین و لە بەردەم بارودۆخێکداین کە لێی بێ هیواین، بەڵام پۆڵس دەڵێت: ”بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان کران، بەو کڕینەوەیەی کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە هەیە“. بە مردنی و هەستانەوەی عیسا، بە خوێن و ژیانی ئەو، دەکرێ گوناهباران لەو سزایە ڕزگاریان بێت کە شایانیانە.

جگە لەوە پرسیارێکی دیکە هەیە کە پۆڵسی نێردراو وەڵامی دەداتەوە. باشە خۆشی ئەو هەواڵە بۆ من چییە؟ چۆن ئەو ڕزگاریە بەڵێندراوە منیش دەگرێتەوە؟

لە کۆتاییدا، پۆڵس بە خوێنەرەکانی ڕادەگەیەنێت کە چۆن ببنە بەشێک لەو ڕزگارییە. هەتا کۆتایی بەشی سێیەم و بەشی چوارەمیش لەسەر ئەوە دەنووسێت. ئەو ڕزگارییەی کە خودا پێشکەشی کردووە بە «باوەڕ بە عیسای مەسیح» دەبێت، وە بەردەستە «بۆ هەموان و هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن» (ڕۆما ٣: ٢٢). کەواتە چۆن ئەو ڕزگارییە بە دیاریکراوی ببێتە هەواڵی خۆش بۆ من، نەک بۆ کەسێکی دیکە؟ چۆن ئەو ڕزگارییە من بگرێتەوە؟ بە باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح. بە متمانە بەوەی کە تەنها ئەو ڕزگارم دەکات. پۆڵس ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: «بەڵام ئەوەی کار ناکات، بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کە خودا گوناهبار بێتاوان دەکات، ئەوا باوەڕەکەی بە ڕاستودروستی بۆ دادەنرێت» (ڕۆما ٤: ٥).

## چوار پرسیاری یەکلاکەرەوە

ئێستا، پاش ڕوانین لە وتەکەی پۆڵس لە (ڕۆما ١: ٤)، دەتوانین بڵێین کە مزگێنیدانەکەی وەڵامی چوار پرسیاری یەکلاکەرەوە دەداتەوە:

١. کێ ئێمەی بەدیهێناوە؟ کێ بەرپرسە لە لێپرسینەوەمان؟
٢. کێشەمان چییە؟ بە دەربڕینێکی دیکە، ئایا ئێمە لە کێشەداین؟ وە بۆچی؟
٣. ئەو چارەسەرە چییە کە خودا پێشکەشی کرد بۆ ئەو کێشەیە؟ وە چی کرد بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات؟
٤. چۆن ڕزگارم دەبێت؟ چی وا دەکات ئەو هەواڵە خۆشە تایبەت بێت بە من، نەک بە کەسێکی دیکە؟

ڕەنگـە بـەم شـێوەیە بتوانیـن ئـەو چـوار خاڵـە سـەرەکییە کـورت بکەینـەوە: خـودا و مـرۆڤ و عیسـا و وەڵامدانـەوە.

پۆڵسـی نێـردراو بـەردەوام دەبێـت لـە دەرخسـتنی دنیایـەک لـەو بەڵێنانـەی کـە خـودا داویەتـی بەوانـەی کـە بەهـۆی مەسـیحەوە ڕزگاریـان دەبێـت، وە زۆرێـک لـەو بەڵێنانـە بـە شـێوەیەکی زۆر گونجـاو دەتوانیـن وەکـو بەشـێک لـە هەواڵـی خۆشـی مەسـیحییەت و مزگێنیـی عیسـای مەسـیحی دابنێیـن. جگـە لـەوە زۆر پێویسـتە لـە سـەرەتاوە تێبگەیـن کـە هەمـوو ئـەو بەڵێنـە مەزنانـە بـۆ ئەوانەیـە کـە گوناهەکانیـان بەخـشراوە بـە باوەڕیـان بـە عیسـای لەخاچدراو و هەسـتاوە لەنێـو مـردووان هێنـاوە. لەبـەر ئـەوە کاتێـک پۆڵـس دەیەوێـت کرۆکـی مزگێنیـی مەسـیح بخاتـە ڕوو، لێـرەوە دەسـت پـێ دەکات - بـەم چـوار ڕاسـتییە گرنگـە.

## مزگێنیی مەسیح لە بەشەکانی دیکەی پەیمانی نوێدا

پۆڵسـی نێـردراو تەنهـا نەبـوو لـە ئەنجامدانـی ئـەوە. کاتێـک نووسـینەکانی نێردراوەکانـی دیکـە لـە پەیمانـی نوێـدا دەخوێنمـەوە، دەبینـم دووبـارە و چەنـد بـارە وەڵامـی ئـەو چـوار پرسـیارە دەدەنـەوە. گرنـگ نییـە چـی دیکـە دەڵێـن، چونکـە ئەمانـە ئـەو کێشـانەن کـە ڕووبـەڕووی مزگێنیـی مەسـیح بوونەتـەوە. بارودۆخـەکان گـۆڕاون، گۆشـە و ڕوانگـەکان گـۆڕاون، وشـە و شـێوازەکان گـۆڕاون، بـەڵام بـاوەڕداره یەکەمینـەکان هەمـوو کات ئـەو چـوار بابەتەیـان گواسـتووەتەوە و زانیویانـە کـە دەبێـت لەبـەردەم خـودا ڕابوەسـتن و بەرپرسـیاریەتی تـاوان و گوناهەکانیـان بگرنـە ئەسـتۆ. هەڵەمـان کـرد بەرامبـەر بـە خـودا و دادگایـی دەکرێیـن. بـەڵام خـودا لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە ڕزگاری کردیـن، وە ئێمـە بـە تۆبەکـردن لـە گونـاه و باوەڕهێنـان بـە عیسـای مەسـیح دەسـت بـەو ڕزگارییـەوە دەگریـن.

## خودا و مرۆڤ و مەسیح و بەدەنگەوەهاتن

بـا چاوێـک بـە چەنـد برگەیەکـی دیکـەی پەیمانـی نوێـدا بخشـێنین کـە بـە کورتـی باسـی مزگێنیـی مەسـیح دەکات. بـۆ نمونـە، بـا تەماشـایەکی وتـە بەناوبانگەکانـی پۆڵسـی نێـردراو بکەیـن لـە (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٥: ١-٥)؛

"ئـەی خوشـک و برایانـم، دەمـەوێ ئـەو مزگێنییەتـان بیربخەمـەوە کـە

پێم ڕاگەیاندن، ئەوەی وەرتانگرت و هەتا ئێستا لەسەری چەسپاون. بەهۆی ئەم مزگێنییەوە ئێوە ڕزگارتان دەبێت، ئەگەر دەستتان بەو پەیامەوە گرت کە پێم ڕاگەیاندن. ئەگینا بێ سوود باوەڕتان هێناوە. ئەوەم پێدان کە یەکەمین و گرنگترینە و منیش وەرمگرتبوو: کە مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان، ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەستایەوە بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان، ئینجا بۆ پەترۆس و دوایی بۆ دوازدە قوتابییەکەی دەرکەوت.“

پێکهاتە سەرەکییەکە دەبینیت؟ لێرەدا بە ئەندازەی (ڕۆما ١-٤) ڕوونکردنەی نەداوە، بەڵام هێشتا هێڵە سەرەکییەکە ڕوونە. ڕەگەزی مرۆڤایەتی لە کێشەدایە، ئێمە لە «گوناهەکانمان»دا نقووم بووین و پێویستە «ڕزگارمان بێت» (لە دادگایی ڕوونی خودا، بە شێوەیەکی ئاشکرا)، بەڵام بەم شێوەیە ڕزگارمان دەبێت: ”عیسا لە پێناوی گوناهەکانمان مرد... نێژرا... هەستایەوە“. ئەوەش هەمووی ”بە دەستگرتن بەو وشەیەی کە مژدەم پێدان“، بە باوەڕی ڕاستی نەک هەڕەمەکی. کەواتە ئەمانە دەبینین: خودا و مرۆڤ و مەسیح و بەدەنگەوەهاتن.

تەنانەت لەو وتارانەش کە لە سیپارەی کرداری نێردراواندا هاتووە، ئەو چوارچێوەی بنەڕەتییەی مزگێنیی مەسیح بە ڕوونی دیارە. کاتێک پەترۆسی نێردراو لە ڕۆژی پەنجایەمیندا بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند کە پێویستە چی بکەن بۆ بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی مردنی عیسا و هەستانەوەی، پێیان دەڵێت: «تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و ڕۆحی پیرۆز بە دیاری وەردەگرن». دیسان دەبینین کە بانگەوازەکەی پەترۆس فراوان نەبوو و ڕونکردنەوەی ئەوتۆی تێدا نییە، وە بڕیاری خودا ڕوون و ئاشکرا بوو، بەڵام هەموو خاڵەکانی تێدایە. کێشەکە ئەمەیە: پێویستت بە خودایە بۆ ئەوەی لە گوناهەکانت خۆشبێت، وە بەهۆی گوناهەکانتەوە حوکمت نەدات. چارەسەر: مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی، ئەو دوو شتەی کە پەترۆس بە دووورودرێژی لە وتارەکانیدا باسی کردووە. بەدەنگەوەهاتن گرنگە: بە لەئاوهەڵکێشان دەیسەلمێنیت کە تۆبەت کردووە و باوەڕت هێناوە.

لـە وتارەکانـی دیکـەی پەترۆسـی نێـردراو لـە (کـرداری نێـردراوان ٣: ١٨-١٩) ئـەو چـوار ڕاسـتییە ڕوونـە.

> ”بـەڵام خـودا ئـەوەی هێنایـە دی کـە پێشـتر لەسـەر زمانـی هەمـوو پێغەمبەرانـەوە ڕایگەیاندبـوو، کـە مەسـیحەکەی خـۆی ئـازار دەچێژێـت. کەواتـە تۆبـە بکـەن و بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـودا تاکـو گوناهەکانتـان بسـڕێنەوە، بـۆ ئـەوەی لـەلای یەزدانـەوە کاتـی حەسـانەوەتان بێـت“.

کێشـەکە: پێویسـتت بەوەیـە گوناهەکانـت بسـڕیتەوە، ئەگینـا خـودا دادگاییـت دەکات. چارەسـەر: عیسـا ئـازار دەچێژێـت. بەدەنگەوەهاتـن: تۆبەکـردن و گەڕانـەوە بـۆ لای خـودا بـە بـاوەڕ.

سەرنجی مزگێنیدانەکەی پەترۆس بدە بۆ کرنیلیۆس و خێزانەکەی:

> ”ئێمـە شـایەتی هەمـوو ئـەو شـتانەین کـە لـە ناوچـەی یەهودیـا و ئۆرشـەلیم کـردی. ئـەوەی بـە هەڵواسـینی بـە دارەوە کوشـتیان، بـەڵام خـودا لـە ڕۆژی سـێیەمدا لەنێـو مردووانـدا هەڵیسـتاندەوە وای کـرد دەربکەوێـت، نـەک بـۆ هەمـوو گـەل، بەڵکـو بـۆ ئـەو شـایەتانەی کـە خـودا پێشـتر هەڵیبـژاردن، بـۆ ئێمـە کـە پـاش هەسـتانەوەی لەنێـو مـردووان، لەگەڵیـدا خواردمـان و خواردمانـەوە. ئینجـا فەرمانـی پێدایـن جاڕبدەیـن بـۆ گـەل و شـایەتی بدەیـن کـە خـودا ئـەوی بـە دادوەری زینـدووان و مـردووان دانـاوە. هەمـوو پێغەمبـەران شـایەتیی بـۆ دەدەن کـە هەرکەسـێک بـاوەڕی پـێ بهێنێـت، بـە نـاوی ئـەو گوناهەکانـی دەبەخشرێـت“ (کـرداری نێـردراوان ١٠: ٣٩-٤٣).

لێخۆشـبونی گوناهـەکان. لـە ڕێگـەی نـاوی ئـەو کەسـەی کـە لـە خاچـدرا و هەسـتایەوە. بـۆ هەمـوو ئەوانـەی بـاوەڕ دەهێنـن.

پۆڵسی نێردراو لە (کرداری نێردراوان ١٣) باسی هەمان مزگێنیی مەسیح دەکات:

> ”بۆیـە برایـان، بـا لەلاتـان زانـراو بێـت کـە لـە ڕێگەی عیسـاوە بەخشـینی

گوناه بە ئێوە ڕاگەیەنرا. بە باوەڕهێنان بە ئەو بێتاوان دەکرێن لە هەموو ئەو شتانەی نەتانتوانی بە تەوراتی موسا لێی بێتاوان بکرێن" (کرداری نێردراوان ١٣: ٣٨-٣٩).

جارێکی دیکە، ئەو چوارچێوەیەی کە بە ڕوونی دەتوانی درکی پێ بکەیت بریتییە لە خودا و مرۆڤ و عیسا و بەدەنگەوەهاتن. پێویستت بە خودایە بۆ ئەوەی «لێخۆشبوون لە گوناهەکانت» بۆ دەستەبەر بکات، ئەوەش لە ڕێگای «عیسا»، ئەوە ڕوودەدات بۆ هەر کەسێک «باوەڕ بهێنێت».

## شیکردنەوەی ڕاستییە بنەڕەتییەکان بە ڕێگای جیاواز

ڕوونە کە پێکهاتەی خودا – مرۆڤ – مەسیح - بەدەنگەوەهاتن هاوکێشەیەکی ناچاری نییە. نێردراوان کە مزگێنیی مەسیح ڕادەگەیەنن لە تەنیشت هەموو خاڵێکەوە هێمایەکی ڕاست دانانێن، وەکو ئەوەی کارێکی گرنگیان تەواو کردبێت. بەپێی بارودۆخ و درێژیی وتار و ئەوەی کە مزگێنی پێ دەدرێت، ئەو چوار خاڵە بە کورتی یان درێژی باس دەکەن. وە هەندێک جار باسی یەک یان دووان لەو خاڵانە ناکەن، بە تایبەت ئەو خاڵەی کە جەخت دەکاتەوە لە لێپرسینەوەمان لە بەردەم خودا و پێویستمان بە دیاریی لێخۆشبوونە. بەڵام پێشوەخت ئەو ڕاستییە بە قووڵی لە هزری ئەو جولەکانەدا چەقیوە کە زۆر جار نێردراوان مزگێنییان پێ دەدان.

وە لە لایەکی دیکەوە، کاتێک پۆڵس لە ئاریۆپاگۆس لەگەڵ کۆمەڵێک فەیلەسوف قسە دەکات، لە سەرەتاوە بە خودی خودا دەستپێدەکات. زۆر جار باسی وتاری پۆڵس لە (کرداری نێردراوان ١٧) دەکرێت بەوەی کە نموونەیەکی جوانی مزگێنیدانە بۆ کەلتووری بتپەرستی. بەڵام شتێکی سەرنجڕاکێش و نائاسایی لەو وتارەدا هەیە. ئەگەر بە جوانی سەرنجی بدەی، درک بەوە دەکەی کە پۆڵسی نێردراو لێرەدا هەواڵی خۆشی عیسا ڕاناگەیەنێت، بەڵکو تەنها هەواڵی ناخۆش ڕادەگەیەنێت!

پۆڵس پێیان دەڵێت: "ئەو خودایەتان بۆ ڕادەگەیەنم کە دەیپەرستن و نایناسن» (کرداری نێردراوان ١٧: ٢٣). لە ئایەتەکانی ٢٤-٢٨ بۆیان شی دەکاتەوە کە خودایەک هەیە جیهانی بەدیهێناوە، وە ئەو بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی بیپەرستین. ئینجا لە

ئایەتـی ٢٩ دەچێتـە سـەر بابەتـی گونـاە و ڕەگ و ڕیشـەی کـە لـە پەرسـتنی بـت لەبـری پەرستنی خـودا سـەرهەڵدەدات، وە ڕوونـی دەکاتـەوە کـە خـودا گوێگرەکانی حوکـم دەدات «لـە ڕێگـەی ئـەو پیـاوەی کـە دەستنیشـانی کـردووە، بـە دادپـەروەری جیهـان حوکـم بدات. بەڵگەشـی بـە هەمـووان داوە کـە لەنێـو مـردووان هەڵیسـتاندەوە» (ئایەتـی ٣١).

پـاش ئـەوە ڕادەوەسـتێت! بـاش سـەرنج لـە وشـەکانی بـدە. هیـچ باسـێکی لێخۆشـبون نەکـراوە، نـە خاچیـش، هەروەهـا هیـچ بەڵێنێـک نییـە بـۆ ڕزگاری، بەڵکـو تەنهـا ڕاگەیاندنـی داواکارییەکانـی خـودا و ڕاگەیاندنـی هەسـتانەوە وەک بەڵگەیـەک بـۆ حوکمدانـی داهاتـوو! پۆڵـس تەنانـەت نـاوی عیساشـی نەهێنـاوە!

کەواتـە لێـرە چـی ڕوودەدات؟ ئایـا پۆڵسـی نێـردراو لێـرەدا مزگێنیـی نـەداوە؟ کەواتـە ئـەوە کارێکـی بـاش نییـە. نـە مزگێنـی، نـە هەواڵـی خـۆش لـە وتارەکەیـدا نییـە؛ هەمـوو ئـەوەی ئـەم نێـردراوە ڕایدەگەیەنێـت هەواڵـی خراپـە. بـەڵام بڕوانـە ئایەتـی ٣٢-٣٤، کـە بـاس لـەوە دەکات کـە کەسـەکان ویسـتویانە جارێکـی دیکـە گـوێ لـە پۆڵـس بگرنـەوە، وە لـە کۆتاییـدا هەندێکیـان باوەڕیـان هێنـاوە. وا دیـارە دواتـر پۆڵسـی نێـردراو بـە ئاشـکرا یـان نهێنـی مـژدەی پێـداون – ئـەوەی کـە گوناهبـاران دەتوانـن لـە حوکمـی داهاتـوو ڕزگاریـان ببێـت.

پۆڵـس وەکـو نێردراوەکانـی دیکـە، دەیتوانـی بـە تـەواوی ڕاسـتییە بەهادارەکانـی مزگێنیـی مەسـیح بـە ڕێـگای جیـاواز پێشـکەش بـکات. بـەڵام گرنگـە تێبگەیـن لـەوەی کـە هەندێـک ڕاسـتیی بەهـادار لـە ئینجیلـدا هەیـە، کـە توانیومانـە لـە وتـار و نامەکانـەوە بە باشـی بیزانین کـە پارێـزراون. لـە نامەکانـی ڕۆمـا و یەکـەم کۆرنسـۆس؛ وە لـەو وتارانـەی تۆمـار کـراون لـە سـیپارەی کـرداری نێـردراوان و لـە هەمـوو پەیمانـی نوێـدا، مەسـیحییە سـەرەتاییەکان بڵاوکردنـەوەی هەواڵـی خۆشـیان لەسـەر هەندێـک ڕاسـتیی گرنـگ بنیـاد نـاوە.

لـە سـەرەتادا، هەواڵـی ناخـۆش: خـودا دادوەری تۆیـە، وە تـۆ گوناهـت بەرامبـەری کـردووە. ئینجـا مزگێنیـی مەسـیح: عیسـا مـرد بـۆ ئـەوەی گوناهـی گوناهبـاران ببەخشرێـت، ئەگـەر تۆبـە بکـەن و بـاوەڕی پـێ بهێنـن.

# بەشی دووەم

## خودا، بەدیهێنەری ڕاستودروست

با خوداوەندتان پێ بناسێنم (تێبینی بکە نەمگوت خودا).

ڕەنگە پێش چوونە نێو بابەتەکە، پێویست بکات دەنگت نزم بکەیتەوە. ڕەنگە ئیستا خەوتبێت. ئەو پیرە، هەروەک دەزانیت ڕەنگە زۆر لە جیهانی نوێ تێنەگات یان حەزی لێ نەبێت. چەرخی زێڕینیی ئەو سەردەمێکی زۆر لەمەوپێش بوو، تەنانەت پێش لەدایکبوونی زۆرینەمان. لەو کاتەدا خەڵکی بەلایانەوە گرنگ بوو کە ئەو چۆن بیر دەکاتەوە، وە ئەویان بە بەشێکی گرنگ لە لە ژیانیان دەزانی.

بێگومان، هەموو ئەوانە ئێستا گۆڕاون، وە خوداوەندی داماو بە باشی خۆی نەگونجاندووە. ژیان بەردەوامە و ئەوی تێپەڕاندووە. ئیستاش، زۆربەی کاتەکانی لە باخچەکەی ماڵەوەیاندا بەسەر دەبات. هەندێک جار دەچم بۆ بینینی، وە لەوێ یەکتر دەبینین و لەنێو گوڵە باخەکاندا بە هێواشی و لەسەرخۆ پیاسە دەکەین و قسە دەکەین.

بە هەر حاڵ، وا دیارە زۆرێک لە خەڵکی هەتا ئێستا سەرسامن پێی، یان بەلای کەمەوە بە ڕادەیەکی زۆر ڕێژەی دەنگەکانی بپارێزێت. سەرسام دەبێت لە ژمارەی ئەو خەڵکانەی بەردەوام و زۆربەی کات سەردانی دەکەن و داوای هاوکاری لێ دەکەن؛ ئەو بەلایەوە ئاساییە و حەز دەکات یارمەتییان بدات.

خۆشبەختانە هەموو ئەو کێشانەی کە هەندێک جار لەبارەیەوە لە سیپارە کۆنەکان دەیخوێنینەوە - وەک ئەوەی وا دەکات زەوی خەڵک قوت بدات، ئاسمان ئاگر بەسەر شارەکاندا ببارێنێت، شتی لەم جۆرە - وا دیارە بە تێپەڕینی زەمەن نەماون. وە ئێستا ئەو تەنها هاوڕێیەکی باشە کە داواکاری زۆری نییە و بە ئاسانی قسەی لەگەڵ دەکرێت، بە تایبەتی زۆر بە کەمی وەڵام دەداتەوە، وە کاتێک وەڵام دەداتەوە، بە هەندێک نیشانەی نامۆ ڕازیبوونی خۆی دەردەبڕێت بۆ ئەو کارەی کە دەمەوێت بیکەم، تەنانەت ئەگەر کارەکە بەلای ئەوەوە باش نەبێت. ئەوە باشترین هاوڕێیە، مەگەر نا؟

لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا دەزانیت باشترین شتی ئەو چییە؟ ئەو حوکمم نادات. وە بە هیچ جۆرێک بۆ هیچ شتێک تاوانبارم ناکات. بە دڵنیاییەوە من لە ناخمدا دەزانم ئەو هیواخوازە باشتر بم، کە کەمتر ئیرەییم هەبێت و خۆشەویستی زیاتر دەرببڕم، شتی لەو شێوەیە، بەڵام ئەوە واقعبینە. ئەو دەزانێت کە من مرۆڤم وە هیچ مرۆڤێک کامڵ و تەواو نییە. وە من بە تەواوی دڵنیام کە ئەو لەوە تێدەگات. جگە لەوەش لێخۆشبون لە خەڵک ئیشی خۆیەتی؛ کارەکەی بەجوانی دەکات. لە کۆتاییدا خودا خۆشەویستییە، ئەی وا نییە؟ وە من پێم باشە بیر لە خۆشەویستی بکەمەوە کە «حوکمدان نییە، بەڵکو تەنها لێخۆشبوونە". ئەوە ئەو خوداوەندەیە کە من دەیناسم. وە نامەوێ بە شێوەیەکی دیکە وەریبگرم.

باشە، ساتێک بوەستە! ئێستا دەتوانین زیاتر لەوە قووڵ ببینەوە. نیگەران مەبە، پێویست ناکات زۆر لەسەری بڕۆین. بەڕاستمە، ئەو سوپاسگوزارە بۆ ئەو کاتەی لەگەڵی بەسەر دەبەیت، جا کاتەکە هەر چەندە بێت.

## گریمانەکان دەربارەی خودا

بێگومان دەزانین کە ئەو بابەتەی سەرەوە مایەی پێکەنینە. بەڵام بەلامەوە جێگەی پرسیارەوە ئاخۆ بەڕاستی هەندێک کەس وا بیر لە خودا دەکەنەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە خۆیان بە مەسیحی ناو دەبەن. لە لای زۆرینەیان خودا نەرم و نیانە و باپیرەیەکی تێکەڵ و کۆمەڵایەتییە، پێویستی بە ئێمەیە و پڕ لە میهرەبانی و خۆشەویستییە، کە هیوا و خۆزگەی هەیە بەڵام فەرمان و داواکاری نییە، دەکرێ بە ئاسانی پشتگوێ بخرێت ئەگەر کاتی پێویستت نەبێت بۆی، ئەو زۆر تێگەشتووە و دەزانێت کە مرۆڤ هەڵە دەکات.

ئەوە بارودۆخەکە بوو تەنانەت ئەگەر خەڵکی خۆشیان بە مەسیحی نەزانیبا؛ هەتا ڕادەیەک لە کەسایەتی و پێناسەی خودا لەنێو کتێبی پیرۆز تێدەگەیشتن. بە گشتی ژینگەکە بەو جۆرە بوو، وە دەتوانی گریمانەی ئەوە بکەیت کە خەڵکی چۆن لە مزگێنی مەسیح دەڕوانن کاتێک مزگێنییان دەدەیتێ.

ئێستا لە زۆربەی شوێنی ئەم جیهانەدا بەو جۆرە نییە. من لە شارۆچکەیەک گەورە

بووم کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ویلایەتی تێکساسەوە؛ زۆربەی کات ئەو کەسانەی کە مزگێنیم پێدەدان، پێشتر هەزاران جار گوێیان لێ ببوو. بەڵام دنیایەکی دیکەم بینی کاتێک دەستم بە خوێندن کرد لە زانکۆی (نیوهەیڤن) لە ولایەتی (کەنیکتیکەت). لەپڕ، دەورە درام بە کەسانێک کە لە تەمەنیاندا کەس باسی خودای بۆ نەکردبوون؛ کەسانێک کە لە سەرەتاوە بەرهەڵستییان دەکردم. لەبیرمە یەکەم جار کەسێک بەم جۆرە لەبارەی خوداوە قسەی لەگەڵ کردم: «تۆ گاڵتە دەکەی! باوەڕت بە خودا هەیە؟» ئینجا پێکەنی.

لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا ئەو سیناریۆیە دەیان جار دووبارە بووەوە، لە کۆتاییدا فێربووم بڵێم: «بەڵێ، من باوەڕم بە خودا هەیە». هەروەها هەر زوو فێری ئەوە بووم کە ناتوانم گریمانەی ئاستی زانیاری خەڵکی لەبارەی خوداوە بکەم. ئەگەر ئەمڕۆ بمەوێت مزگێنی بدەم، لە سەرەتاوە دەست پێدەکەم، واتە لەسەر خودا قسە دەکەم.

بێگومان، هەتا ماویت هەر دەبێت سەبارەت بە خودا بخوێنیتەوە، وە پێویست ناکات هەموو ئەو شتانەی کە دەربارەی خودا دەیزانیت بیڵێیت بۆ ئەوەی مزگێنیی مەسیح بە دڵسۆزی پێشکەش بکەیت. بەڵام هەندێک ڕاستیی بنچینەیی هەیە دەربارەی خودا، کە پێویستە بیزانین بۆ ئەوەی لە هەواڵی خۆشی مەسیحییەت تێبگەین.

دوو خاڵی سەرەکی هەیە کە پێویستە لە سەرەتاوە ڕوون بکرێنەوە: خودا بەدیهێنەرە، وە ئەو پیرۆز و ڕاستودروستە.

## خودای بەدیهێنەر

سەرەتای پەیامی مەسیحییەت، یان دەتوانم بڵێم سەرەتای کتێبی پیرۆز، بەوە دەسپێدەکات کە «لە سەرەتادا خودا زەوی و ئاسمانی بەدیهێنا». هەموو شتێک لەم خاڵەوە دەست پێدەکات، وە هەڵە تێگەیشتن لەو خاڵە وەک هاوێشتنی تیرێک وایە بەبێ دیاریکردنی ئامانج؛ واتە ئەگەر بە هەڵە لەمە تێبگەیت، هەرچی لە دوای ئەوە دێت هەڵە دەبێت.

سیپارەی پەیدابوون بە چیرۆکی بەدیهێنانی جیهان لە لایەن خوداوە دەست پێدەکات: شاخ و دەشتەکان، ئاژەڵ و ماسی و باڵندە و خشۆکەکانی و هەرچی تێیدایە. وە هەروەها خودا تەواوی گەردوونیشی بەدیهێنا: مانگ و ئەستێرەکان، هەسارە و گەلەکسییەکان. هەموو شتێک بە دەربڕینی وشەکەی جێبەجێ کرا، وە هەموو شتێک لە نەبوونەوە بەدیهات. خودا هیچ مادەیەکی بەکار نەهێنا کە پێشتر هەبووبێت، وەک قوڕ شێوەی بکێشێت بۆ ئەوەی ببێتە وێنەیەکی جیاواز کە ئەمڕۆ لە جیهاندا دەیبینین. نەخێر، سیپارەی پەیدابوون پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەو گوتی ببە وە بوو. «گوتی با ڕووناکی بێت، وە ڕووناکی بوو».

زۆر دەق لە کتێبی پیرۆزدا هەیە بۆمان دەگێڕێتەوە کە بەدیهێنراوان چۆن بوونە شایەتی شکۆمەندی و توانای خودا. لە (زەبووری ١٩: ١) دەخوێنینەوە: «ئاسمان باسی شکۆی خودا دەکات، گەردوون کارەکانی دەستی ڕادەگەیەنێت». وە پۆڵسی نێردراو لە (ڕۆما ١: ٢٠) دەڵێت: لەبەر ئەوەی سیفەتە نەبینراوەکانی خودا، توانا هەتاهەتایی و خودایەتییەکەی، لە بەدیهێنانی جیهانەوە بەهۆی دروستکراوان درکیان پێ کراوە و بە ڕوونی بینراون، بۆیە بێ بیانوون». ئەگەر پێشتر لە قەراغی دۆڵێکی قوڵدا ڕاوەستابیت و باڵندەکان لە خوارتەوە بفرن و هەورەکان لە سەر سەرت ڕاکشابن؛ یان ئەگەر پێشتر لە کێڵگەیەکدا ڕاوەستابیت و هەستت بە ترسێک کردبێت دەچێتە دڵتەوە کاتێک خولانەوەی گەردەلولی هەورە بروسکەیەک لە ئاسمانەوە دەبینیت، ئەو کاتە واتای ئەوە دەزانیت. شتێک هەیە کە لە گەورەیی بەدیهێنراواندا دڵی مرۆڤ بانگ دەکات و پێی دەڵێت: «تۆ بە تەنها نیت لێرەدا!»

لەگەڵ هەموو ڕۆژێکی نوێ، چیرۆکی بەدیهێنان کە لە نامەی پەیدابووندا نووسراوە مەوداکەی فراوانتر دەبێت و گرنگییەکەی زیاتر دەبێت. لە سەرەتادا ڕووناکی بەدیهێنا ئینجا دەریا، دواتر زەوی، ئینجا مانگ و خۆر، پاشان باڵندە و ماسی و ئاژەڵەکان، وە لە ترۆپکی کاری بەدیهێنانی خودا، ژن و پیاوی بەدیهات.

> ”ئینجا خودا فەرمووی: «با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر

> هەمـوو ئـەو بوونـەوەرە خشـۆکانەی بەسـەر زەویـدا دەخشـێن.» خـودا مرۆڤـی لەسـەر وێنـەی خـۆی بەدیهێنـا، لەسـەر وێنـەی خـودی خـۆی بەدیهێنـا، بـە نێـر و مـێ بەدیهێنـان.“ (پەیدابـوون ١: ٢٦-٢٧)

هـەر جۆرێکـی دیکـە بیـر لـە چیرۆکـی پەیدابـوون بکەیتـەوە، کاریگەرییەکانـی ئـەم بانگەشـەیە - ئـەوەی کـە خـودا جیهانـی بەدیهێنـاوە و بـە تایبەتـی تـۆی بەدیهێنـاوە - زۆر گـەورەن. بیرۆکـەی ئـەوەی جیهـان لـە خۆیـەوە نەهاتـووە، بەڵکـو لـە هـزر و وشـە و دەسـتی کەسـێکی دیکـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، بابەتێکـی نایابـە بـە تایبەتـی لـەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا. بـە پێچەوانـەی بیرۆکـەی نەبـوون کـە دەسـتی گرتـووە بەسـەر هـزری زۆرێـک لـە مرۆڤـەکان، ئـەو بیرۆکـە نایابـە واتـای ئەوەیـە لـە بوونـی هـەر شـتێک لـەم گەردوونـە مەبەسـتێک هەیـە، بـە تایبەتـی مـرۆڤ. وە ئێمـە لـە ئەنجامـی ڕێکەوتێکـی هەڕەمەکـی و پەڕینێکـی بۆماوەیـی بـەدی نەهاتوویـن، وە تێکەڵبوونـی جیـن و مۆرکـە بۆماوەییـەکان نیـن. بەڵکـو ئێمـە بەدیهێنراویـن! هـەر یەکێـک لـە ئێمـە دەرەنجامـی بیـری و پـلان و کاری خودایـن. ئـەوە واتـا دەبەخشـێت بـە ژیانـی مـرۆڤ، وە بەرپرسـیارییێتی دەخاتـە سـەری (پەیدابـوون ١: ٢٦-٢٨).

هیـچ کام لـە ئێمـە سـەربەخۆ نیـن، وە تێگەیشـتنمان لـەو ڕاسـتییە کلیلـی تێگەیشـتنمانە لـە مزگێنیـی مەسـیح. لەگـەڵ هەمـوو ئـەو قسـانەی کـە لەسـەر مـاف و سەربەسـتییەکان دەیکەیـن، ئێمـە سەربەسـت نیـن وەک ئـەوەی پێـمان وایـە؛ ئێمـە بەدیهێـنراو و دروسـتکراوین، لەبـەر ئـەوە ئێمـە موڵکـی ئەوەیـن کـە ئێمـەی بەدیهێنـاوە.

وە لەبـەر ئـەوەی خـودا ئێمـەی بەدیهێنـاوە، مافـی ئـەوەی هەیـە پێـمان بڵێـت چـۆن بژیـن. بـەو شـێوەیە، لـە بەهەشـتی عـەدەن بـە ئـادەم و حـەوای ڕاگەیانـد دەربـارەی ئـەو درەختانـەی کـە بۆیـان هەیـە لێـی بخـۆن، وە ئـەوەی بۆیـان نییـە لێـی بخـۆن (پەیدابـوون ٢: ١٦-١٧). کارەکـە وەک ئـەوە نەبـوو کـە خـودا وەکـو منـداڵ هەڵسـوکەوتی کردبێـت، فەرمـان بەسـەر بـرا بچوکەکەیـدا بـدات و بـە کەیفـی خـۆی یاسـای تونـد دابنـێ تەنهـا بـۆ ئـەوەی بزانێـت ئاخـۆ چـی ڕوودەدات. نەخێـر، کتێبـی پیـرۆز پێـمان ڕادەگەیەنێـت کـە خـودا باشـە. ئـەو باشـترین شـت بـۆ گەلەکـەی لەبەرچـاو دەگرێـت، یاسـای بـۆ دانـان کـە پارێـزگاری لـە خۆشـی و چاکەیـان دەکات.

بـۆ ئـەوەی لـە هەواڵـی خۆشـی مەسـیحییەت تێبگەیـن، دەبێـت لـەم بابەتـە تێبگەیـن. مزگێنیـی مەسـیح وەڵامدانـەوەی خودایـە دەربـارەی هەواڵـی ناخۆشـی گونـاه، وە گونـاه ڕەتکردنـەوەی مافەکانـی خودایـە وەکـو بەدیهێنـەر لـە لایـەن کەسـی گوناهبـارەوە. لەبـەر ئـەوە، ڕاسـتی بنچینەیـی بـۆ بوونـی مرۆڤایەتـی، وە ئـەو سـەرچاوەیەی کـە هەمـوو شـتێکی لێـوە سـەرهەڵدەدات، ئەوەیـە کـە خـودا ئێمـەی بەدیهێنـاوە، بـەو شـێوەیە ئـەو خاوەنـی ئێمەیـە.

## خودای پیرۆز و ڕاستودروست

ئەگـەر داوات لـێ بکرێـت بـە چەنـد وشـەیەک باسـی کەسـایەتیی خـودا بکـەی، چـی دەڵێیـت؟ دەڵێیـت ئـەو پـڕ لـە خۆشەویسـتی و چاکەیـە؟ یـان ڕەنگـە بڵێیـت بـە بەزەییـە و لـە گونـاه خۆشـدەبێت؟ ئەمانـە هەمـووی ڕاسـتن. کاتێـک موسـا داوای لـە خـودا کـرد کـە شـکۆی خـۆی پیشـانی بـدات و نـاوی خـۆی پێـی بڵێـت، خـودا وەڵامـی دایـەوە پێـی گـوت:

> «یـەزدان، خودایەکی بە بەزەیی و میهرەبانە، پشـوودرێژە و خۆشەویسـتی نەگـۆڕ و دڵسـۆزی زۆرە. خۆشەویسـتی نەگـۆڕ دەپارێزێـت بـۆ هـەزاران، لـە تـاوان و یاخیبـوون و گونـاه خۆشـدەبێت، بـەڵام تاوانبـاران ئەسـتۆپاک نـاکات، بەڵکـو لەسـەر تاوانـی بـاوکان سـزای نـەوەکان دەدات هەتـا نـەوەی سـێیەم و چـوارەم» (دەرچـوون ٣٤: ٦-٧).

ئـەوە چەنـدە نایابـە! کاتێـک خـودا دەیەوێـت نـاوی خۆیـمان پـێ بڵێـت و شـکۆی خۆیـمان پیشـان بـدا، لـە ڕاسـتیدا دڵـی خۆیـمان پیشـان دەدات، چـی دەڵێـت؟ دەڵێـت ئـەو خۆشەویسـتییە و بـە بەزەییـە، درەنـگ تـوڕە دەبێـت و خۆشەویسـتیی زۆرە.

شـتێک هەیـە لـەو دەقانـەدا کـە هەمیشـە لەبیـر دەکرێـت کـە هیوابەخـش نییـە. ئایـا دەزانـی خـودا چـی بـە موسـا گـوت ڕاسـتەوخۆ لـە دوای ئـەوەی گوتـی بـە بەزەیـی و میهرەبانە؟

”بەڵام تاوانباران ئەستۆپاک ناکات...“ (ئایەتی ٧).

بـا جارێکـی دیکـە تەماشـایەکی ئـەو ئایەتـە بکەینـەوە، لەبـەر ئـەوەی پێچەوانـەی بۆچوونـی نزیکـەی لـە ٩٠٪ ی ئـەو خەڵکەیـە کـە دەڵێـن خـودا دەناسـن. خـودای بـە بەزەیـی و میهرەبـان هیـچ تاوانبارێـک بەبـێ سـزا بەجـێ ناهێڵێـت.

ڕوانگـەی گشـتی بەرامبـەر خـودا ئەوەیـە کـە خـودا وەکـو کارگوزارێکـی بـێ ویـژدان وایـە. لەبـری ئـەوەی بـە کـردار مامەڵـە لەگـەڵ پیسـییەکانی جیهـان بـکات - گونـاه و خراپـە و تـاوان – خـۆڵ و خاشـاک و پیسـییەکان دەخاتـە بـن قاڵییەکـەوە و دەیشـارێتەوە و ئومێـدی ئـەوە دەخوازێـت کـە هیـچ کەسـێک نەیبینێـت. لـە ڕاسـتیدا، زۆر کـەس تەنهـا دەتوانـن خـودا بـەو جـۆرە ببینـن. ئـەوان دەڵێـن: «خـودا گونـاه حوکـم دەدات؟ لەسـەر تـاوان سـزام دەدات؟" بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە نـاکات. ئـەوە خۆشەویسـتی و میهرەبانـی نییە».

دواتـر دەبینیـن چـۆن ئـەو دووفاقییـە – ئـەوەی کـە خـودا "لـە تـاوان و یاخیبـوون و گونـاه خۆشـدەبێت، بـەڵام تاوانبـاران ئەسـتۆپاک نـاکات" - بـە مردنـی عیسـا لەسـەر خـاچ چارەسـەر دەکات. بـەڵام پێـش گەیشـتن بـەو خاڵـە، پێویسـتە تێبگەیـن کـە بـەدەر لـە هەمـوو نارەزاییـەکان، خۆشەویسـتی خـودا دادوەری و ڕاستودروسـتی ئـەو ڕەت ناکاتـەوە.

کتێبـی پیـرۆز چەندیـن جـار ڕایدەگەیەنێـت کـە خـودای ئێمـە خـودای دادپـەروەری تـەواو و ڕاستودروسـتی ڕاسـتەقینەیە. لـە (زەبـووری ١١: ٧) دەڵێـت:

> "لەبەر ئەوەی یەزدان ڕاستودروستە و حەزی لە دادپەروەرییە،
> کەسی سەرڕاست تەماشای ڕووی دەکات».

نووسـەری زەبـوور ڕادەگەیەنێـت: «ڕاستودروسـتی و دادپـەروەری خۆشـدەوێت...» (زەبـووری ٣٣: ٥). لـە دوو زەبـووری دیکـە ڕایدەگەیەنێـت: «ڕاستودروسـتی و دادپـەروەری بناغـەی تەختـی تـۆن» (زەبـووری ٨٩: ١٤، ٩٧: ٢)! لـە مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم ئایەتانـە تێدەگەیـت؟ فەرمانڕەوایـی گـەردوون و دەسـەڵاتی لەسـەر بەدیهێنراوانـی پشـت بـە ڕاستودروسـتی و دادوەریـی هەتاهەتایـی دەبەسـتێت.

لەبـەر ئـەوە بیرۆکـەی لێکچواندنـی خـودا بـە کارگوزارێکـی بـێ ویـژدان، ڕاسـت نییـە، چونکـە وا دەکات خـودا دادپـەروەر و ڕاستودروسـت نەبێـت. وا خـودا نیشـان دەدات کـە بـە ئاسـانی گونـاه دەشـارێتەوە – تەنانـەت خـۆی لـە گونـاه دەشـارێتەوە - لەبـری ڕووبەڕووبوونـەوەی گونـاه و لەناوبردنـی. ئـەوە وای لێـدەکات کـە ڕەوشـت نـزم بێـت.

کـێ خودایەکـی ئـاوای دەوێـت؟ سەرنجڕاکێشـە چاودێـری ئـەو کەسـانە بکەیـت کـە مکـوڕن لەسـەر ئـەو بیرۆکەیـەی کـە خـودا حوکمیـان نـادات، کاتێـک ڕووبـەڕووی

خراپەیەکـی ئاشـکرا و ڕوون دەبنـەوە. وە کاتێـک ڕووبـەڕوی خراپەیەکـی ترسـناک دەبنـەوە، داوای خودایەکـی دادپـەروەر دەکـەن - وە دەیانەوێـت دەسـتبەجێ بێـت. دەیانەوێـت خودا چاوپۆشـی بـکات لـە گوناهەکانیـان، بـەڵام چاوپۆشـی نـەکات لـە گوناهـی تیرۆریسـتەکان. دەڵێـن: «لـە مـن خـۆش بـە، بـەڵام هەرگیـز لـەوان خـۆش مەبـە!“ دەبینـن؟ کـەس خودایەکـی ناوێـت کـە دژی خراپـە نەوەسـتێتەوە. خودایەکیـان دەوێـت کـە دژی خراپـەی ئـەوان نەوەسـتێتەوە.

بـەڵام کتێبـی پیـرۆز پێـمان ڕادەگەیەنێـت لەبـەر ئـەوەی خـودا بـە تـەواوی دادپـەروەر و ڕاستودروسـتە، ئـەو بـە تونـدی هەڵسـوکەوت لەگـەڵ هەمـوو خراپەیـەک دەکات. (حەبەقـوق ١: ١٣) دەڵێـت:

”چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن،

ناتوانیت بەرگەی خراپەکاری بگریت.

کەواتە بۆچی بەرگەی ناپاکەکان دەگریت؟».

بـۆ هەسـتان بـەم کارە، نـە تەنهـا پێویسـتە واز لـە تەختەکـەی بهێنێـت، بەڵکـو لـەوەش زیاتـر، پێویسـتە واز لـە خـودی خـۆی بهێنێـت، وە خـودا ئـەوە نـاکات.

زۆربـەی خەڵـک کێشـەیان لەگـەڵ ئـەوە نییـە کـە خـودا بـە خۆشەویسـت و میهرەبـان ببینـن. وە ئێمـەی بـاوەڕدار کارێکـی کـردووە کـە قەناعەتمـان بـەو خەڵکـە هێنـاوە کـە خـودا ئەوانـی خۆشـدەوێت. بـەڵام ئەگـەر بمانەوێـت لـەوە تێبگەیـن کـە مزگێنیـی عیسـای مەسـیح چەنـدە شـکۆمەند و ژیانبەخشـە، پێویسـتە لـەوە تێبگەیـن کـە ئـەو خـودا پـڕ لـە بەزەیـی و خۆشەویسـتییە، پیـرۆز و ڕاستودروستیشـە، چـاو داناخـات لـە ئاسـتی گونـاە و هەرگیـز پشـتگوێی ناخـات و ئاسـانکاری بـۆ نـاکات، بـە گوناهەکانـی ئێمەشـەوە. بێگومـان ئەمـە دەمانگەیەنێـت بـە هەواڵـە ناخۆشـەکە.

# بەشی سێیەم

## مرۆڤی گوناهکار

کارەکە زۆر ئاسان بوو! هەموو ئەوەی کە کردم باجی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکەم دا. بڕی باجەکەم خوێندەوە، پسوولەی سەرپێچییەکەم هەڵگەڕاندەوە و بینیم نووسراوە "من تاوانبارم و پێویستە باجەکەی بدەم"، وە چەکێکم بەبڕی سی و پێنج دۆلار بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ نوسی، وە زەرفەکەم مۆر کرد و خستمە ناو سندوقی پۆستەکەوە.

من تاوانبارم و تاوانەکەم سەلمێنراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە من دڵنیا بوومەوە لەوەی کە تاوانبارم، بەڵام هەستم بەوە نەدەکرد کە تاوانێکی گەورەم کردبێت. وە ئارامیم لەدەست نادەم لەبەر ئەوەی پێشێڵی یاسام کردووە. هەستم بەوە نەکرد کە  پێویستە داوای لێخۆشبوون لە هیچ کەسێک بکەم، هەموو ئەوەی ئێستا بیری لێ دەکەمەوە ئەوەیە کە نیگەران بووم لەبەر ئەوەی سەرپێچییەکە دە دۆلار لە پێشتر زیاتر بوو.

بۆچی هەستم بە نیگەرانی نەکرد لە ئەنجامی پێشێلکردنی یاسا؟ کاتێک بە باشی بیر لە بابەتەکە دەکەمەوە پێم وایە لەبەر ئەوەیە کە شکاندنی یاساکانی هاتوچۆ لە لای من شتێکی گرنگ نییە، یان کارێکی ناشیرین نییە. ڕاستە من بۆ جاری داهاتوو بە دڵنیاییەوە وریا دەبم، بەڵام هەستم بە سەرزەنشتکردنی ویژدان نەکرد بۆ هەموو ئەوەی کە ڕوویدا.

بەدرێژایی ساڵان تێبینی ئەوەم کردووە کە زۆربەی خەڵک بەو شێوەیە بیر لە گوناه دەکەنەوە، بە تایبەتی گوناهەکانی خۆیان، بە شێوازێک کە زۆر جیاوازی نییە لە شێوازی بیرکردنەوەیان لەمەڕ سەرپێچی یاساکانی هاتوچۆ. ئێمە دەڵێین: "وایە، گوناه واتە شکاندنی ئەو یاسایانەی کە خودای مەزن دایناون، بەڵام بە دڵنیاییەوە خودا دەبێت ئەوە بزانێت کە کەسانێک هەن لە من تاوانبارترن. هەروەها، هیچ کەسێک زیانی بەرنەکەوتووە، من ئامادەم سزاکە بدەم. پێویست ناکات هەتا ئەو

ڕادەیە لێپرسینەوە لەگەڵ خۆم بکەم لەسەر کارێکی ئاوا. مەگەر نە؟“

نەخێر، هاوڕا نیم؛ هیچ نەبێت ئەگەر بەو شێوە ساردوسڕەوە بیر لە گوناه بکەینەوە. بەڵام بەپێی کتێبی پیرۆز، گوناە زیاترە لەوەی سەرپێچیکردنی یاساکانی هاتوچۆ بێت و لە ئاسمانەوە دانرابن، بەڵکو شکاندنی پەیوەندییەکانە؛ تەنانەت لەوەش زیاتر، گوناە ڕەتکردنەوەی خودی خودایە - ڕەتکردنەوەی حوکمی خودا، چاودێری ئەو، دەسەڵاتی، وە مافی ئەو بۆ ڕابەرایەتی ئەوانەی کە ئەو ژیانی پێ بەخشیون. بە کورتی، گوناە واتا هەڵگەڕانەوەی بەدیهێنراو لە بەدیهێنەرەکەی.

## کێشەکە چییە؟

کاتێک خودا مرۆڤی بەدیهێنا، ویست و خواستی ئەوە بوو کە لە ژێر فەرمانڕەوایی باشی ئەودا بە خۆشییەوە بژین و بیپەرستن و گوێڕایەڵی بن، وە بەو شێوەیە لە هاوبەشییەکی هەمیشەییدا لەگەڵی بن. هەروەک لە کۆتایی بەشی پێشوو بینیمان، خودا ژن و پیاوی لە وێنەی خۆی بەدیهێنا، ئەوەش واتای ئەوەیە پێویستە لەسەریان وەکو ئەو بن، پەیوەندییان لەگەڵی هەبێت و شکۆمەندی ئەو بۆ جیهان ڕابگەیەنن. سەرباری ئەوە، خودا ئیشێکی دیاریکراوی بۆ مرۆڤ دیاریکرد. ئەوان دەبوونە جێگری خودا و لەژێر چاودێریی خودادا، جیهانیان بەڕێوە دەبرد. «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە» (پەیدابوون ١: ٢٨).

بەڵام دەسەڵاتی ژن و پیاو لەسەر بەدیهێنراوەکان ڕەها نەبوو، واتە خودا ئەو دەسەڵاتەی پێ بەخشیبوون. ئینجا کە ئادەم و حەوا دەسەڵاتەکەیان لەسەر جیهان پیادە کرد، پێویست بوو لەسەریان لەبیریان بێت کە ئەوان ملکەچی خودا بن و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بن. خودا دروستی کردوون، لەبەر ئەوە مافی هەیە فەرمانیان بەسەردا بکات.

درەختی زانینی چاکە و خراپە کە خودا لە ناوەڕاستی بەهەشتدا چاندبووی بیرخستنەوەیەکی بەهێزی ئەو ڕاستییە بوو (پەیدابوون ٣: ١٧). کاتێک ئادەم و حەوا

تەماشای درەختەکە و بەرەکەیان دەکرد، بیریان دەکەوتەوە کە دەسەڵاتیان سنووردارە، وە ئەوان بەدیهێنراون و دەبێت هەتا کۆتایی ژیانیان پشت بە خودا ببەستن. واتە، ڕۆڵی ئەوان تەنها سەرپەرشتیکردن بوو، خودا خۆی پاشا بوو.

لەبەر ئەوە، کاتێک ئادەم و حەوا لەبەری درەختەکەیان خوارد، تەنها هەندێک فەرمانی هەڕەمەکی خودایان پێشێل نەکرد کە فەرمووبووی: "لەبەری ئەو درەختە مەخۆن". بەڵکو ئەوەی کردیان کارێکی زۆر ناخۆش و جدی بوو. دەسەڵاتی خودایان لەسەریان ڕەت کردەوە و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. ئادەم و حەوا ویستیان "وەکو خودا" بن، وەک ئەوەی مارەکە بەڵێنی پێدابوون، لەبەرئەوە هەریەکەیان دەستیان گرت بە سەر ئەوەی کە وایان دەزانی هەلێکە لەبەردەستیان بۆ ئەوەی ببنە جێگرەوەی خودا و دەسەڵات و تاجەکەی بۆ خۆیان ببەن. لە هەموو گەردووندا، تاکە شتێک هەبوو کە خودا نەیخستبووە ژێر پێی ئادەم و حەوا – ئەویش خودا خۆی بوو. بەڵام ئادەم گوتی کە ئەو ڕێککەوتنە بەپێی پێویست باش نییە، لەبەر ئەوە یاخی بوو.

خراپترین شت لەوەدا بوو کە ئادەم و حەوا بە شکاندنی فەرمانی خودا، بە هۆشیارییەوە بڕیاری ڕەتکردنەوەی پاشایەتی خودایان دا لە سەریان. ئەنجامی یاخیبوونەکەیان دەزانی، خودا زۆر بە ڕوونی پێی ڕاگەیاندبوون کە ئەگەر لە بەری ئەو درەختە بخۆن "بە مردن دەمرن"[a]، ئەوەش واتا لە دیوانی خودا دەردەکرێن، وە دەبنە دوژمنی خودا، لەبری ئەوەی ببنە هاوڕێ و دڵخۆشکەری (پەیدابوون ٢: ١٧). بەڵام گوێیان پێ نەدا، ئەو چاکەیەی لەگەڵ خودا هەیانبوو گۆڕییانەوە و کەوتنە دوای ئارەزوو و شکۆمەندیی خۆیان.

کتێبی پیرۆز بەم یاخیبوونە لە دژی خودا دەڵێت "گوناە"، چ بە قسە یان بە بیرکردنەوە یانیش بە کردار بێت. خودی وشەکە واتا «نەپێکانی ئامانج". بەڵام واتای وشەکە بەگوێرەی کتێبی پیرۆز زۆر لەوە قووڵترە. وەکو ئەوە نەبوو کە ئادەم و حەوا هەوڵیان دابێت ڕاسپاردەی خودا بپارێزن، بەڵام چەند پلەیەک لە ئامانجەکە لایاندابێت. نەخێر، لە ڕاستیدا ئەوان تەواو بە ئاراستەی پێچەوانەی خواستی خودا

---

a دووبارەکردنەوەی وشە (بە مردن دەمرن) مەبەستی لە دڵنیاییە بۆ فەرمانی مردن، واتا (بە دڵنیاییەوە دەمرن) - وەرگێڕ.

نیشـانەیان گرتبـوو، بـەو شـێوەیە کەوتنـە نـاو گوناهـەوە. ئـەوان بـە ئەنقەسـت ڕاسـپاردەی خودایـان پێشـێل کـرد و پەیوەندییـان لەگەڵـی پچڕانـد و ڕەتیـان کـردەوە کـە خـودای شـەرعی ئـەوان بێـت.

دەرەنجامـی گوناهـی ئـادەم و حـەوا بـۆ خویـان و نەوەکانیـان و تـەواوی بوونـەوەران کارەسـاتبار بـوو. لـە بەهەشـتی نموونەیـی عـەدەن دەرکـران، وە ئیـتر زەوی لـە بەروبـوم و گەنجینـەی خۆیـەوە بـە خۆشـی و خۆڕسـکی بەرهەمـی نەهێنـا، بەڵکـو ئیـتر لەسـەریانە کـە بـە تێکۆشـان و ئـازارەوە کار بکـەن بـۆ ئـەوەی بەروبـووم بەدەسـت بهێنـن. وە لـەوە خراپـتر، خـودا بڕیـاری مردنـی دا بەسـەر ژیانیانـدا. هـەروەک دەزانیـن، ڕاسـتەوخۆ بـە جەسـتە نەمـردن؛ بەڵکـو ژیانیـان بـەردەوام بـوو، بـە سـی هەناسـەیان دەدا، دڵیـان لێـی دەدا و پەلەکانیـان دەجـوڵا. بـەڵام ژیانـی ڕۆحییـان ڕاسـتەوخۆ کۆتایـی هـات، ئـەوەش لـە هەمـووی گرنگـتر بـوو. پەیوەندییـان لەگـەڵ خـودا پچـڕا. دڵیـان تووایـەوە و مێشـکیان پـڕ بـوو لـە بیرکردنـەوەی خۆپەرسـتانە، وە چاویـان لـە جوانـی خـودا تاریـک بـوو. ڕۆحیـان وشـک و ڕەق و بەتـاڵ بـوو لـەو ژیانـە ڕۆحییـەی کـە لـە سـەرەتادا خـودا پێـی دابـوون، ئـەو کاتـەی هەمـوو شـتێک بـاش بـوو.

## نەک هەر ئەوان بەڵکو ئێمەش

کتێبـی پیـرۆز پێـمان ڕادەگەیەنێـت کـە تەنهـا ئـادەم و حـەوا تاوانبـار نیـن، بەڵکـو هەموومـان تاوانباریـن. پۆڵسـی نێـردراو لـە (ڕۆمـا ٣:٢٣) دەڵێـت: «لەبـەر ئـەوەی هەمـووان گوناهیـان کـرد و لـە شـکۆی خـودا دوورکەوتنـەوە". هـەروەک لـە چەنـد ئایەتێـک پێشـتر دەڵێـت "کـەس بێتـاوان نییـە، تەنانـەت یـەک کەسـیش" (ڕۆمـا ٣:١٠).

مزگێنیـی عیسـای مەسـیح پـڕە لـە بـەردی سـاتمەa، وە ئەمـە یەکێکـە لـە گەورەتریـن بـەردەکان. لـەلای ئـەو کەسـانەی کـە پێیـان وایـە لـە بنەڕەتـدا ئـەوان باشـن و بـە دڵـی خۆیانـن، بیرۆکـەی ئـەوەی کـە مـرۆڤ گوناهبـار و لاسـارە نـە تەنهـا بیرۆکەیەکـی شـەرمەزارانەیە، بەڵکـو شـایەنی گاڵتەجاڕییـە.

---

a سـاتمە، هەڵکەوتـن. بـەردی سـاتمەکردن یـان بـەردی هەڵکەوتـن دەربڕینێکـە لـە کتێبـی پیـرۆز بـە واتـای ئاسـتەنگ و ڕێگـر دێـت - وەرگێـڕ.

لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە لە سروشت و قووڵی گوناهەکەمان تێبگەین. ئەگەر وا هەڵسوکەوت لەگەڵ مزگێنیی مەسیح بکەین کە وای دابنێین گوناه شتێکی جیاوازە یان کەمترە لەوەی کە هەیە، ئەوا زۆر بە هەڵە لە مژدەی عیسا تێدەگەین. با چەند نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە لەسەر چۆنیەتی بە هەڵە تێگەیشتنی هەندێک باوەڕداران لە گوناه.

## تێکەڵکردنی گوناه لەگەڵ ئاسەوارەکانی گوناه

لەو دواییانەدا، پێشکەشکردنی مزگێنیی مەسیح بەربڵاو بووە بە گوتنی ئەوەی کە عیسا هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی ڕزگار بکات لە هەستێکی زگماک بە گوناه یان بێ واتایی یان بێ ئامانجی یانیش پووچی. بە دڵنیاییەوە ئەو هەستانە کێشەی ڕاستەقینەن، خەڵکانێک زۆر پێوەی دەناڵێنن. بەڵام کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە کێشەی بنچینەیی مرۆڤایەتی، ئەو شتەی کە پێویستە لێی ڕزگارمان بێت، هەستکردن نییە بە بێ واتایی و لێکترازان لە ژیانمان، تەنانەت هەستکردن بە گوناهیش نییە، ئەوە هەستێکی ماندووکەرە؛ هەموو ئەو هەستانە تەنها نیشانەی کێشەیەکی زۆر قووڵترن: گوناهەکانمان. ئەوەی پێویستە لەسەرمان بیزانین ئەوەیە کە ئەو گرفتەی تێداین، دەستکردی خۆمانە. لە فەرمایشتی خودا یاخی بووین، فەرمانەکانی ئەومان پشتگوێ خست و گوناهمان بەرامبەری کرد.

کاتێک بە بێواتایی و بێ ئامانجیی ژیان لەبارەی ڕزگارییەوە دەست بە قسەکردن دەکەین بەبێ ئەوەی کە بگەڕێینەوە بۆ ڕیشەی کێشەکان کە گوناهەیە، ئەوا دەرمانەکە ئاسان دەخورێت، بەڵام دەرمانەکە هەڵەیە. ئەوە ڕێگە بە کەسەکە دەدات بەردەوام خۆی کە قوربانی بزانێت و بەڕاستی مامەڵە نەکات لەگەڵ ئەو ڕاستییەی ئەو تاوانبار و خراپەکارە و شایەنی حوکمدانە.

## بچوککردنەوەی گوناه بۆ پەیوەندییە بچڕاوەکان

پەیوەندی بایەخێکی زۆری لە کتێبی پیرۆزدا پێدراوە. ئامانج لە بەدیهێنانی مرۆڤ ئەوە بوو کە لەگەڵ خودا بژین و پەیوەندییان هەبێت. جگە لەوەش پێویستە لە بیرمان بێت کە جۆرێک پەیوەندی تایبەت لەنێوانیاندا هەبوو – واتە پەیوەندییەکی

هاوبەش نەبوو کە هەردوو لایەن لە هەمان ئاستدا بن و یاسا و حوکمدان و سزا پشتگوێ بخرێت، بەڵکو پەیوەندی بوو لە نێوان پاشا و بەدیهێنراوانی.

زۆرێک لە مەسیحییەکان قسە لەبارەی گوناهەوە دەکەن وەک ئەوەی تەنها ناکۆکییەک بێت لە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ، هەموو ئەوەی پێویستە بیکەین ئەوەیە کە داوای لێبوردن لە خودا بکەین و لێخۆشبوونەکەی قبوڵ بکەین. بەڵام ئەو دیمەنەی گوناه وەکو ناکۆکی نێوان دوو خۆشەویست وایە، کە وێنەی ئەو پەیوەندییە دەشێوێنێت کە ئێمە لەگەڵ خودا هەمانە. ئەوە وا دەکات پێمان وابێت کە لە یاسا لامان نەداوە، دادپەروەریمان پێشێل نەکردووە، تووڕەبوونێکی ڕاستودروستی خودا نییە، تەنانەت حوکمدانی پیرۆزیش نییە. لەبەر ئەوە پێویست بەوەش ناکات کەسێک لەبری ئێمە ئەو حوکمدانە هەڵبگرێت.

کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە گوناه بەڕاستی شکاندنی پەیوەندییە لەگەڵ خودا، بەڵام ئەو پەیوەندییە شکاوە لە ڕەتکردنەوەی سەروەری خودا وەک پاشا لەخۆ دەگرێت. ئەوە تەنها داوێنپیسی[a] ناگرێتەوە، بەڵکو یاخیبوونیشە. نەک هەر تەنها ناپاکییە، بەڵکو ناپاکییەکی گەورەیە. ئەگەر گوناهمان کورت کردەوە بە گوتنی ئەوەی کە تەنها تێپەڕاندنی پەیوەندییە لە بری تێگەیشتن و ناوهێنانی بە هەڵگەڕانەوە و ناپاکی کە کەسێکی خۆشەویست کردوویەتی بەرامبەر پاشا چاک و ڕاستودروستەکەی، ئەوا هەرگیز درک بە گرنگیی مردنی کوڕی خودا ناکەین بۆ چارەسەرکردنی.

## تێکەڵکردنی گوناه لەگەڵ بیرکردنەوەی نەرێنی

تێگەیشتنێکی دیکەی هەڵە هەیە لەبارەی گوناهەوە، ئەوەی کە گوناه وا پێناسە دەکات کە تەنها بیرکردنەوەیەکی نەرێنییە. لە سەرەتای ئەم کتێبەدا هەندێک لەو وتانەمان بینی. بۆ نموونە، واز لە مەشکە کۆنەکەت بهێنە! بە شێوازێکی باشتر بیر بکەوە! ئەگەر واز لە شێوازی بیرکردنەوە نەرێنییە کۆنەکەت بهێنیت کە دەستت پێوەی گرتووە، خودا چاکەی خۆیت بۆ دەردەخات!

---

a لە چەند شوێنێکی کتێبی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە گوناهی مرۆڤ بەرامبەر بە خودا وەک داوێنپیسی وایە - وەرگێڕ.

ئـەوە پەیامێکـی قایلکـەرە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە پشـت بـە خۆیـان دەبەسـتن و دەیانەوێـت بـاوەڕ بکـەن کـە دەتوانـن کێشـەی گوناهەکانـی خۆیـان چارەسـەر بکـەن. بـە شـیمانەیەکی زۆر لەبـەر ئەوەیـە کـە ئـەو پیاوانـەی کـە ئـەو پەیامەیـان بـڵاو کردووەتـەوە گەورەتریـن کڵێسـاکانی جیهانیـان دروسـت کـردووە. لـە ڕاسـتیدا، ئـەم هاوکێشـەیە زۆر ئاسـانە، تەنهـا بـە خەڵـک ڕابگەیەنـە کـە گوناهەکانیـان زیاتـر نییـە لـە بیرۆکـەی نەرێنـی و بـەس، ئـەو بیرۆکەیـە ڕێگـە دەگرێـت لـە تەندروسـتی و دەوڵەمەنـدی و دڵخۆشـی. ئینجـا پێیـان بڵـێ کـە بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی زیاتـر بیـر لـە خۆیـان بکەنـەوە (بەدڵنیاییـەوە بـە یارمەتـی خـودا)، ئیـتر ڕزگاریـان دەبێـت لـە گوناهەکانیـان و دەوڵەمەنـد دەبـن. بـەو ئاسـانییە! بـەو شـێوەیە دەسـتبەجێ کڵێسـا زەبـەلاح دروسـت دەبێـت!

هەندێـک جـار ئامانجـی خـوازراو پارەیـە و هەندێـک جـار تەندروسـتییە، یان شـتێکی دیکە. بـەڵام هەرچییـەک بێـت، گوتنـی ئـەوەی عیسـای مەسـیح مـرد بـۆ ئـەوەی ڕزگارمـان بـکات لەو بیرۆکـە نەرێنییانـەی کـە هەمانـە، ئـەوە شـتێکی دروسـتکراوە و بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز نییـە. لـە ڕاسـتیدا، کتێبـی پیـرۆز پێـمان ڕادەگەیەنێـت کـە بەشـێکی گـەورە لـە کیشـەکانمان ئەوەیـە کـە بـە لووتبـەرزی بیـر لـە خۆمـان دەکەینـەوە و سـادە و سـاکار نیـن. سـاتێک ڕابوەسـتە و بیـری لـێ بکـەوە. مارەکـە چـۆن ئـادەم و حـەوای لـە خشـتە بـرد؟ پێـی گوتـن کـە ئـەوان بـە شـێوەیەکی نەرێنـی بیـر لـە خۆیـان دەکەنـەوە. بۆیـە پێویسـتە بەشـێوەی ئەرێنـی بیـر لـە خۆیـان بکەنـەوە، وە زیاتـر تێبگـەن بـۆ ئـەوەی بگەنـە شـوێنی تـەواوی خۆیـان و وەکـو خودایـان لـێ بێـت! بـە یـەک وشـە، پێـی گوتـن کـە گەورەتـر بیـر بکەنـەوە.

ئێستا، ئەو کارە چۆن کۆتایی هات؟

## تێکەڵکردنی گوناه لەگەڵ گوناهەکان

جیاوازییەکـی زۆر هەیـە لـە نێـوان ئـەوەی کـە درک بـەوە بکەی کـە بەهـۆی ئەنجامدانی چەندیـن گوناهــەوە تاوانباریــت، لەگــەڵ زانینــی ئــەوەی کــە بەهــۆی گوناهــەوە تــۆ تاوانباریـت. زۆربـەی خەڵـک کێشـەیان نییـە لـەوەی دان بنێـن بـەوەی کـە ئـەوان گوناهیـان (بـە کـۆ) کـردووە، پێیـان وایـە کـە کۆمەڵێـک گوناهـی بچووکیـان لەمـلاو و لـەولا کـردووە، ئەگینـا بـە گشـتی بـە باشـی ژیـاون. لـە نموونـەی ئـەو گوناهانـە، ناوبەنـاو سـەرپێچی یاسـاکانی هاتوچـۆ.

گوناهـەکان زۆر تووشـی شـۆکمان ناکـەن. ئێمـە دەزانیـن کـە هـەن، وە ڕۆژانـە لـە خۆمـان و خەڵکانـی دیکـەی دەبینیـن و بەتـەواوی لەسـەری ڕاهاتوویـن. بـەڵام تووشـی شـۆک دەبیـن کاتێـک خـودا ئـەو گوناهەمـان بـۆ دەردەخـات کـە ڕۆچووەتـە نـاو قوڵایـی دڵمانـەوە، کـە کانیـاوی گڵاوی و گەندەڵییـە و هەرگیـز نەمانزانیـوە هەیـە و هەرگیـز ناتوانین بیانسـڕینەوە. بـەو شـێوەیە کتێبـی پیـرۆز بـاس لـە قوڵایـی و تاریکـی گوناهەکەمـان دەکات - لـە نێـو خۆماندایـە و لـە ئێمـەوە سـەرچاوە دەگرێـت.

لـە نهۆمـی دووەمـی (مۆزەخانەی نیشـتیمانیی مێـژووی سروشـتیی واشـنتن)، وەک ئەوەی دەگوترێـت، گەورەتریـن پارچـەی کوارتـزa هەیـە لـە جیهانـدا کـە تـەواو بێگـەردە و هیـچ مادەیەکـی دیکـەی تێکـەڵ نەبـووە. ئـەو پارچەیـە کەمێـک لـە تۆپـی باسـکە گەورەتـرە، وە هیـچ ڕوشـاوییەکی دیـاری پێـوە نییـە، یـان شـوێنەواری نیشـانەیەک یـان گۆڕینـی ڕەنگـی لەسـەر نییـە. پارچەیەکـی بێگـەرد و تـەواوە. زۆر کات خەڵکـی وا دەزانـن کـە سروشـتی مـرۆڤ وەکـو ئـەو تۆپـە کوارتزەیـە. بەڵـێ، ڕەنگـە جاروبـار بـە تەپوتـۆز و قـوڕ تێکـی بدەیـن، بـەڵام لەژێـر پیسـییەکەوە وەک خـۆی بـە پاکـی دەمێنێتـەوە، تەنهـا پێویسـتیمان بەوەیـە پاکـی بکەینـەوە بـۆ ئـەوەی دیسـان بدرەوشـێتەوە.

بـەڵام لـە کتیبـی پیـرۆزدا سروشـتی مـرۆڤ وێنەیەکـی جوانـی نییـە. بەپێـی کتێبـی پیـرۆز، سروشـتی مـرۆڤ هەرگیـز بێگـەرد نییـە، وە قوڕەکـە تەنهـا ڕووی دەرەوەی پیـس نەکـردووە، بەڵکـو بـە پێچەوانەوەیـە، گونـاه ڕۆچووەتـە نێـو ناخمانـەوە. درز و قـوڕ و گڵاوی ڕۆچووەتـە نێـو قووڵایـی دڵمانـەوە. هـەروەک پۆڵسـی نێـردراو گوتـی: "بەسروشـت شـایانی تووڕەیـی خـودا بوویـن..." (ئەفەسـۆس٢:٣). بەشـدار بوویـن لـە تـاوان و گەندەڵـی ئـادەم (ڕۆمـا ٥). هەروەهـا عیسـا پێـی گوتیـن: "بیـری خـراپ لـە دڵـەوە دەردەچێـت، کوشـتن، داوێنپیسـی، بەدڕەوشـتی، دزی، شـایەتی درۆ، کفرکـردن" (مەتـا ١٥:١٩). ئـەو وشـە هەڵانـەی کـە دەیڵێیـت و ئـەو هەڵسـوکەوتە هەڵانـەی کـە دەیکەیـت تەنهـا ڕووداو ئاسـایی نیـن، بەڵکـو لـەو خراپەیـەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە لەنـاو دڵتدایـە.

زات و ناخـی مـرۆڤ بـە هـۆی گونـاە و لەژێـر دەسـەڵاتی گوناهـدا گەنـدەڵ بـووە. گونـاە

---

a کوارتـز مادەیەکـی بـێ ڕەنگـە، لەنێـو زۆرێـک لـە بەردەکانـدا هەیـە و لـە دوانۆکسـیدی سـلیکۆن پێکدێـت - وەرگێـڕ.

تێگەیشتن و کەسایەتی و هەست و سۆزمانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، تەنانەت خواستیشمانی جڵەوگیر کردووە. بۆیە پۆڵس لە (ڕۆما ٨:٧) دەڵێت: "بایەخدان بە سروشتی دنیایی دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا، چونکە ملکەچی شەریعەتی خودا نابێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت". ئایەتێکی تۆقێنەر و ترسناکە! بەو شێوەیە دەسەڵاتی گوناه تەواو داماندەپۆشێت – دەست بەسەر مێشک و هەست و خواستماندا دەگرێت – بەو هۆیەوە هەر چەندە شکۆ و چاکەی خودا دەبینین، بەڵام لێی دوور دەکەوێتەوە.

بەس نییە کە بڵێن عیسا هاتووە بۆ جیهان بۆ ئەوەی لە گوناهەکانمان ڕزگارمان بکات، ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێت کە ئەو هاتووە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵێک هەڵە و تاوان ڕزگارمان بکات. کاتێک درک بەوە دەکەین کە بە سروشت گوناهبارین – واتە دەبێت درک بەوە بکەین کە ئێمە بەهۆی خراپە و گوناهەکانمانەوە مردبووین (ئەفەسۆس ٢: ١،٥) - ئەو کاتە درک بە خۆشیی هەواڵەکە دەکەین و دڵخۆش دەبین کە ڕێگایەکمان بۆ ڕزگاربوون هەیە.

## خودا گوناه مەحکوم دەکات

(ڕۆما ٣:١٩) بە ترسناکترین ئایەتەکانی نێو کتێبی پیرۆز دادەنرێت. لەو ئایەتەدا پۆڵس هەموو مرۆڤایەتی تۆمەتبار دەکات - سەرەتا نەتەوە ناجولەکەکان، ئینجا جولەکەکان - کە لە ژێر گوناهدان، وە هەمووان بە تەواوی گوناهبارن لەبەردەم خودا. پۆڵس گەیشتووەتە ئەم ئەنجامە: "ئێستا دەزانین هەرچی شەریعەت دەیڵێت، بەوانەی دەڵێت کە لەژێر سایەی شەریعەتدان، تاکو هەموو دەمێک دابخرێت و هەموو جیهان بکەوێتە ژێر لێپرسینەوەی خودا".

دەتوانیت بیر لە واتای ئەو ئایەتە بکەیتەوە؟ ڕابوەستیت لە بەردەم خودا بەبێ ئەوەی هیچ شیکردنەوە یان ڕوونکردنەوەو هۆکار و بیانوویەکت هەبێت؟ واتای چییە لە ژێر لێپرسینەوەی خودا بیت؟ کتێبی پیرۆز ئەمەی ڕوون کردووەتەوە، هەروەک ئەوەی لە بەشی پێشوو بینیمان، کە خودا پیرۆز و ڕاستودروستە، لەبەر ئەوە لە گوناه خۆشنابێت. بەڵام لەلای خودا، واتای چییە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ گوناه دەکات و حوکمی دەدات و سزای دەدات؟

پۆڵس لە (ڕۆما ٦:٢٣) دەڵێت: "کرێی گوناه مردنە..."بە دەربڕینێکی دیکە، مردن بەهای گوناهەکانمانە. وە ئەو مردنە تەنها مردنی جەستەیی نییە، بەڵکو مردنی ڕۆحیشە - جیابوونەوەی تەواوی ئێمەی گوناهباری خراپەکار لە ئامادەبوونی خودای پیرۆز و ڕاستودروست. وە پێغەمبەر ئیشایا بەم شێوەیە باسی دەکات:

"بەڵکو تاوانەکانتان بوون بە بەربەست
لەنێوان ئێوە و خوداتان،
گوناهەکانتان بەم جۆرەی کرد ڕووی خودای لێ شاردنەوە
تاکو گوێتان لێ نەگرێت" (ئیشایا ٥٩: ٢).

هەندێک جار خەڵکی باسی ئەو کارە دەکەن وەک ئەوەی ئامادەبوونێکی نەرێنی و بێ دەنگی خودا بێت، بەڵام لەوە زیاترە. ئەوە حوکمدانی یەکلاکەرەوەی خودایە بۆ گوناه، وە کتێبی پیرۆز دەڵێت ئەمە ترسناک دەبێت. بڕوانە سیپارەیa ئاشکراکردن چۆن باسی شێوەی کۆتایی دەکات لەو ڕۆژەی کە خودای چاک و دادپەروەر جیهان حوکم دەدات. حەوت فریشتەکە "حەوت جامەکەی تووڕەیی خودا بەسەر زەویدا بڕێژن... هەموو خێڵەکانی زەویش شیوەنی بۆ دەگێڕن" (ئاشکراکردن ١٦: ١، ١:٧) وە بەرد و شاخەکان هاوار دەکەن "بکەونە سەرمان تاکو لەڕووی دانیشتووی سەر تەختەکە و تووڕەیی بەرخەکە بمانشارنەوە! چونکە ڕۆژی تووڕەبوونە گەورەکەیان هاتووە و کێ دەتوانێت خۆی ڕابگرێت؟" (ئاشکراکردن ٦:١٦-١٧). وە عیسا دەبینێت، پاشای پاشاکان و خودای خوداکان، لەبەردەمی چۆک دەدەن لەبەر ئەوەی "گوشەری شەرابی تووڕەیی هەڵچووی خودای هەرە بەتوانا دەگوشێت" (ئاشکراکردن ١٩: ١٥).

کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە چارەنووسی کۆتایی ئەو گوناهبارانەی کە تۆبەیان نەکردووە و باوەڕیان نەهێناوە، شوێنی سزای هەمیشەییە بە ناوی "دۆزەخ". وە یۆحەنا لە سیپارەی ئاشکراکردن باسی دەکات بەوەی "دەریاچەیەکی ئاگر و کبریتە"، وە عیسا دەڵێت کە دۆزەخ "ئاگرێکی نەکوژاوەیە» (ئاشکراکردن ٢٠:١٠؛ ٩:٤٣).

بەو جۆرەی کتێبی پیرۆز باسی دۆزەخ دەکات و ئاگادارمان دەکاتەوە لێی،

---

a هەر کتێبێک لە شەست و شەش بەشەکەی کتێبی پیرۆز دەکرێ پێی بگوترێت سیپارە -وەرگێڕ.

تێناگـەم چـی وا دەکات هەندێـک لـە بـاوەڕداران دۆزەخ بـە شـێوەیەک شرۆڤـە بکـەن کـە شـیاو بێـت بـۆ بەرگەگرتـن. کاتێـک سـیپارەی ئاشـکراکردن باسـی عیسـا دەکات کـە گوشـەری ڕق و تووڕەیـی خـودای توانـادار دەگوشـێت؛ وە کاتێـک عیسـا خـۆی ئاگادارمـان دەکاتـەوە و دەڵێـت «ئاگرێـک کـە کوژانـەوەی بـۆ نییـە... لـەوێ کرمەکانیـان نامـرن و ئاگرەکـە ناکوژێتـەوە» (مەرقـۆس ٩: ٤٣، ٤٨)، پرسـیارە سـەیرەکە ئەوەیـە: بەرژەوەنـدی هـەر باوەڕدارێـک لـە کوێدایـە کاتێـک لـە ترسـناکیی ئـەو شـوێنە کـەم دەکاتـەوە؟ بۆچـی گوناهبـاران لەسـەر زەوی ئـارام دەکەینـەوە بـە بیرۆکـەی ئـەوەی کـە دۆزەخ هێنـدەش ترسـناک و خـراپ نییـە؟

## ئێمە ئەوەمان لە خۆمانەوە دانەهێناوە

ئـەو وێنانـە بەڕاسـتی تۆقێنـەرن کـە کتێبـی پیـرۆز لـە باسـکردنی حوکمـی خـودا بـۆ گونـاه بەکاریدەهێنێـت. سـەیر نییـە کاتێـک کـە خەڵکـی ئـەو وەسـفانە دەخوێنێتـەوە کـە کتێبـی پیـرۆز باسـی «دۆزەخ»ی کـردووە، بـە بـاوەڕداران دەڵێـن «نەخـۆش“ چونکـە بـاوەڕی پـێ دەکـەن.

بـەڵام ئـەوە ئامانجەکـە ون دەکات، چونکـە ئێمـە خۆمـان ئـەو وتانەمـان دانەهێنـاوە. ئێمـەی بـاوەڕدار لەسـەر دۆزەخ ناخوێنینـەوە و قسـە ناکەیـن و بـاوەڕی پـێ ناکەیـن لەبـەر ئـەوەی کـە چێـژ وەردەگریـن بـە بیرکردنـەوە لێـی. نەخێـر، خـودا نـەکات. ئێمـە لـە بارەیـەوە قسـە دەکەیـن، لەبـەر ئـەوەی بـاوەڕ بـە کتێبـی پیـرۆز دەکەیـن - بـاوەڕی پـێ دەکەیـن کاتێـک پێـمان دەڵێـت دۆزەخ ڕاسـتییە، وە بـاوەڕی پـێ دەکەیـن و چاومـان پـڕ لـە فرمێسـکە، کاتێـک پێـمان دەڵێـت خۆشەویسـتانمان لـە مەترسـی بەسـەربردنی ژیانـی هەتاتەییـدان لـەوێ.

ئـەوە حوکمـی هوشـیارانەی کتێبـی پیـرۆزە لەسـەرمان. لەنێوانمانـدا کـەس ڕاستودروسـت نییـە، تەنانـەت یەکێکیشـمان. بـە هـۆی ئـەوەوە، هەمـوو زمانێـک بـێ دەنـگ دەبێـت، وە سـنوور دادەنرێـت بـۆ هەمـوو زمانێکـی گاڵتەجـاڕ، وە هەمـوو جیهـان لـە بـەردەم خـودا لێپرسـینەوەیان لەگـەڵ دەکرێـت...

بەڵام...

# بەشی چوارەم

# عیسای مەسیحی ڕزگارکار

لە بەشی پێشوو بە وشەی "بەڵام" کۆتاییمان پێ هێنا، ئەوە یەکێکە لە بەهێزترین ئەو وشانەی کە مرۆڤ دەتوانێ دەریببڕێت. هەرچەندە وشەیەکی بچووکە، بەڵام دەتوانێت هەموو ئەوانەی پێش خۆی لەناوببات. بینیمان کە وشەی بەڵام لەدوای هەواڵی ناخۆش هات، بۆیە چاومان هەڵدەبڕین و ئومیدوار دەبین. ئەو وشەیە توانایی گۆڕینی هەموو شتێکی هەیە، زیاتر لەهەر وشەیەکی دیکە کە زمانی مرۆڤ بتوانێت بیڵێت.

- فڕۆکەکە کەوتە خوارەوە، بەڵام کەس ئازاری پێ نەگەیشت.
- تۆ تووشی شێرپەنجە بوویت، بەڵام بە ئاسانی چارەسەر دەکرێیت.
- کوڕەکەت تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، بەڵام ئازاری پێ نەگەیشتووە.

بەداخەوە، هەندێک کات وشەی "بەڵام" نابینین. هەندێک جار ڕستە تەواو دەبێت جگە لە هەواڵی ناخۆش گوێمان لە هیچ نابێت. بەڵام ئەو ساتە ناخۆشانە وا دەکەن ئەو ساتانە مەزن دەربکەون کە وشەی بەڵامی تێدا بەکاردێت.

سوپاسی خودا دەکەین کە هەواڵی ناخۆش دەربارەی گوناهی مرۆڤ و سزای خودا کۆتایی چیرۆکەکە نییە. ئەگەر کتێبی پیرۆز بە ڕاگەیاندنەکەی پۆڵسی نێردراو کۆتایی بێت - جیهان بێ دەنگ ڕادەوەستێت لەبەردەم تەختی حوکمدانی خودا، هیوامان نەدەبوو بۆ داهاتوو، جگە لە بێ هیوایی هیچ چاوەڕێی نەدەکردین. بەڵام (ئەوەتا لێرە وشەکامان بینی) سوپاس بۆ خودا لەبەر ئەوەی زیاتر هەیە.

تۆ گوناهباریت و چارەنووست حوکمدانە. بەڵام خودا وای کرد کە گوناهباری وەک تۆ ڕزگاری ببێت!

## وتەی هیوابەخش

مەرقۆسی مزگێنیدەر گێڕانەوەکەی خۆی سەبارەت بە ژیانی عیسا بەم وشانە دەستپێدەکات: "سەرەتای مزگێنی عیسای مەسیحی کوڕی خودا". مەرقۆس و باوەڕدارە

یەکەمینـەکان لـە سـەرەتاوە زانییـان کـە هاتنـی عیسـای مەسـیح هەواڵـی خۆشـە بـۆ جیهانـی وێرانکـەر و لـە ژێـر پێـی گوناهـدا مـردوو. لـە ئەنجامـی ئـەو وێرانییـەی کـە گونـاه دروسـتی کـرد، هاتنـی عیسـا وەک ڕاگەیاندنـی بروسـکەیەکی تیـژ بـوو کـە لـە دوای خـۆی هەمـوو شـتێکی گـۆڕی!

تەنانـەت لـە بەهەشـتی عـەدەن، خـودا وشـەی هیوابەخشـی بـە ئـادەم و حـەوا بەخشـی - هەندێـک هەواڵـی خـۆش لەوپـەڕی بـێ هیواییـان. وشـەکان زۆر نەبـوون، بەڵکـو ئاماژەیـەک بـوو؛ لەڕاسـتیدا نمیچەڕسـتەیەک بـوو کـە خـودا لـە کۆتاییـدا ئاراسـتەی مارەکـەی کـرد.

"...ئەو سەرت پان دەکاتەوە و

تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت" (پەیدابوون ٣: ١٥).

بـەڵام ئـەو ئاماژەیـە شـتێکی گرنـگ بـوو. خـودا ویسـتی ئـادەم و حـەوای یاخـی بزانـن کـە چیرۆکەکـە کۆتایـی نەهاتـووە. وە لێـرەدا تروسـکاییەک لـە مـژدە دەبینیـن - هەواڵێکـی خـۆش لەنێـو کارەسـاتدا.

ئـەوەی مـاوە لـە کتێبـی پیـرۆز بۆمـان دەگێڕێتـەوە کـە چـۆن ئـەو تـووە بچووکـە لـە هەواڵـی خـۆش ڕوا و چـرۆی کـرد و گەشـەی کـرد. بـەر لـە هـەزاران سـاڵ، خـودا جیهانـی لـە ڕێگـەی شـەریعەت و پێشـبینییەوە ئامـادە کـرد بـۆ لێدانـی لەناوبـەری سەرسـامکەر لـە مارەکـە، بـە ژیـان و مـردن و هەسـتانەوەی عیسـای مەسـیح. وە کاتێـک هەمـوو شـتێک کۆتایـی هـات، ئـەو گوناهـە شکسـتی هێنـا کـە لـە ئادەمـەوە بـۆ هەمـوو نەوەکانـی مایەوە؛ ئـەو مردنـە دەمرێـت کـە خـودا بـۆ بەدیهێـنراوان ڕایگەیانـد، وە دۆزەخ دەکەوێتـە سـەر ئەژنـۆ. کتێبـی پیـرۆز چیرۆکـی هێرشـی پێچەوانـەی خودایـە بـۆ سـەر گونـاه. چیرۆکێکـی گەورەیـە کـە دەیگێڕێتـەوە چـۆن خـودا بـە شـێوەیەکی دروسـت ئەمـەی جێبەجـێ دەکات، وە چـۆن ڕۆژێـک بـۆ هەتاهەتایـە تـەواوی دەکات.

## خودا و مرۆڤی تەواو

هەمـوو نووسـەرانی ئینجیـل چیرۆکەکانیـان بـە ژیانـی عیسـا دەسـت پێدەکـەن و بـە ڕونکردنـەوەی ئـەوەی کـە مرۆڤێکـی ئاسـایی بـووە. مەتـا و لۆقـای مژدەبەخـش چیرۆکـی

ئـەو فریشـەیە دەگێڕنـەوە کـە هـات بـۆ لای کچێکـی پاکیـزە کـە نـاوی مریـەم بـوو، وە پێـی گـوت کـە سـکی پـڕ دەبێـت و منداڵێکـی دەبێـت. مریـەم بـە شـڵەژاوییەوە پرسـیاری لـێ کـرد: "«ئەمـە چـۆن دەبێـت، کـە مـن هێشـتا پاکیـزەم؟» فریشـتەکە وەڵامـی دایـەوە: «ڕۆحـی پیـرۆز دێتـە سـەرت و هێـزی خـودای هەرەبـەرز دەبێتـە سـایەی سـەرت. لەبـەر ئـەوە ئـەو پیـرۆزەی لێـت دەبێـت بـە کـوڕی خـودا ناودەبردرێـت."

یۆحەنـا بـە ڕسـتەیەکی سـەرنجڕاکێش دەسـت پێـدەکات: "لـە سـەرەتادا] ئـەم وشـانە دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ پەیدابـوون ١: ١[، وشـەکەهەبوو، وشـەکە لـەلای خـودا بـوو، وشـەکە خـۆی خـودا بـوو... وشـەکەش بـوو بـە مـرۆڤ و لەنێوانمانـدا نیشـتەجێ بـوو" (یۆحەنـا ١: ١، ١٤).

هەمـوو ئەوانـە - لەدایکبونـی عیسـا لـە کچێکـی پاکیـزە، وە ناسـناوی "کـوری خـودا"، وە دڵنیاکردنـەوەی یۆحەنـا لـەوەی «وشـەکە خـودا بـوو"، وە ڕاگەیاندنـی «وشـەکە بـوو بـە مـرۆڤ»- ئامانـج لێـی فێرکردنمانـە سـەبارەت بـە کەسـایەتی عیسـا.

کتێبـی پیـرۆز پێـمان دەڵێـت کـە عیسـا مرۆڤێکـی تـەواو و خودایەکـی تـەواوە. وە ئـەوە خاڵێکـی گرنـگ و یەکلاکەرەوەیـە پێویسـتە لەبارەیـەوە تێبگەیـن؛ لەبـەر ئـەوەی مرۆڤـی تـەواو، کـوڕی خـودا کـە سروشـتێکی خودایـی تـەواوی هەیـە، تەنهـا ئـەو دەتوانێـت خـۆی بکاتـە قوربانـی بـۆ ئێمـە. ئەگـەر عیسـا تەنهـا مرۆڤێـک بووایـە - لـە هەمـوو شـتێکدا لـە ئێمـە بچووایـە، لەوانـە تـاوان و گوناهـمان - ئـەوا بـە ئەنـدازەی مردووێـک دەیتوانـی ئێمـە ڕزگار بـکات.

بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەو کـوڕی خودایـە، بێگوناهـە و لـە تەواویـی خودایەتـی یەکسـانە لەگـەڵ خـودای بـاوک، ئـەو دەتوانێـت مـردن لەنـاو ببـات و ڕزگارمـان بـکات لـە گوناهـمان. هـاوکات، زۆر گرنگـە کـە عیسـا یەکێـک بێـت لـە ئێمـە- واتـا مرۆڤێکـی تـەواو بێـت بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـە شـێوەیەکی ڕاسـت لـە بـەردەم باوکیـدا نوێنەرایەتـی ئێمـە بـکات. هەروەهـا نووسـەری نامـەی عیبرانییـەکان باسـی ئـەوە دەکات کـە عیسـا دەتوانـێ "هاوخەمـی لاوازییەکانمـان بێت،]لەبـەر ئـەوەی[ وەکـو ئێمـە لـە هەمـوو شـتێک تاقـی کراوەتـەوە، بـەڵام بـێ گونـاە دەرچـوو" (عیبرانییـەکان ٤:١٥).

## مەسیحی پاشا لێرەیە!

کاتێـک عیسـا دەسـتی بـە خزمەتەکـەی کـرد، پەیامێکـی نایابـی بـڵاو کـردەوە: (ئێسـتا کاتـی هاتـووە. وە شانشـینی خـودا هـات. تۆبـە بکـەن و بـاوەڕ بـە هەواڵـی خـۆش بکـەن!)

وشـەکانی ئـەو پیـاوە واتـای ئەوەیـە شانشـینی خـودا هاتـووە، وە بـە خێرایـی لـە هەمـوو لایەکـی وڵات بـڵاو بـووەوە. وە خێـرا خەڵکـی بـە گرۆتینـەوە لـە عیسـا کۆبونـەوە بـۆ ئەوەی گـوێ لـە "هەواڵـی خـۆش" بگـرن. بـەڵام سەرنجڕاکێشـی ئـەوە لـە چیـدا بوو؟

بـە درێژایـی چەنـد سـەدەیەک، خـودا لـە ڕێـگای شـەریعەت و پێغەمبەرەکانییـەوە پەیامەکـەی ڕایدەگەیانـد، لەبـارەی ئـەو کاتـەی کـە بـۆ هەتاهەتایـە سـنوورێک دادەنێـت بـۆ خراپـەی جیهـان، وە گەلەکـەی لـە گوناهەکانیـان ڕزگار دەکات.

هەمـوو بەرهەڵسـتییەک ڕادەماڵێـت و فەرمانڕەوایەتییەکـەی واتـە (شانشـینەکەی) لەسـەر زەوی بنیـاد دەنێـت. لـەوەش زیاتـر، خـودا بەڵێنـی دا کـە شانشـینەکەی بنیـاد بنێـت لـە کەسـێکی پاشـایانەی دەستنیشـانکراو، یەکێـک لـە ڕەچەڵەکـی پاشـایەتی مەزنـی داود. وە لـە (دووەم ساموئێل ٧: ١١) خـودا بەڵێنـی بـە داود دا کـە یەکێـک لـە نەوەکانـی لەسـەر تەختـی ئـەو بـۆ هەتاهەتایـە فەرمانڕەوایەتـی دەکات. وە پێغەمبـەر ئیشـایا دەربـارەی پاشـایەتی ئـەو کەسـەوە گوتـی:

> چونکـە کوڕێکـمان دەبێـت، کوڕێکـمان پێدەدرێـت و سـەرکردایەتی دەکەوێتـە سەرشـانی. نـاوی لـێ دەنرێـت سەرسـوڕهێنەر و ڕاوێـژکار، خـودای بەتوانـا، باوکـی هەتاهەتایـی، میـری ئاشتی.گەشەسـەندنی سـەرۆکایەتی و ئاشـتییەکەی بـێ کۆتایـی دەبێـت. لەسـەر تەختـی داود و بەسـەر شانشـینەکەی پاشـایەتی دەکات بـۆ چەسپاندنی و بەهێزکردنـی، بـە دادپـەروەری و بەڕاستودروسـتی لـە ئێسـتاوە و هەتاهەتایـە. دڵگەرمییەزدانـی سوپاسـالار ئەمـە دەکات (ئیشـایا ٩: ٦-٧).

لەبـەر ئـەوە ئـەو گرۆتینـە بێنـە بەرچـاوت کـە بڵاوبـووەوە کاتێـک کـە عیسـا ڕایگەیانـد کـە شانشـینی ئاسـمان هاتـووە. ئـەوە واتـا ئـەو مەسـیحەی کـە لـە ڕەچەڵەکـی داودە و زۆر چاوەڕوانـی بـوون لـە کۆتاییـدا وا لێرەیـە! نووسـەرانی ئینجیلـەکان سوورن لەسـەر ئـەوەی

پاشای هاتوو لە ڕەچەڵەکی داود، جگە لە عیسا کەسی دیکە نییە. وە لۆقا قسەکانی فریشتەکە بۆ مریەم دەنوسێت کە مژدەی لەدایکبونی عیسای پێ دا:

> ”پایەبەرز دەبێت و بە کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت، خودای پەروەردگاریش تەختی داودی باوکی پێدەداتەوە. هەتاهەتایە حوکمڕانی نەوەییاقوب دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت.“ (لۆقا ١: ٣٢-٣٣)

مەتای مزگێنیدەر ئینجیلەکەی بە زنجیرەیەک ڕەچەڵەک دەست پێدەکات کە ڕەچەڵەکی عیسا دەگەڕێنێتەوە بۆ داودی پاشا، ئینجا بۆ ئیبراهیم. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە مەتا زنجیرەی ڕەچەڵەکەکەی بە شێوازێکی دیاریکراو دابەش کردووە بۆ سێ نەوە و هەریەکێکیان لە چواردە ناو پێکهاتووە. هەروەک ئەوەی کە هەر جولەکەیەک زۆر باش دەزانێت، ژمارە چواردە ئەو ژمارەیەیە کە لە ئەنجامی زیادکردنی بەهای سێ پیتە عیبرییەکەیە کە لەناوی داود هەیە دروست دەبێت (بە عیبری ناوی داود بەم جۆرە دەنوسرێت: د - و - د؛ (د)پیتی چوارەمە وە (و) شەشەمە، کۆی بەهای پیتەکان بەکرداری دەکات ٤+٦+٤=١٤، نووسەر). بە کرداری، مەتا – وە هەموو باوەڕداران– لە سەرەتای چیرۆکەکە دەربارەی عیسا هاوار دەکات، ئەو ”پاشایە! پاشایە! پاشایە!“.

## هەواڵی خۆشی چاوەڕوان نەکراو

پەیمانی نوێ چیرۆکی هاتنی عیسایە بۆ سەر زەوی کاتێک پاشایەتی خودای دامەزراند و دەستی کرد بە ڕاماڵینی نەفرەتی گوناە. ئەوە جگە لەوەی ئەو شانشینەی عیسا دایمەزراند لەو شانشینە نەدەچوو کە جولەکە دەیویست و چاوەڕێی دەکرد، ئەوان دەیانویست مەسیحک بێت بتوانێت شانشینێکی ڕامیاری لەسەر زەوی دابمەزرێنێت کە قەیسەری ڕۆمانی لەناوببات، کە ئەوکاتە لەسەر حوکم بوون. بەڵام عیسا هەرگیز بەدوای تاجی جیهانیدا نەدەگەرا، بەڵکو بۆ پێشکەشکردنی جاڕدان و فێرکردن، چاککرنەوەی نەخۆش و لێخۆشبونی گوناە و هەستاندنەوەی مردووەکان و ڕاگەیاندنی وشەی زۆر ڕوون بە فەرمانڕەوای ڕۆمانی: ”پاشایەتی من سەر بە ئێرە نییە“ (یۆحەنا ١٨: ٣٦).

ئەمە واتای ئەوە نییە کە شانشینەکەی هەرگیز لەم جیهانە نابێت. پێش ئەوە بە کاتێکی کەم عیسا بە سەرۆکی کاهینانی گوت: ”من ئەوم. لە داهاتووش دەبینن کوڕی مرۆڤ لە دەستەڕاستی خودای توانادار دادەنیشێت و بەسەر هەوری ئاسمانەوە دێتەوە» (مەرقۆس ١٤: ٦٢)، وە لە سیپارەی ئاشکراکردن بەشی بیست و یەک دەخوێنینەوە کە فەرمانڕەوایی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ دەکات، کە لە ڕەگ و ڕیشەوە گۆڕاون و لە کۆیلایەتی گوناە ڕزگاری کردووە.

بێگومان هەموو ئەوانە هەواڵی خۆشن، ئەگەر وەریبگرین. بەڵام لەدوای ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ کێشەی گوناهەکەمان، ئەی وا نییە؟ ئەگەر شتێک ڕوونەدات کە سوچی گوناە و یاخیبوونمان لە خودا لابدات، بە دوورخراوەیی لەو دەمێنینەوە، وە کۆتایمان دڵخۆشی نابێت بە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ، بەڵکو سزای هەمیشەیی دەبێت لە دۆزەخ.

وە لێرەدایە کە هەواڵی زۆر خۆشی مەسیحییەت دێتە ئاراوە. عیسا تەنها بۆ ڕاگەیاندنی شانشینی خودا نەهاتووە، بەڵکو بۆ ئامادەکردنی گوناهباران بۆی، ئەوەش بە مردنی خۆی لەبری ئەوان و گوناهەکانیان. عیسا سزاکەی ئەوانی وەرگرت و لێخۆشبونی بۆ مسۆگەر کردن، لەبەر چاوی خودا ڕاستودروستی کردن، وە دواتر ئامادەیان دەکات کە ببنە هاوبەش لە میراتی شانشیندا (کۆلۆسی ١: ١٢).

## پاشایەکی ئازارچەشتوو؟

”ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات“، ئەمە قسەی یەحیای لەئاوهەڵکێش بوو، ئەو پێغەمبەرەی کە جلی لە پێستی وشتر دروست دەکرد و کوللەی دەخوارد، کاتێک بینی عیسا بەرەو لای دێت (یۆحەنا ١:٢٩). واتای قسەکەی چییە؟ بەرخی خودا؟ گوناهی جیهان لادەبات؟ هەموو جولەکەکانی سەدەی یەکەم یەکسەر تێگەیشتن مەبەستی یەحیا چییە لە دەربڕینی «بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات“؛ ئەوە ئاماژە بوو بۆ جەژنی تێپەڕینی جولەکە، ئەوە ئاهەنگێکی یادەوەری بوو بۆ ڕزگارکردنی پەرجووئاسای گەلی ئیسرائیل لە کۆیلایەتی میسر لە نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵ پێشتر.

خـودا نەفرەتـی لـە میسرییـەکان کـرد، وە دە بـەڵای بـۆ نـاردن، لـە هـەر جارێـک دڵـی پاشـای میـسر ڕەقـتر دەبـوو وە ڕەتـی دەکـردەوە کـە گەلەکـە ئـازاد بـکات. بـەڵای کۆتایـی توندترینیـان بـوو. خـودا بـە نـەوەی ئیسرائیلـی گـوت کـە فریشـتەی مـردن لـە شـەوێکی دیاریکـراودا دێتـە نـاو خاکـی میـسر، هەمـوو نۆبەرەیەکـی مـرۆڤ و ئـاژەڵ دەکوژێـت لـەو وڵاتـەدا. ئـەو بڕیـارە ترسـناکە نـەوەی ئیسرائیلیـش دەگرێتـەوە - ئەگـەر بـە وردی ڕێنماییەکانـی خـودا جێبەجـێ نەکـەن. خـودا پێـی گوتـن: پێویسـتە لەسـەر هەرخێزانێـک کـە بەرخێـک بهێنیـن کـە هیـچ کەموکورتـی نەبێـت و سـەری ببڕێـت. ئینجـا بـە بەکارهێنانی ڕووەکـی زوفـا خوێنەکـەی بپرژێنێـت بـە چوارچێـوەی دەرگای ماڵەکەیـان. وە خـودا بەڵێنـی پێـدان کـە کاتێـک فریشـتەکە بەوێـدا تێدەپەڕێـت و خوێنەکـە دەبینێـت ئـەوا ئـەو ماڵـە تێدەپەڕێنێـت و لـە حوکمـی مـردن دەیانبەخشـێت.

بـەو شـێوەیە ئاهەنگـی جەژنـی تێپەڕیـن (پەسـخە) دروسـت بـووە، بـە تایبەتـی بەرخـی پەسـخە، ئاماژەیەکـی بەهێـزە بـۆ بیرۆکـەی ئـەوەی کـە کەسـێک دەتوانێـت بـاج و بەهـای مردنـی کەسـێکی دیکـە بـدات کـە بەهـۆی گوناهـەوە شـایانیەتی. لـە ڕاسـتیدا بیرۆکـەی "گۆڕینـەوەی سـزا"لە قوربانییەکانـی پەیمانـی کۆنـدا بنیـاد نـراوە. وە لـە ڕۆژی کەفارەتـی سـاڵانە، سـەرۆکی کاهینـان دەچـووە شـوێنێکی دیاریکـراو لەنێـو پەرسـتگا، کـە ناسرابـوو بـە شـوێنی هەرەپیـرۆز، وە ئاژەڵێکـی تـەواو و بـێ کەموکـوڕی سـەردەبڕێت بـۆ ئـەوەی ببێتـە بەهـای گوناهـی گـەل. سـاڵ لـە دوای سـاڵ ئـەوە ڕوویـدەدا، هـەر سـاڵێک جارێکـی دیکـە سـزای گوناهـی گـەل بـە خوێنـی بـەرخ دوا دەخـرا.

ماوەیەکـی زۆری خایانـد هەتـا شـوێنکەوتەکانی عیسـا درکیـان بـەوە کـرد کـە هاتنـی عیسـا تەنهـا بـۆ ڕاگەیاندنـی شانشـینی خـودا نەبـوو، بەڵکـو بـۆ مردنـی بـوو وەک قوربانـی لەبـری گەلەکـەی. درکیـان بـەوە کـرد کـە عیسـا تەنهـا پاشـایەکی ئاسـایی نەبـوو، بەڵکـو پاشـایەکی ئازارچەشـتوو بـوو.

هـەر لـە سـەرەتاوە عیسـا دەیزانـی کـە کارەکـەی ئەوەیـە لەپێنـاو گوناهـی گەلەکـەی بمرێـت. لـە لەدایکبوونییـەوە فریشـتەکە ڕایگەیانـد کـە ئـەو «گەلەکـەی لـە گوناهەکانیـان ڕزگار دەکات" (مەتـا ١: ٢١)، وە لۆقـای مزگێنیـدەر پێـمان دەڵێـت: "کـە ڕۆژانـی بەرزکردنـەوەی عیسـا نزیـک بـووەوە، پێداگـری کـرد لەسەرڕۆیشـتنی بـۆ ئۆرشـەلیم" (لۆقـا

٩: ٥١). لە ئینجیلەکانـدا هاتـووە کـە چەندیـن جـار عیسـا پێشـبینی مردنـی خـۆی کـردووە، وە کاتێـک پەتـرۆس بـە ڕێگایەکـی گەمژانـە ڕێگـری لـێ کـرد، عیسـا سەرزەنشـتی کـرد و پێـی گـوت: «لەبەرچـاوم لاچـۆ، ئـەی شـەیتان! تـۆ کۆسـپی لەبەردەمـم...“ (مەتـا ١٦: ٢٣). عیسـا چـاوی لەسـەر ئۆرشـەلیم بـوو - واتـە چـاوی لەسـەر مردنـی خـۆی بـوو.

عیسـا درکـی بـە گرنگـی و مەبەسـتی مردنـی خـۆی کـرد. لـە (مەرقـۆس ١٠:٤٥) دەڵێـت: ”چونکـە تەنانـەت کـوڕی مرۆڤیـش نەهاتـووە تاکـو خزمـەت بکرێـت، بەڵکـو خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات بـۆ کڕینـەوەی خەڵکێکـی زۆر“. وە لـە (مەتـا ٢٦: ٢٨) لـە دواییـن خوانیـدا لەگـەڵ قوتابییەکانـی بەشـداری کـرد، جامێـک شـەرابی هەڵگـرت و فەرمـووی: ”ئەمـە خوێنـی منـە، خوێنـی پەیمانەکەیـە کـە لـە پێنـاوی خەڵکێکـی زۆر بـۆ گونـاه بەخشـین دەڕژێـت“ (مەتـا ٢٦: ٢٧-٢٨). وە لـە شـوێنێکی دیکـەدا فەرمـووی: ”ژیانـم بـۆ مـەڕەکان دادەنێـم... کـەس لـە منـی ناسـتێنێ، بەڵکـو خـۆم دایدەنێـم...“ (یۆحەنـا ١٠: ١٥، ١٨). عیسـا هـۆکاری مردنـی دەزانـی، بـە پاڵنـەری خۆشەویسـتییەوە خۆبەخشـانە ژیانی خـۆی بـۆ گەلەکـەی دانـا، وەکـو بەرخـی خـودا کـە سـەر دەبڕدرێـت بـۆ ئـەوەی گەلەکـەی لێخۆشـبوون بەدەسـتبهێنێت.

بـاوەڕدارە یەکەمینـەکان بـە ڕێنمایـی ڕۆحـی پیـرۆز درکیـان بـەوە کـرد کـە عیسـا لـە سـەر خـاچ جێبەجێـی کـرد. پۆڵـس بـەم جـۆرە باسـی کـرد: ”مەسـیح ئێمـەی لـە نەفرەتی شـەریعەت کڕییـەوە“ (گەلاتیـا ٣:١٣-١٤). وە لـە شـوێنێکی دیکـەدا ڕوونـی دەکاتـەوە: «ئـەوەی گوناهـی نەدەناسـی خـودا لـە پێنـاوی ئێمـە کردییـە گونـاه، تاکـو بەیەکبـوون لەگـەڵ مەسـیحدا ببین بە ڕاسـتودروسـتیی خـودا“ (دووەم کۆرنسـۆس ٥: ٢١). وە پەترۆسـی نێـردراو نووسـیویەتی: ”لەبەر ئـەوەی مەسـیح تەنهـا جارێـک لەبـەر گونـاه ئـازار درا، بێتـاوان لـە پێنـاوی تاوانبـاران، تاکـو لـە خودامـان نزیـک بکاتـەوە» (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ١٨)، ”ئـەوەی خـودی خـۆی لـە لەشـیدا لەسـەر دار گوناهەکانمانـی هەڵگـرت، تاکـو سـەبارەت بـە گونـاه بمریـن و بـە ڕاسـتودروسـتی بژیـن. بـە برینەکانـی ئـەو چاکبوونـەوە» (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٢٤).

دەبینینـت بـاوەڕدارە یەکەمینیـەکان دەربـارەی گرنگیـی مردنـی عیسـاوە چـی دەڵێـن؟ دەیانگـوت مردنـی عیسـا سـزای گوناهەکانـی نەبـوو (ئـەو هیـچ گوناهێکـی نەبـوو!). سـزای گوناهەکانـی گەلەکـەی بـوو! وە ئـەو لـە گلگۆسـا لەسـەر خـاچ هەڵـواسرا و هەمـوو ئـەو

قورساییە ترسناکەی گوناهی گەلی خودای هەڵگرت. هەموو یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە و گوناهەکانیان خرایە ئەستۆی ئەو. بەو شێوەیە ئەو نەفرەتەی چێژت کە خودا لە بەهەشتی عەدەن ڕایگەیاند کە حوکمی مردن بوو.

عیسا بە ئازارێکی زۆرەوە هاواری کرد: “ئێلی، ئێلی، لەما شەبەقتانی؟” واتا [خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟] (مەتا ٢٧:٤٦). باوکی ئاسمانی عیسا، کە پیرۆز و ڕاستودروستە، ئەوەی کە چاوەکانی لەوە پاکترە تەماشای خراپە بکات، تەماشای کوڕەکەی کرد و بینی گوناهی گەلەکەی لەسەر شانی ئەوە، لێی دوور کەوتەوە و توڕەییەکەی بەسەر کوڕەکەیدا ڕشت. مەتای مزگێنیدەر دەنووسێت کە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر تاریکی باڵی بەسەر زەویدا کێشا لەو کاتەی عیسا لەسەر خاچ هەڵواسرابوو. ئەو تاریکییە حوکمدان بوو، توڕەیی خودا قورس بوو کە خرایە سەر عیسا کاتێک گوناهی گەلەکەی هەڵگرت و لەجیاتی ئەوان مرد.

ئیشایای پێغەمبەر پێش حەوت سەدە لە ڕوودانی ئەم ڕووداوە، پێشبینی کردبوو:

> ”بە دڵنیاییەوە دەردەکانی ئێمەی هەڵگرت، ئازارەکانی ئێمەی برد، ئێمەش وامانزانی لەلایەن خوداوە گورزی بەرکەوتووە، لێی دراوە و زەلیلە. بەڵام ئەو لەبەریاخیبوونەکانمان بریندار بوو، لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا. ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سزای چێژت، بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە“ (ئیشایا ٥٣: ٤-٥).

ئایا گرنگیی ئەوە دەبینی؟ لە کۆتاییدا، ئەوە واتا وا پێویست بوو من بمرم، نەک عیسا. دەبووایە من سزا بدرێم نەک عیسا. بەڵام ئەو شوێنەکەی منی وەرگرت و لە بری من مرد.

تاوانی من بوو، بەڵام ئەو ئازاری چێژت. خراپەی من بوو، بەڵام ئەو تەمبێ کرا. گوناهی من بوو، بەڵام ئەو دڵتەنگ بوو. وە بەو سزایەی کە بەرگەی گرت، ئاشتی بۆ کڕیم. بە لێدانی قامچی لەو چاکبوونەوەم بەدەستهێنا، وە بە دڵتەنگی ئەو دڵخۆشیم بەدەستهێنا. وە بە مردنی ئەو ژیانم وەرگرت.

## چەقی مزگێنیی مەسیح

بەداخـەوە، پێـم وایـە کـە بیروبـاوەڕی مردنـی کەفارەتئاسـای عیسـا ئـەو بەشـەیە کـە خەڵکـی جیهـان زیاتـر ڕقیـان لێـی دەبێتـەوە لـە مزگێنـی مەسـیحیدا. بـە سـادەیی خەڵکـی بێـزار دەبـن لـە بیرۆکـەی سـزادانی عیسـا لەسـەر گوناهـی کەسـێکی دیکـە. هەندێـک لـە نووسـەران ئـەو بیرکردنەوەیەیـان نـاو بـردووە بـە "ئازاردانـی منداڵـی خـودا". جگـە لـەوەش دوورخسـتنەوەی بیرۆکـەی کەفـارەت لەجیاتـی کەسـێکی دیکـە و ڕەتکردنـەوەی لـە ڕاسـتیدا ڕەتکردنـەوەی نـاوەڕۆک و کرۆکـی مزگێنیـی مەسـیحە. وە بـە دڵنیاییـەوە زۆر وێنـەی نـووسراو هەیـە لـە کتێبـی پیـرۆزدا دەربـارەی ئـەوەی کـە عیسـا بـە مردنـی چـی ئەنجـام دا، بـۆ نموونـە ئاشـتەوایی و سـەرکەوتنی هێنایـە ئـاراوە. جگـە لـەوەش لـە پەنـای هەموویانـدا ڕاسـتییەک هەیـە کـە هەمـوو وێنەکانـی دیکـە ئامـاژەی بـۆ دەکـەن: ئەویـش گۆڕینـەوەی سـزایە. بـە ئاسـانی ناتوانرێـت دەسـتبەرداری ئـەو ڕاسـتییە ببیـن، یـان لـە کەمکردنـەوەی بـۆ قورسـکردنی لایەنـی دیکـەی وێنـەکان، ئەگینـا بـەوە دیمەنێـک لـە کتێبـی پیـرۆز دەردەکەوێـت کـە پـڕ لـە پرسـیاری بـێ وەڵام دەبێـت. بۆچـی قوربانـی پێشـکەش دەکەیـن؟ مەبەسـت چییـە لـە ڕشـتنی خوێـن؟ چـۆن دەکرێـت بەزەیـی خـودا جێبەجـێ بکرێـت بەرامبـەر بـە گوناهبـاران بەبـێ پێشـێلکردنی دادپـەروەری؟ ئـەو ئایەتەی لـە (دەرچـوون ٣٤: ٧)هاتـووە واتـای چییـە؟ «لـە تـاوان و یاخیبـوون و گونـاه خۆشـدەبێت، بـەڵام تاوانبـاران ئەسـتۆپاک نـاکات...“ چـون دەکرێـت خـودای دادپـەروەر و ڕاستودروسـت، تاوانبـاران ئەسـتۆپاک بـکات (ڕۆمـا ٤:٥)؟

لـە خاچـی گلگۆسـا وەڵامـی هەمـوو ئـەو پرسـیارانە درایـەوە – لـە مردنـی عیسـا لـە بـری گەلەکـەی. دەکـرێ خـودای دادپـەروەر و ڕاستودروسـت تاونبـاران ئەسـتۆپاک بـکات، لەبـەر ئـەوەی ئاشـتبوونەوەی تـەواو لـە نێـوان بەزەیـی و دادپـەروەری لـە مردنـی عیسـادا هاتـە دی. وە داواکاریـی نەفـرەت بـە ڕاسـتەڕێیی جێبەجـێ کـرا، وە ئێمـە بـە بەزەییـەوە ڕزگار کرایـن.

## عیسا هەستایەوە

بێگومـان، هەمـوو ئـەوە ڕاسـتییە - هەواڵـی خۆشـە - تەنهـا لەبـەر ئەوەی عیسـای پاشـای لەخاچـدراو بـە مردوویـی نەمایـەوە و لەنـاو گـۆڕ هەسـتایەوە. هەمـوو ئـەو گومانانـەی لـە کاتـی مردنـی عیسـا قوتابییەکانـی تێکشـکاند، لـەو کاتـەدا نەمـا کـە فریشـتەکە بـە ژنەکانـی

گـوت: ”بۆچـی لەنێـو مـردووان بـەدوای زیندووەکـەدا دەگەڕێـن؟ ئـەو لێـرە نییـە، بەڵکـو هەسـتایەوە!“ (لۆقـا ٥:٢٤-٦).

ئەگـەر عیسـا بـە مردوویـی بمابایـەوە وەکـو هـەر «ڕزگارکار“، ”مامۆسـتا“ یـان ”پێغەمبەرێـک“ی دیکـە دەبـوو؛ واتـا مردنەکـەی لـە مردنـی مـن و تـۆ زیاتـر نەدەبـوو. ئـەو کاتـە شـەپۆلی مـەرگ دایدەپۆشـی وەک ئـەوەی لـە ژیانـی هـەر مرۆڤێکـی دیکـەدا هەیـە، هەرچـی کـە بانگـەوازی بـۆ کـردووە لـە هیچـدا نقـووم دەبـوو، مرۆڤایەتیـش بەبـێ هیـوای ڕزگاری لـە گونـاە دەمایـەوە. بـەڵام کاتێـک هەناسـە هاتـەوە سـییەکانی کـە لـەدوای مردنـی جارێکـی دیکـە گەڕابـووەوە، وە کاتێـک ژیانـە هەسـتاوەکەی جەسـتەی شـکۆمەندی بـە هێـزەوە وروژانـد، هەمـوو ئـەوەی کـە عیسـا گوتبـووی بـە تـەواوی بەبـێ گومـان پشتڕاسـت کرایـەوە.

پۆڵسـی نێـردراو لـە نامـەی (ڕۆمـا ٨) خۆشـی دەردەبڕێـت بـە هەسـتانەوەی عیسـا و واتـای ئـەو هەسـتانەوەیە بـۆ بـاوەڕداران:

> ”کـێ سـکاڵا لـە هەڵبژێردراوانـی خـودا دەکات؟ خودایـە ئـەوەی بێتـاوان دەکات. کێیـە تاوانبـار دەکات؟ کـەس نییـە. عیسـای مەسـیحە کـە مـرد، بەڵکـو لەمـەش زیاتـر هەسـتێنرایەوە، هـەر ئەویـش لـە دەستەڕاسـتی خودایـە و داکۆکیـمان لێـدەکات“ (ڕۆمـا ٨: ٣٣-٣٤).

چەنـد بیرۆکەیەکـی جوانـە - عیسـای مـرۆڤ ئێسـتا لـە دەستەڕاسـتی خـودا بـە شـکۆمەندی و هێـزەوە دانیشـتووە، شـایانی ناسـناوی پاشـای گەردوونـە! نـەک تەنهـا ئـەوە، بەڵکـو داکۆکـی لـە گەلەکـەی دەکات، لـە کاتێکـدا ئێمـە چاوەڕێـی هاتنـەوەی کۆتایـی شـکۆمەندانەی دەکەیـن.

بەڵام هەموو ئەمانە پرسیارێکی دیکە دەورژێنێت، مەگەر نە؟ ”گەلەکەی“ کێن؟

# بەشی پێنجەم

## بەدەنگەوەهاتن - باوەڕ و تۆبەکردن

هـەر زوو دەسـتم کـرد بـەوەی کوڕەکـەم فێـری مەڵەکـردن بکـەم. کارێکـی ڕۆتینـی بـوو، پێـم وا بێـت لـە تەمەنـی یـەک سـاڵ یـان کەمێـک زیاتـر بـوو، ئـەو کـوڕە بچووکـە حـەزی نەدەکـرد لەنـاو بانیۆیەکـەدا ئـاو بـەر ڕوخسـاری بکەوێـت، هەتـا دەگات بـەو حـەوزە گەورەیـەی کـە تێیـدا بـوو. لـە سـەرەتادا، "فێـری مەڵەکـردن" واتـا وای لێبکرێـت بـە دەوری ئاوەکـەدا بسـوڕێتەوە، ڕەنگـە دەمـی بخاتـە نـاو ئاوەکـەوە هەتـا ئـەو ڕادەیـەی هەندێـک بڵـق دروسـت بـکات ئەگـەر بەڕاسـتی هەسـتی بـە کەمێـک ئازایەتـی کـرد.

لـە کۆتاییـدا، ڕازیـم کـرد کـە لـە تەنـکاوی حەوزەکـە لەگەڵـم بێـت، بێگومان دەسـتەکانی لـە ملـم ئاڵاندبـوو بـە شـێوەیەک خەریـک بـوو دەیخنکانـدم. کاتێـک ئـەوەی ئەنجـام دا کاتـی نمایشـی گـەورە هـات - خوهەڵـدان لـە لێـواری حەوزەکـەوە. وە بـۆ تەواوکردنـی ئەرکـی باوکایەتیـم کەلـە خـوداوە پێـم سـپێردراوە، لەنـاو مەلەوانگەکـە بـەرزم دەکـردەوە و لەسـەر لێوارەکـە ڕامدەگـرت و پێـم دەگـوت: «دەی بـازدە!».

پێـم وایـە لـەو چرکەیـەدا کوڕەکـەم منـی بـە پیاوێکـی شـێت دادەنـا. لـە مـاوەی دوو چرکـەدا، تێروانینـی ڕوخسـاری لـە شـڵەژاوییەوە گـۆڕا بـۆ سـەرەتای درکپێکـردن، ئینجـا ڕەتکردنەوەیەکـی جـوان و ڕوون. ڕووی لێـم گـرژ کـرد و گوتـی: "نەخێـر، مـن دەچـم بـۆ لای دایکـم". جارێکـی دیکـە، بـە دڵسـۆزی بـۆ بەرپرسـیارێتی باوکایەتـی کـە پێـم بەخـشراوە هەڵسـوکەوتم کـرد، ڕەتـم کـردەوە خـۆم بەدەسـتەوە بـدەم و دوای کەوتـم هەتـا لـە کۆتاییـدا ڕازیـم کـرد (بـە چەندیـن جـۆر بەرتیـل) بـۆ ئـەوەی بێتـەوە نـاو مەلەوانگەکـە. بـەو شـێوەیە گەیشـتە کاتـە ڕاسـتەقینەکە.

جارێکـی دیکـە خـۆی هەڵدایـە نـاو ئاوەکـە و لەبەردەمـی ڕاوەسـتام و باوەشـم بـۆی کـردەوە، چاودێریـم دەکـرد کـە دەجووڵایـەوە بـۆ سـەرەوە و خـوارەوە و خۆپارێـزی تایبـەت بـە مەلـەی لەبەردابـوو، وەکـو ئـەوەی هـەر منداڵێـک دەیـکات لـە تەمەنـی یـەک ساڵیدا کاتێـک دەیەوێـت بـاز بـدات، بـەڵام بـە تـەواوی خواسـتی خـۆی نـا. پێـم گـوت: "دەی بـاز

بـدە! مـن لێـرەم، بەڵێنـت پـێ دەدەم بتگرمـەوە“. بـە کەمێـک شـڵەژانەوە تەماشـای کـردم، بـە کەمێک لەرزینـی ئەژنۆکانییـەوە، ئینجـا بـە ترسـەوە خـۆی خزانـدە نـاو ئاوەکـە زیاتـر لـەوەی خـۆ هەڵـدان بێـت.

مـن گرتمـەوە. بـەو شـێوەیە دەسـتمان پێکـرد و ئیـتر نەمانتوانـی ڕابوەسـتین! ”باوکـە، جارێکـی دیکـە باوکـە، بـا جارێکـی دیکـەش وا بکەینـەوە“. بـەو شـێوەیە دەسـتمان پێکـرد بـۆ مـاوەی نیـو کاتژمێـر، ئـەو بـازی دەدا، منیـش دەمگرتـەوە و بـەرزم دەکـردەوە و دەمخسـتەوە جێگـەی خـۆی، وە کـرداری بازدانەکـە دووبـارە دەبـووەوە و ئینجـا مـن دەمگرتـەوە و دەمخسـتەوە شـوێنەکەی خـۆی.

کاتێـک کارەکـە تـەواو بـوو، مـن و هاوسـەرەکەم هەسـتمان بـە دڵەراوکـێ کـرد، ڕەنگـە کورەکەمـان زیـاد لـە پێویسـت متمانـەی بـە ئاوەکـە کـردووە. چـی دەبێـت ئەگـەر بـە تەنهـا بگەڕێـت و بچێتـەوە بـۆ مەلەوانگەکـە، ئێمـەش لەگەڵـی نەبیـن؟ ئایـا هەمـوو ئـەو جارانـەی بەبیـر دێتـەوە کـە بـە ئارامییـەوە بـازی داوەتـە نـاو ئاوەکـە؟ ئایـا جارێکـی دیکـە بـاز دەدات؟

وە لـە چەنـد ڕۆژێکـی دواتـردا، لـە دووری حەوزەکە چاودێریـمان دەکرد، ئـەوەی بینیمان زۆر ئارامبەخـش بـوو بـۆ مـن و کاریگـەری لەسـەر هەسـتی باوکایەتیـم بەجێهێشـت. تەنهـا یـەک جاریـش بیـری نەدەکـردەوە لـە بـازدان بـۆ نـاو ئاوەکـە - هیـچ نەبێـت ئەگـەر لـە نـاو ئاوەکـە ڕانەوەسـتم و باوەشـم بـۆی نەکەمـەوە، بەڵێنـی پـێ بـدەم کـە دەیگرمـەوە. تەنهـا ئـەو کاتـە دەبینیـت کـە دەفڕێـت!

دەبینیـت کـە چـی ڕوودەدات؟ سـەرەڕای سـەرکەوتنە ڕووکەشـەکانی، کوڕەکـەم متمانەی بـە توانـای خـۆی نەبـوو، بەڵکـو متمانەکـەی لـە باوکییـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، وە لـە بەڵێنـی باوکـی «دەی کـوڕم، بازبـدە، بەڵێنـت پێـدەدەم دەتگرمـەوە“.

## ناساندنی باوەڕ و تۆبەکردن

مەرقۆسـی مزگێنیـدەر پێـمان ڕادەگەیەنێـت کـە عیسـا بـەو وتـارە دەسـتی کـرد بـە خزمەتەکـەی: «کاتەکـە هاتووەتـە دی و پاشـایەتی خـودا نزیـک بووەتـەوە. تۆبـە بکـەن، بـاوەڕ بـەم مزگێنییـە بهێنـن“ (مەرقـۆس ١:١٥). ئـەم فەرمانـە – تۆبـە بکـەن و باوەڕبهێنـن

- ئەوەیە کە خودا داوامان لێ دەکات بۆ وڵامدانەوەی ئەو هەواڵە خۆشەی کە عیسا پێشکەشی دەکات.

ئێمە دەبینین لە تەواوی پەیمانی نوێدا هەموو نێردراوان داوا لە گەل دەکەن ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەن. عیسا گوێگرەکانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی تۆبە بکەن و باوەڕ بهێنن بە هەواڵی خۆش. وە پەترۆس لە کۆتایی وتارەکەیدا لە ڕۆژی پەنجایەمین لە (کرداری نێردراوان ٢:٣٨) بە گەلی جولەکەی گوت: "تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و ڕۆحی پیرۆز بە دیاری وەردەگرن". (لەئاوهەڵکێشان بە ناوی عیسا دەربڕینی باوەڕە پێی). پۆڵس لە (کرداری نێردراوان ٢٠: ٢١) ڕوونکردنەوەی داوە سەبارەت بە خزمەتەکەی خۆی و دەڵێت: «شایەتی ئەوەم داوە لای جولەکە و یۆنانییەکان کە دەبێت تۆبە بکەن و بۆ لای خودا بگەڕێنەوە و باوەڕ بە عیسای خاوەن شکۆمان بهێنن"، وە لە کرداری نێردراوان ٢٦: ١٨ دەیگێڕێتەوە کە چۆن عیسا خۆی ئەوی ناردووە و گوتوویەتی:

> "تاکو چاویان بکەیتەوە، تاکو لە تاریکی بگەڕێنەوە بۆ ڕووناکی، لە دەسەڵاتی شەیتان بۆ خودا، ئەوسا لێخۆشبوونی گوناە وەردەگرن و لەگەڵ ئەوانەی بە باوەڕیان بە من پیرۆزکراون بەشیان دەبێت".

باوەڕ و تۆبەکردن، گەلی مەسیح جیا دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، باوەڕدار ئەو کەسەیە کە لە گوناهەکانی دوور دەکەوێتەوە و متمانە دەکات بە عیسای مەسیحی پەروەردگار، بۆ ئەوەی لە گوناهەکانی و سزای داهاتوو ڕزگاری بکات.

## باوەڕ پشت پێبەستنە

وشەی "باوەڕ" یەکێکە لەو وشانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بە هەڵە بەکارهێنراوە، تەنانەت زۆربەی خەڵکی واتای ڕاستەقینەی نازانن. لە سەر شەقام داوا لە کەسێک بکە باسی باوەڕت بۆ بکات، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە چەند وشەی جوانت گوێ لێبێت، بەڵام بە زۆری ناوەڕۆکی بابەتەکە وا دەردەکەوێت کە باوەڕ باوەڕکردنە بە شتێکی گاڵتەجاڕ بەرامبەر بەڵگە و لۆژیک.

جارێکیـان لەگـەڵ کـوڕە گەورەکـەم تەماشـای بەرنامەیەکـی تەلەفزیۆنیـمان دەکـرد بـە ناوی»نمایشـی جەژنـی سوپاسـگوزاریی مەیسـی“. بابەتـی بەرنامەکـە بریتـی بـوو لـە «بـاوەڕ بهێنـە!» وە خاڵێـک لەسـەر شـوێنی نمایشـەکە جێگیـر کرابـوو نـاوی لێنرابـوو پێوانـەی بـاوەڕ. هـەر جارێـک عەرەبانەکـە نزیـک دەبـووەوە، یـان تیپـی مۆسـیقا مۆسـیقایان دەژەنـد، یـان ئـەو سـەماکەرانەی جلـی شـەمولەیانa لەبـەردا بـوو سـەمایان دەکـرد، دەرزی پێـوەری بـاوەڕ کەمێـک دەجوڵایـەوە. بێگومـان، ترۆپکـی نمایشـەکە ئـەو کاتـە بـوو کـە بابـا نۆئێـل سـواری عەرەبانەکـەی دەبێـت، بـە شـێوەیەکی نامـۆ لەسـەر شـێوەی قازێکـی گـەورە دیزایـن کرابـوو، ئـەو کاتـە دەرزی پێـوەری بـاوەڕ گەیشـتە بەرزتریـن پلـە! بێگومـان لەگـەڵ مۆسـیقا و سـەما و شـیرینی و هـاواری منـاڵان! - هەروەهـا هـاواری گەورەکانیـش - هـەر گەشـتیارێکی نامـۆ ئـەوە تێـدەگات کـە ئـەو کەسـانە بەڕاسـتی باوەڕیـان بـەوە هەیـە.

کـوڕە تەمـەن شـەش ساڵەکەم وایدەزانـی کـە ئـەوە هەمـووی هەراوهۆریایەکـی هیـچ و پووچـە.

لەڕاسـتیدا زۆربـەی خەڵکـی وا لـە بـاوەڕ دەڕوانـن. یارییەکـی پێکەنیناویـە، خـۆش و بەچێـژە. خەڵکـی بـە ئـازادی و بـە خواسـتی خۆیـان بەشـداری تێـدا دەکـەن، بەبـێ بوونـی پەیوەندییەکـی ڕاسـتەقینە بـە جیهانـەوە. منداڵـەکان باوەڕیـان بـە بوونـی بابـا نۆئێـل و کەروێشـکی جەژنـی تێپەڕبـوون هەیـە. وە عیرفانییـەکان باوەڕیـان بـە هێـزی بـەرد و کریسـتاڵ هەیـە. وە شـێتەکان باوەڕیـان بـە خێـو و دێوەزمـە هەیـە، وە مەسـیحییەکان باوەڕیـان بـە عیسـا هەیـە.

کاتێـک کتێبـی پیـرۆز دەخوێنێتـەوە، دەبینیـن کە هەرگیـز باوەڕ لـەو تێکدانـە زیادەڕۆییە ناچێـت. بـاوەڕ ئـەوە نییـە کـە خەڵکێکـی زۆر وا دەزانـن کـە باوەڕکرنـە بـەوەی کـە ناتوانرێ بسـەلمێنرێت. بـەڵام بەگوێـرەی پێناسـەی کتێبـی پیـرۆز متمانـە و پشـت پێبەسـتنە. بـاوەڕ متمانەیەکـی چەسـپاوە وەک بـەرد، لـە ڕاسـتییەوە سـەرچاوەی گرتـووە و لەسـەر بەڵێـن بنیـاد نـراوە، وە پشـت بـە عیسـای هەسـتاوە لەنێـو مـردووان دەبەسـتێت بـۆ ئـەوەی ڕزگارت بـکات لەگونـاە.

---

a شەموله: کورته باڵا، قەزەم.

پۆڵسی نێردراو لە قسەکردنی سەبارەت بە ئیبراهیم، لە بەشی چوارەمی نامەی ڕۆما باسی سروشتی باوەڕ دەکات. بڕوانە چۆن باسی باوەڕی ئیبراهیم دەکات:

”هەرچەندە هیچ هیوا و ئومێدێک بەدی نەدەکرا، بەڵام ئیبراهیم ئومێدەوار بوو و باوەڕی بەوە هێنا کە دەبێتە باوکی چەندین نەتەوە، بەگوێرەی ئەوەی گوترابوو: *[نەوەکەت بەم شێوەیە دەبێت.]*باوەڕیشی لاواز نەبوو کە بینی لەشی وا مردووە، چونکە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ بوو، هەروەها سارای ژنیشی لە سکوزا چووبووەوە. بە بێباوەڕی گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو باوەڕی بەهێز بوو و خودای شکۆدار کرد، دڵنیابوو کە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر“ (ڕۆما ٤: ١٨-٢١).

هەر چەندە هەموو ئەو شتانە بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی خوداوە دەڕۆیشت - تەمەنی ئیبراهیم، تەمەنی ژنەکەی، وە نەزۆکییان - بەڵام ئیبراهیم باوەڕی بەوە هەبوو کە خودا گوتی. وە بە بێ دوودڵی متمانەی بە خودا کرد و پشتی پێی بەست بۆ هاتنەدی بەڵێنەکانی. باوەڕی ئیبراهیم تەواو نەبوو؛ لەدایکبونی ئیسماعیل لە هاجەر دەیسەلمێنیت کە لە سەرەتاوە هەوڵی داوە پشت بە پلانەکانی خۆی ببەستێت بۆ هاتنەدیی بەڵێنەکانی خودا. بەڵام لە کۆتاییدا تۆبەی کرد لە گوناهەکەی، وە باوەڕی بە خودا کرد. پشتی پێ بەست هەروەک ئەوەی پۆڵسی نێردراو دەڵێت: «دڵنیابوو کە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتە سەر“.

ئینجیلی عیسای مەسیح بانگهێشتمان دەکات کە وەکو ئەو بکەین – باوەڕمان بە عیسا هەبێت، پشتی پێ ببەستین، متمانە بکەین بەوەی کە بەڵێنەکانی دێنێتە دی.

## باوەڕ لەپێناو فەرمانێکی ڕاستودروست

بۆ چ شتێک پشت بە عیسا دەبەستین؟ زۆر بە ئاسانی، پشتی پێ دەبەستین تاکو فەرمانێکی ڕاستودروستمان لە لایەن خودای دادوەرەوە بۆ دەستەبەر بکات لە جێگەی مەحکومبوون.

بـا بابەتەکـە ڕوون بکەمـەوە. کتێبـی پیـرۆز فێرمـان دەکات کـە مەزنتریـن پێویسـتیی مـرۆڤ ئەوەیـە کـە بێتـاوان بێـت لەبەرچـاوی خـودا لەبـری ئـەوەی وەک خراپەکارێـک حوکـم بدرێـت. کاتێـک حوکمەکـە دەردەچێـت، پێویسـتمان بەوەیـە کـە گوێـمان لێبێـت حوکمەکـە ڕادەگەیەنرێـت کـە ئێمـە "بێتاوانیـن" نـەک "تاوانبـار". کاتێـک بەگوێـرەی کتێبی پیـرۆز بێتـاوان بوویـن، واتـا خـودا ڕایدەگەیەنێـت کـە ئێمـە لـە بەردەمـی ئـەو بێتاوانیـن نـەک تاوانبـار.

چـۆن ئـەو فەرمانیـی بـێ تاوانییـە بەدەسـت بهێنیـن؟ کتێبـی پیـرۆز بـە ڕوونـی پێـمان ڕادەگەیەنێت کـە ناتوانیـن لـە ڕێگـەی ئـەوەوە بدەستی بهێنیـن کـە داوا لـە خـودا بکەیـن تەماشـای ژیانمـان بـکات. نەخێـر، ئـەم هەنـگاوە بـێ سـوودە. ئەگـەر خـودا بیەوێـت بـە بێتـاوان دامانبنێـت، دەبێـت بەگوێـرەی شـتێکی دیکـە ئـەوە بـکات نـەک تۆمـاری پـڕ لـە گوناهـمان. پێویسـتە لەسـەر بنەمـای تۆمـاری کەسـێکی دیکـە بێـت - کەسـێک لەبـری ئێمـە ڕابوەسـتێت. لێـرەدا بـاوەڕ بـە عیسـا دێتـە ئـاراوە. کاتێـک بـاوەڕ بـە عیسـا دەهێنین، پشـتی پـێ دەبەسـتین بـۆ ئـەوەی لەبـری ئێمـە لەبـەردەم خـودا ڕابوەسـتێت، لـە ڕێگـەی ژیانـە تـەواو و بێگەردەکـەی و مردنـی لەسـەر خـاچ لـە پێنـاوی ئێمـە و لـە سـزای گوناهەکەمـان. بـە واتایەکـی دیکـە، ئێمـە متمانـە دەکەیـن کـە خـودا تۆمـارەکان دەگۆڕێـت بـە تۆمـاری عیسـا، بـەو شـێوەیە ڕایدەگەیەنێـت کـە ئێمـە بێتاوانیـن (ڕۆمـا ٣:٢٢).

ڕەنگـە بـەو شـێوەیە بیـر لـە کارەکـە بکەینـەوە: کاتێـک متمانـە بـە عیسـا دەکەیـن بـۆ ئـەوەی ڕزگارمـان بـکات، لەگـەڵ ئـەو یەکدەگریـن، وە لیـرەدا گۆڕینەوەیەکـی نایـاب ڕوودەدات، هەمـوو گونـاه و یاخیبـوون و خراپەکانمـان دەچێتـە سـەر عیسـا، ئـەو بەهـۆی ئـەوەوە دەمرێـت (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ١٨)، وە لـە هەمـان کاتـدا، ژیانـی نموونەیـی عیسـا دەبێتـە هـی ئێمـە، ڕادەگەیەنرێـت کـە ئێمـە بێتاوانیـن. خـودا تەماشـای ئێمـە دەکات و بێتاوانـی عیسـا دەبینێـت لـە بـری گوناهەکانـی خۆمـان.

مەبەسـتی پۆڵـس ئـەوە بـوو کـە لـە بەشـی چـواری نامـەی ڕۆمـا دەنوسـێت کـە خـودا "بــە ڕاستودروسـتی بـۆی دادەنێـت" ٧بـە چاوپۆشـین لـە کارەکانمـان، وە گوناکانمـان «دادەپۆشرێـن» (ئایەتـی ٥، ٧). لـەوە گرنگـتر، پۆڵـس مەبەسـتی ئـەوە بـوو کاتێـک دەڵێـت خـودا خودانەناسـان ئەسـتۆپاک دەکات (ئایەتـی ٥). خـودا ئێمـە ڕاستودروسـت

ناکات بەهۆی ئەوەی کە خۆمان ڕاستودروستین. ئێمە سوپاسی خودا دەکەین لەبەر ئەوەی ئەو کارە ڕاستییە، هیچ کەسێکمان نییە کە شایەنی ئەو پێوەرانە بێت! بەڵکو خودا ڕایدەگەیەنێت ئێمە ڕاستودروستین لەبەر ئەوەی بە باوەڕ ژیانی ڕاستودروستی عیسامان لەبەرکردووە. خودا تەنها بە نیعمەت ڕزگارمان دەکات، نەک لەبەر ئەو کارانەی کە کردومانە، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە عیسا لە پێناوی ئێمەدا کردی.

پێغەمبەر زەکەریا ئەو خاڵە لەگەڵ وێنەیەکی جوانی یەشوعی سەرۆک کاهین پێشکەش دەکات کە جلوبەرگی نوێی پێ بەخشرا. بڕوانە ئەوەی کە پێغەمبەر زەکەریا نووسیویەتی:

> "ئینجا یەشوعی سەرۆک کاهینی پیشان دام کە لەبەردەم فریشتەی یەزدان ڕاوەستابوو، شەیتانیش لەلای ڕاستیەوە ڕاوەستابوو تاکو تۆمەتباری بکات. یەزدانیش بە شەیتانی فەرموو: «ئەی شەیتان، یەزدان سەرزەنشتت بکات! ئەو یەزدانەی کە ئۆرشەلیمی هەڵبژارد سەرزەنشتت بکات! ئایا ئەمە مەشخەڵێک نییە لە ئاگرەوە دەرکێشرابێت؟»
>
> یەشوع بە بەرگێکی پیس لەبەردەم فریشتەکە ڕاوەستابوو. فریشتەکە بەوانەی فەرموو کە لەبەردەمی ڕاوەستابوون: «بەرگە پیسەکەی لەبەر داکەنن.»
>
> ئینجا پێی فەرموو: «تەماشا بکە، تاوانەکەتم لەسەرت لابرد و بەرگی گرانبەهام لەبەرکردوویت.»
>
> منیش گوتم: «با مێزەرێکی پاک لەسەری بنێن.» ئینجا مێزەرێکی پاکیان لەسەری نا و بەرگیان لەبەرکرد، فریشتەکەی یەزدانیش ڕاوەستابوو" (زەکەریا ٣: ١-٥).

ئەو جلوبەرگە جوان و پاک و نوێیە مولکی یەشوع نەبوو. هەروەها مێزەرە پاکەکەش هی ئەو نەبوو. ئەو هیچی نەبوو جگە لەو جلوبەرگە پیسانەی کە پێوەی

ڕاوەستابوو. ئەوەی کە شەیتان خەریک بوو بەگاڵتە و تۆمەتەوە ئاماژەی بۆ بکات. نەخێر، ئەو ڕاستودروستییە یەشوع هەیبوو لەبەردەم خودا هی خۆی نەبوو. بەڵکو کەسێکی دیکە پێی بەخشیبوو.

ئەمە ئێمەی باوەڕداریش دەگرێتەوە. ئێمە لەبەردەم خودا ڕاستودروستین بەهۆی ڕاستودروستیی عیسا کە بە ئێمە دراوە، نەک لەبەر ڕاستودروستیی خۆمان. خودا تەماشای کوڕەکەی دەکات و گوناهەکانمان دەبینێت، وە تەماشای ئێمە دەکات و ڕاستودروستیی عیسا دەبینیت. وەکو ئەو گۆرانییە ڕۆحییەی دەڵێت:

"خودای دادپەروەر هەست بە ڕەزامەندی دەکات، کاتێک تەماشای
[عیسا] دەکات
وە لێم خۆشدەبێت"[a]

## تەنها باوەڕ

کاتێک درک بە ڕادەی پشتبەستنت دەکەیت بە عیسا لەپێناو ڕزگاریت - مردنی لە جیاتی گوناهەکانت، ژیانی لەپێناوی بێتاوانیت - لە هۆکاری مکوڕبوونی کتێبی پیرۆز تێدەگەی کە ڕزگاری تەنها بە باوەڕە بە عیسا. هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە، وە هیچ ڕزگارکارێکی دیکەش نییە. ناتوانرێ پشت بە هیچ شتێک یان هیچ کەسێکی دیکە ببەسترێت لە جیهاندا بۆ ڕزگاریمان، بە هەوڵ و تەقەلای خۆشمانەوە.

هەموو ئایینەکانی دیکەی مێژووی مرۆڤایەتی بیرۆکەی تەنها پشتبەستن بە باوەڕ بۆ بێتاوانیی ڕەت دەکەنەوە. دووپاتی دەکەنەوە کە ڕزگاری بە ڕەوشت و ئاکاری باش بەدەست دێت، بە جۆرێک کە دەبێت چاکەکانمان لە خراپەکانمان زیاتر بێت. لەڕاستیدا ئەوە مایەی سەرسامی نییە، مرۆڤ هەموو کات وا دەزانێت و سورە لەسەر ئەوەی کە دەتوانێت دەوری لە ڕزگاریدا هەبێت.

ئێمە بە گشتی پشت بە خۆمان دەبەستین، مەگەر نە؟ وە ئێمە پێمان وایە کە خودی خۆمان بەسین. بێزار دەبین لەوەی کە بیر لەوە بکەینەوە کە بەهۆی هەوڵ

---

a. “Before the Throne of God Above,” Charitie L. Bancroft, 1863.

و تەقەلای کەسێکی دیکەوە لەم بارودۆخەی ئێستادایین. بیر لەو هەستە بکەوە کە دەتبێت کاتێک کەسێک لەبارەی کارەکەتەوە یان هەر شتێکی دیکە کە بەنرخە لەلات، پێت بڵێت: "بێگومان خۆت ئەوەت بەدەستنەهێناوە، کەسێک پێیداویت». بەڵام ئەوە ڕێک ئەو شتەیە کە لە کاتی ڕزگاریماندا ڕوودەدات. وەکو دیاریی نیعمەت پێمان بەخشراوە، وە هیچ بەشدارییەکمان تێیدا نییە - نەبە ڕاستودروستیمان، نە بە وەرگرتنی سزای گوناهەکانمان، وە بێگومان نە بە کارە چاکەکانمان (گەلاتیا ٢: ١٦).

باوەڕکردن بە عیسا واتا بە تەواوی دەستبەرداری هەر هیوایەکی دیکە دەبیت کە پێت وابێت بەهۆیەوە لەبەردەم خودا ڕاستودروست دەبیت. ئایا متمانەت بە چاکەکارییەکانت هەیە؟ باوەڕ واتا دانپێدانان بەوەی کە کارە چاکەکانت هەرگیز بەس نییە، وە تەنها متمانەکردنە بە مەسیح. ئایا متمانە بە دڵە باشەکەت دەکەیت؟ باوەڕ واتا دانپێدانان بەوەی کە هەرگیز دڵت باش نییە، وە تەنها متمانە بە عیسا بکەیت. بە واتایەکی دیکە، باوەڕ بازدانە لە لێواری حەوزی و مەلە و گوتنی: "ئەی عیسا، ئەگەر نەمگریتەوە کۆتایم پێدێت، هیچ هیوایەکی دیکەم نییە، جگە لە تۆ هیچ ڕزگارکارێکی دیکەم نییە. ئەی عیسا ڕزگارم بکە، ئەگینا دەمرم".

ئەوەیە باوەڕ.

## تۆبەکردن - دیوێکی دیکەی دراوەکە

پەیامی عیسا بۆ گوێگرەکانی لە (مەرقۆس ١: ١٥) ئەمە بوو: "کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیک بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن". ئەگەر باوەڕ ڕووکردنە عیسا و پشت بەستنە پێی لەپێناو ڕزگاریدا، ئەوا تۆبەکردن دیوەکەی دیکەی دراوەکەیە؛ واتە دوورکەوتنەوەیە لە گوناه و ڕەتکردنەوەیەتی، وە پشتبەستن بە توانای عیسا بۆ وازهێنان لێی، تەنانەت کاتێک بە باوەڕەوە بەرەو ڕووی دەچین. لەبەر ئەوە پەترۆس بە کۆمەڵە خەڵکەکەی گوت: "تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا تاکو گوناهەکانتان بسڕێنەوە، بۆ ئەوەی لە لای یەزدانەوە کاتی حەسانەوەتان بێت" (کرداری نێردراوان ٣: ١٩). وە پۆڵس بە هەمووان دەڵێت کە «تۆبە بکەن و بۆ لای خودا بگەڕێنەوە و لە ڕێگەی هەڵسوکەوتیانەوە تۆبەکردنەکەیان دەربخەن" (کرداری نێردراوان ٢٦: ٢٠).

لـە ژیانـی باوەڕداریـدا، تۆبەکـردن شـتێکی ئارەزوومەندانـە نییـە، بەڵکـو بەشـێکی گرنـگ و سـەرەکییە. تۆبەکـردن ئـەو نیشـانەیەیە کـە ئەوانـەی خـودا ڕزگاری کـردوون جیایـان دەکاتـەوە لەوانـەی کـە ڕزگار نەکـراون.

زۆر خەڵکـم بینیـوە کـە دەڵێـن: ”بەڵـێ، عیسـای بـە ڕزگارکار قبـووڵ کـردووە، کەواتـە مـن مەسـیحیم. بـەڵام هێشـتا ئامادەنیـم بـۆ ئـەوەی وەک پـەروەردگار قبووڵـی بکـەم. هەندێـک شـت هەیـە کـە دەبێـت کاری لەسـەر بکـەم“. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئـەوان پێیـان وایـە کـە دەتوانـن بـاوەڕ بـە عیسـا بهێنـن و ڕزگاریـان بێـت، بەبـێ ئـەوەی تۆبـە بکـەن لـە گوناهەکانیـان.

ئەگـەر لـە واتـا ڕاستەقینەکەی تۆبەکـردن تێبگەیـن، دەبینیـن کـە بیرۆکـەی قبووڵکردنـی عیسـا بـە تەنهـا وەک ڕزگارکار بەبـێ ئـەوەی پـەروەردگار بێـت بیرۆکەیەکـی پووچـە. لـە لایەکـی دیکـەوە، بیرۆکەیەکـی دادپەروەرانـە نییـە بەگوێـرەی ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز لەبارەی تۆبەکـردن و ڕزگارییـەوە دەیڵێـت. بـۆ نموونـە، عیسـای پـەروەردگار هۆشـدارییەک دەدات و دەڵێـت: ”ئەگـەر تۆبـە نەکـەن هەمووتـان بـەو شـێوەیە لەناودەچـن“ (لۆقا ١٣: ٣). کاتێـک نێـردراوان بیسـتیان کـە پەتـرۆس قسـەی کـردووە لەگـەڵ کرنیلیـۆس، ستایشـی خودایـان کـرد و گوتیـان ”کەواتـە خـودا تۆبەکردنـی تەنانـەت بـە ناجولەکەکانیـش بەخشـیوە بـۆ ئـەوەی ژیانـی هەتاهەتاییـان هەبێـت“ (کـرداری نێـردراوان ١١:١٨)، وە پۆڵـس لـە (دووەم کۆرنسـۆس ٧: ١٠) قسـەدەکات لـە بـارەی ”... تۆبەکرنـی ڕزگاری...“.

جگـە لـەوە، باوەڕهێنـان بـە عیسـا لـە ناوەڕۆکـدا واتـا باوەڕکـردن بـە ڕاسـتی ئـەوەی عیسـا دەیڵێـت لەبـارەی خۆیـەوە - ئـەو پاشـا لەخاچدراوەکەیـە کـە لـە مـردن هەسـتایەوە و سـەرکەوت بـۆ ئاسـمان؛ ئـەوەی شکسـتی بـە مـردن و گونـاه هێنـا، وە ئـەوەی توانـای ڕزگارکردنـی هەیـە. ئێسـتا چـۆن دەکرێـت مـرۆڤ بـاوەڕ بـە هەمـوو ئەوانـە بـکات، وە متمانـەی پـێ بـکات و پشـتی پـێ ببەسـتێت، وە لـە هەمـان کاتـدا بڵێـت ”بـەڵام دانـت پێـدا نانێـم کـە تـۆ پاشـای منـی»؟ بـە تـەواوی قسـەیەکی پووچـە. بـاوەڕ بـە عیسـا باسـی گونـاە هەڵدەگرێـت – ئـەو هێـزە ڕکابـەرەی کـە عیسـای پاشـا بەسـەریدا سـەرکەوت. وە کاتێـک باسـی ئـەو گوناهـە نەبێـت، ئـەو کاتـە بـاوەڕ نابێـت بـەو کەسـەی کـە بـە سـەریدا زاڵ بـووە.

هـەروەک عیسـا لـە (مەتـا ٦:٢٤) فەرمـووی: "کـەس ناتوانێـت کۆیلایەتـی دوو گـەورە بـکات، چونکـە ڕقـی لـە یەکێکیـان دەبێتـەوە و ئـەوەی دیکـەی خۆشـدەوێت، یـان دەسـت بـە یەکێکیانـەوە دەگرێـت و ئـەوەی دیکـە پشـتگوێ دەخـات. ئێـوەش ناتوانـن کۆیلـەی خـودا و پـارە بـن". بـاوەڕ بـە عیسـای پاشـا، واتـا ڕەتکردنـەوەی دوژمنەکانـی.

## تۆبەکردن بێگەردبوون نییە بەڵکو چوونەپاڵ لایەنێکە

لـە دوای هەمـوو ئـەو قسـانەی پێشـوومان، مەبەسـتمان ئـەوە نییـە کـە کەسـی بـاوەڕدار هەرگیـز هەڵـە نـاکات. تۆبەکـردن لـە گونـاە واتـای ئـەوە نییـە چیـتر هەڵـە ناکەیـت - بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە ڕوونـادات. بـاوەڕداران هێشـتا گوناهبـارن، تەنانـەت لـەدوای ئـەوەش کـە خـودا ژیانێکـی ڕۆحـی نوێـمان پـێ دەبەخشـێت، بـەردەوام دەبیـن لـە ململانـێ لەگـەڵ گونـاە هەتـا ئـەو کاتـەی لەگـەڵ عیسـا شـکۆمەند دەکرێیـن (گەلاتیـا ٥: ١٧؛ یۆحەنـا ٢: ١). تەنانـەت ئەگـەر تۆبەکـردن واتـای کۆتایـی ڕاسـتەوخۆی گوناهەکانـمان نەبێـت، ئـەوا واتـای ئەوەیـە کـە چیـتر بـە ئاشـتەوایی لەگـەڵ گوناهەکانـماندا ناژیـن. جەنگێکـی لەناوبـەری لەگـەڵ هەڵدەگیرسـێنین، وە خۆمـان تەرخـان دەکەیـن بـۆ ئـەوەی بـە هێزیـی خـودا لـە هەمـوو لایەنەکانـی ژیانـمان بەرەنـگاری ببینـەوە.

زۆرێـک لـە بـاوەڕداران لـە ململانێـدان لەگـەڵ ئـەو بیرۆکەیـەی تۆبەکـردن، لەبـەر ئـەوەی بـە شـێوەیەک وا دەزانـن ئەگـەر بەڕاسـتی تۆبەیـان کـرد، ئیـتر گونـاە دیـار نامێنـی و تاقیکردنەوەکـە ڕادەوەسـتێت. وە کاتێـک ئـەوە ڕوونـادات هەسـت بـە بێهیوایـی دەکـەن و گومـان لـە ڕاسـتیی باوەڕیـان بـە عیسـا دەکـەن. ڕاسـتە کاتێـک خـودا ژیانـی نوێـمان پـێ دەبەخشـێت، توانامـان دەداتـێ بـۆ بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ گونـاە و زاڵبـوون بەسـەریدا (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ١٣)، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئێمـە بـەردەوام دەبیـن لـە ململانـێ لەگـەڵ گونـاە هەتـا ئـەو کاتـەی لەگـەڵ عیسـا شـکۆمەند دەکرێیـن، پێویسـتە لەبیرمـان بێـت تۆبەکردنـی ڕاسـتەقینە هەڵوێسـتی دڵـە بەرامبـەر بـە گونـاە زیاتـر لـەوەی گـۆڕان بێـت لـە ڕەفتـاردا. ئایـا ڕقـمان لـە گونـاە ببێتـەوە و دژایەتـی بکەیـن، یـان شـانازی پێـوە بکەیـن و پارێـزگاری لـێ بکەیـن؟

نووسەرێک ئەو ڕاستییەی بە شێوازێکی جوان خستووەتە ڕوو و دەڵێت:

”جیـاوازی نێـوان کەسـی بێبـاوەڕ و کەسـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح، ئـەوە نییـە کـە یەکێکیـان گوناهبـارە و ئـەوەی دیکەیـان بـێ گوناهـە؛ بەڵکـو یەکەمیـان لـە پـاڵ گوناهەکانـی ڕادەوەسـتێت کـە خۆشـی دەوێـت و دژی خـودای گـەورە دەوەسـتێتەوە، وە ئـەوەی دیکەیـان لـە پـاڵ ئـەو خودایـە ڕادەوەسـتێت کـە ئاشـتی کـردەوە دژی ئـەو گوناهانـە دەوەسـتێتەوە کـە ڕقـی لێیەتـی“.[a]

کەواتە لە پاڵ کێ ڕادەوەستیت: گوناهەکانت یان خودا؟

## گۆڕانی ڕاستەقینە، بەرهەمی ڕاستەقینە

کتێبـی پیـرۆز پێـمان ڕادەگەیەنێـت کاتێـک کەسـێک بـە ڕاسـتی تۆبـە دەکات و بـاوەڕ بـە عیسـا دەهێنێـت، ژیانێکـی ڕۆحـی نوێـی پـێ دەبەخشرێـت. پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت: ”ئێـوەش بەهـۆی خراپـە و گوناهەکانتانـەوە مردبـوون... خـودا کـە دەوڵەمەنـدە لـە بەزەیی، لەبـەر ئـەو خۆشەویسـتییە مەزنـەی بـۆ ئێمـەی دەربڕیـوە، ئێمـە کـە بەهـۆی گوناهـەکان مردبوویـن، لەگـەڵ مەسـیح زینـدووی کردینـەوە. بـە نیعمـەت ڕزگارتـان بـووە“ (ئەفەسـۆس ٢: ١، ٤-٥). کاتێـک ئـەوە ڕوودەدات، ژیانمـان دەگۆڕێـت، دەسـتبەجێ نـا، وە بـە خێرایـی نـا، تەنانـەت بـە شـێوەیەکی بـەردەوام هەمیشـەیی نـا. ژیانمـان دەسـت دەکات بـە گۆڕیـن و ئێمـەش بەرهەمـمان دەبێـت.

کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت کـە بـاوەڕداران بـە جۆرێـک لـە خۆشەویسـتی و بـە زەیـی و چاکـە جیـا دەکرێنـەوە کـە خـودی عیسـا پێـی جیـاد ەکرێتـەوە. پۆڵـس دەڵێـت کـە بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە (بـە جۆرێـک کار دەکـەن کارەکەیـان لـە تۆبەکـردن دەوەشـێتەوە) ”لـە ڕێگـەی هەڵسـوکەوتیانەوە تۆبەکردنەکەیـان دەربخـەن“ (کـرداری نێـردراوان ٢٦: ٢٠). وە عیسـا دەفەرموێـت: ”هـەر دارێـک بـە بەرەکـەی دەناسرێتـەوە. هەنجیـر لـە دڕک لـێ ناکرێتـەوە، لـە تووترکیـش تـرێ ناڕنرێتـەوە“ (لۆقـا ٦: ٤٤). بـە واتایەکـی دیکـە، کاتێـک ژیانێکـی ڕۆحیی نـوێ بـە خەڵـک دەبەخشرێـت، ئـەوا ئـەو کارانـە دەکـەن کـە عیسـا گوتویەتـی، وە ژیانێـک دەژیـن لـەو ژیانـە دەچێـت کـە عیسـا ژیـاوە و بەرهەمێکـی بـاش دەدەن.

تاکـە شـت کـە پێویسـتە بـەردەوام لێـی وریـا بیـن ئەوەیـە کـە وای لێـک بدەینـەوە ئـەو

a. William Arnot, Laws from Heaven for Life on Earth (London: T. Nelson and Sons,1884), 311.

بەرهەمانـە هـۆکاری ڕزگاریمانـن. هـەردەم مەترسـی ئـەوە لـە ئارادایـە کاتێـک سـوود و بەرهەمەکەمـان دەبینیـن، یەکسـەر دەسـت بکەیـن بـە پشتبەسـتن پێی لـە پێنـاو ڕزگاریمان، لەبـری پشتبەسـتن بـە مەسـیح. بـاوەڕداری ئازیـز ئـاگاداری ئـەم وەسوەسـە و تاقیکردنەوەیـە بـە؛ ئـەوە بزانـە کـە ئـەو بەرهەمـەی هێناوەتـە تەنهـا بەرهەمـە و هیچـی دیکـە – بزانـە کـە نیعمەتـی خـودا لە مەسـیحدا دروسـتی کـردووە. پشتبەسـتنت بـە بەرهەمە مەسـیحییەکانت بـۆ ئـەوەی چاکەکانـی خـودا لەخـۆ بگرێـت لـە کۆتاییـدا گۆڕینـی باوەڕتـە لـە عیسـاوە بـۆ بـاوەڕ بـە خـودی خـۆت. ئەمـەش هەرگیـز ڕزگاری نییـە.

## ڕوو لە کوێ دەکەیت؟

دەپرسـم چـی دەکەیـت یـان چـی دەڵێـت کاتێـک لـە ڕۆژی حوکمـدان لەبـەردەم خـودا ڕادەوەسـتیت بـۆ ئـەوەی ڕازی بکەیـت کـە بـە ڕاستودروسـت داتبنێـت یـان هەمـوو بەرەکەتەکانـی شانشینەکەیت پـێ ببەخشـێت؟ کام کاری چـاک یـان هەڵوێسـتی خواناسـانە لـە گیرفانـت دەردەهێنیـت بـۆ ئـەوەی کاری تێبکەیـت و سەرسـامیی ئـەو بەدەسـتبهێنی؟ ئایـا ژمـارەی ئـەو جارانـەی پیشـان دەدەیـت کـە لـە کڵێسـا ئامـادە بوویـت؟ ژیانـی خێزانیـت؟ ژیانـی بیرکردنـەوە نایابەکـەت؟ لـە ڕاسـتیدا تـۆ هیـچ کارێکـی خراپـت نەکـردووە بـە خەمڵاندنـی خـۆت؟ دەپرسـم داخـوا چـی بـۆ بـەرز دەکەیتـەوە بەردەمـی و پێـی دەڵێیـت: ”خودایـە، لەسـەر هەژمـاری ئەمـە بێتاوانیـم ڕابگەینـە“.

پێـت دەڵێـم کـە هەمـوو بـاوەڕداران چـی دەکـەن، ئەوانـەی کـە بـە نیعمەتـی خـودا تەنهـا باوەڕیـان بـە عیسـا هەیـە. بـە سـادەیی و ئارامییـەوە ئامـاژە بـۆ عیسـا دەکـەن. دەڵێـن: ”ئـەی خودایـە، تەماشـای هیـچ ڕاستودروسـتییەکی ژیانـم مەکـە، بەڵکـو تەماشـای کوڕەکـەت بکـە. بـە ڕاستودروسـت دامبنـێ نـەک لەبـەر خـودی خـۆم یـان ئـەو کارانـەی کە کردوومـە، بەڵکـو بـە هـۆی ئـەوەوە. عیسـا بـەو جـورە ژیـا کـە دەبووایـە مـن بژیـم، ئـەو مردنـە مـرد کـە شایسـتەی مـن بـوو. وازم لەهەمـوو ئەوانـە هێنـا کـە متمانـەم پێـی هەبـوو، تەنهـا بـەوەوە پەیوەسـتم. ئـەی خودایـە، لەسـەر هەژمـاری عیسـا بـێ تاوانـم بکـە.“

# بەشی شەشەم

## شانشین

لـە بـەردەم شـوێنی ڕاوەسـتانی ئوتۆمبێلـی تایبـەت بـە کڵێسـاکەمان، تابلۆیەکـی مسـی لێیـە قسـەیەکی نەمـری (جیـم ئیلیـەت)ی مزگێنیـدەری لەسـەر هەڵکەنـراوە: «گەمـژە نییـە ئـەوەی ئـەو شـتە دەبەخشـێت کـە ناتوانێـت بیپارێزێـت، بـۆ ئـەوەی ئـەو شـتە بەدەسـتبهێنێت کـە ناتوانێـت لەدەسـتی بـدات“. مـن حـەزم لـەو وتەیەیـە، چونکـە بەجوانـی بـاج و پاداشـتی بـاوەڕدار دەخاتـە ڕوو.

بێگومـان هەڵبژاردنـی بـاوەڕ بـە عیسـا کارێکـە بـاج و تێچـوی زۆرە (لۆقـا ١٤: ٢٨). بـەڵام ڕاستیشـە کـە ئـەو پاداشـتانەی دەسـتت دەکەوێـت لەبـەر ئـەوەی بـاوەڕت بـە مەسیح هەیـە ئەوەنـدە نایابـە بـە شێوەیەک کـە بـاس ناکرێـت: لێخۆشـبوونی گوناهەکان، لەخۆگرتنەوەمـان لـە لایـەن خـوداوە کـە دەبینـە ڕۆڵـەی ئـەو، هەبوونـی پەیوەنـدی لەگـەڵ عیسـا، دیاریـی ڕۆحـی پیـرۆز، ئـازادی لـە ستەمی گونـاە، هاوبەشـی لەگـەڵ کڵێسـا، هەسـتانەوە لـە ڕۆژی دوایـی و جەسـتەی شـکۆمەند، چوونـە نێـو شانشـینی خودا، ئاسـمانی نـوێ و زەوی نـوێ، بەسـەربردنی ژیانـی هەتاهەتایـی لەگـەڵ خـودا، وە بینینـی ڕوخسـای - ئەمانـە هەمـووی بەڵێنـی خـودان بـۆ ئێمـە کـە بەهـۆی مەسـیحەوە بەدەسـتی دەهێنیـن. سـەیر نییـە کـە پۆڵسـی نێـردراو ئـەو دەقـە لـە پێغەمبـەر ئیشـایا وەردەگرێـت کـە دەڵێـت:

”ئەوەی ەیچ چاوێک نەیبینیوە،  
هیچ گوێیەک نەیبیستووە و  
بە بیری ەیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە،  
ئـەوەی خـودا ئامـادەی کـردووە بۆ ئەوانـەی خۆشـیان دەوێـت“ (ئیشـایا ٢: ٩)

ژیانـی بـاوەڕداران تەنهـا پەرۆشـی نییـە بـۆ خـۆلادان لـە تووڕەیـی خـودا، بەڵکـو زۆر لـەوە زیاتـرە! ئەوەیـە کـە پەیوەندییەکـی ڕاسـتت هەبێـت لەگـەڵ خـودا، وە لەکۆتاییـدا بـۆ هەتاهەتایـە چێـژ لـە پەیوەندییەکـەت وەردەگریـت لەگەڵـی. ئـەوەش واتـای ئەوەیـە

کـە خەریکیـن شـتێک بەدەسـتدەهێنین کـە ناتوانرێـت لەدەسـتبدرێت - دەبینـە هاوڵاتـی شانشـینە هەتاهەتاییەکـەی.

لـەو چرکەیـەوە کـە کەسـێک بـاوەڕ بـە عیسـای مەسـیح دەهێنێـت، بـۆ هەتاهەتایـە هەمـوو شـتێک لـە ژیانیـدا دەگۆڕێـت. مـن دەزانـم هەندێـک کات ئـەو هەسـتەت نییـە. مـن ناڵێـم کـە ژیانـت ڕەنگاوڕەنـگ دەبێـت و لـە ئاسـماندا ئاهەنگـت بـۆ دەگێـڕن و دوزەلـە و زوڕنـا لێدەدرێـت و فریشـتەکان گۆرانیـت بـۆ دەڵێـن (بـە لایەنـی کـەم ئێمـە ناتوانیـن گوێـمان لێیـان بێـت)، بـەڵام ڕاسـتییەکە ئەوەیـە کـە هەمـوو شـتێک دەگۆڕێـت. پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت کـە خـودا «لـە دەسـەڵاتی تاریکـی دەربـازی کردیـن و ئێمـەی بـۆ شانشـینی کـوڕە خۆشەویسـتەکەی گواسـتەوە“ (کۆلۆسـی ١: ١٣).

## شانشینی خودا چییە؟

شانشـینی خـودا بابەتێکـی گرنگـە لـە پەیمانـی نوێـدا. عیسـا خـۆی بـە بەردەوامـی باسـی کـردووە و فەرموویەتـی: ”تۆبـە بکـەن، شانشـینی ئاسـمان نزیکـە“. لـەو چوارچێوەیـەدا ئایەتێـک لـە (کـرداری نێـردراوان ٢٨: ٣١) خزمەتـی پۆڵسـمان بـۆ پوخـت دەکاتـەوە و دەڵێـت: ”بەوپـەڕی ئازایـی و بـێ کۆسـپ شانشـینی خـودای ڕادەگەیانـد و سـەبارەت بـە عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ خەڵکـی فێردەکـرد“. وە نووسـەری نامـەی عیبرانییـەکان دڵخۆشـە بـەو ڕاسـتییەی کـە بـاوەڕداران بـە مەسـیح ”شانشـینێک وەردەگریـن کـە ناهەژێـت“ (عیبرانییـەکان ١٢: ٢٨). وە پەتـرۆس خوێنەرەکانـی هـان دەدات بـۆ بیرۆکـەی پێشـوازی گەرمیـان لـە شانشـینی خـودا «پێشـوازییەکی گەرمتـان لـێ دەکرێـت بـۆ چوونـە نـاو شانشـینی هەتاهەتایـی عیسـای مەسـیحی پـەروەردگار و ڕزگارکارمـان“ (دووەم پەترۆس ١: ١١). وە لـە سـیپارەی ئاشـکراکردن، هەمـوو کۆمەڵەکـە بـە ستایشـەوە لـە ئاسـماندا دەڵێن ”ئێسـتا ڕزگاری و هێـز و شانشـینی خودامـان و دەسـەڵاتی مەسـیحەکەی هاتـووە، چونکـە ئـەو سـکاڵاکارەی لـە خوشـک و براکانمـان، کـە شـەو و ڕۆژ لەبـەردەم خودامانـدا سـکاڵای لێیـان دەکـرد، فڕێدرایـە خـوارەوە“ (ئاشـکراکردن ١٢: ١٠).

بـەڵام بـە دیاریکـراوی ئـەو شانشـینە چییـە؟ قەڵەمـڕەوە یـان ناوچەیەکـە کـە خـودا دەسـەڵاتی تایبەتـی بەسـەریدا هەیـە؟ ئایـا کڵێسـایە؟

ئایا شانشین ئێستا لێرەیە، یان شتێکە هێشتا چاوەڕێی دەکەین - شتێکە لە داهاتوودا دێت؟ وە لەو بابەتەدا، بە دیاریکراوی ئەوانە کێن کە لە شانشینی خودا دەبن؟ ئایا خودا پاشای هەمووان نییە، جا ئەگەر باوەڕدار بێت یان نا؟ ئایا هەموومان لە شانشینەکەیدا نین، ئایا ناتوانین کار بکەین بۆ دامەزراندنی شانشینەکەی، ئەگەر باوەڕمان بە مەسیح بێت یان نا؟

با هەوڵ بدەین لە هەندێک لەو پرسیارانە تێبگەین بە لەبەرچاوگرتنی چەند شتێک کە کتێبی پیرۆز لەبارەی شانشینی خوداوە فێرمان دەکات.

## فەرمانڕەوایی ڕزگاریی خودا

یەکەم، شانشینی خودا فەرمانڕەوایی ڕزگاریی خودایە لەسەر گەلەکەی. وە وشەی شانشین لە بەهێزترین وشەکانە کە ئاماژەی بەهێز لەخۆدەگرێت، وە لەم حاڵەتەدا ئەو ئاماژانە بە لای ئاڵۆزیدا دەچن. هەمیشە کاتێک بیر لە شانشین دەکەینەوە، بیر لە پارچە زەوییەکی دیاریکراو دەکەینەوە کە سنورێکی باشی بۆ دانراوە؛ لەلای زۆرینەمان شانشین وشەیەکی جوگرافییە. بەڵام لە کتێبی پیرۆزدا ئاوا نییە. بەگوێرەی کتێبی پیرۆز، باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە شانشین ئەوەیە کە وەکو پاشایەتی چاوی لێ بکەین، نەک شانشینێکی ئاسایی. لەبەر ئەوە، شانشینی خودا فەرمانڕەوایی و سەروەری و دەسەڵاتی خودا دەگرێتەوە (زەبووری ١٤٥: ١١، ١٣).

بەڵام وشەیەکی گرنگی دیکە هەیە پێویستە بۆ پێناسەکەمان زیادی بکەین. کتێبی پیرۆز پێمان ڕادەگەیەنێت کە شانشین تەنها فەرمانڕەوایی و سەروەری نییە، بەڵکو فەرمانڕەوایی ڕزگارییە؛ سەروەرییەکە پڕە لە خۆشەویستی کە بە گەلەکەی دەبەخشێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تەنانەت یەک مەتر لەم گەردوونە و یەک کەس نییە کە سەربەخۆ بێت لە فەرمانڕەوایی خودا، یان بە هەر شێوەیەک لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودا بێت. ئەو بەدیهێنەری هەمووانە، ئەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، هەمووان حوکم دەدات. بەڵام کاتێک دەستەواژەی "شانشینی خودا" لە کتێبی پیرۆزدا بەکاردەهێنرێت، ئەوا بە دیاریکراوی ئاماژەی دەکات بە فەرمانڕەوایەتیی خودا لەسەر

گەلەکەی، وە سەروەری ئەو بەسەر ئەوانەی لە ڕێگەی مەسیحەوە ڕزگاری کردوون. پۆڵسی نێردراو بەو شێوەیە باسی گواستنەوەی باوەڕدارانی کردووە لە دەسەڵاتی تاریکییەوە بۆ شانشینی مەسیح (کۆلۆسی ١: ١٢-١٣)، وە مکوڕ بووە لەسەر ئەوەی کە خراپەکاران شانشینی خودا بە میرات وەرناگرن (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ٩).

کەواتە بە سادەیی شانشینی خودا بەوە پێناسە دەکرێت کە فەرمانڕەوایەتی و سەروەری و دەسەڵاتی ڕزگاریی خودا بەسەر ئەو کەسانەی بە عیسا ئەوانی کڕیوەتەوە.

## شانشینێک دێت

دووەم، شانشینی خودا لێرەیە. کاتێک عیسا دەستی بە خزمەتەکەی کرد لە سەر زەوی، پەیامێکی سەرسوڕهێنەری جاڕ دا: ”تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی ئاسمان نزیک بووەتەوە“ (مەتا ٣: ٢). لە ڕاستیدا، دەتوانرێت بەو شێوەیە وەرگێڕانی بۆ بکرێت: «تۆبە بکەن، لەبەر ئەوەی شانشینی خودا هاتووە!“

جولەکەکان چەندین سەدە چاوەڕوان بوون، هیوادار بوون و نوێژیان دەکرد لەپێناوی دەرکەوتنی شانشینەکە، وە لەپێناو ئەو ڕۆژەی کە خودا پاشایەک لەسەر زەوی دادەنێت و لەکۆتاییدا گەلەکەی بێتاوان دەکات. وە ئێستا عیسا پێیان ڕادەگەیەنێت - ئەو دارتاشەی بووە مامۆستا - ئەو ڕۆژەی چاوەڕێیان دەکرد لێرەدا بووەتە ڕاستی.

نەک هەر تەنها ئەوە، بەڵکو پێی ڕاگەیاندن کە شانشینی خودا لەودا دەستی پێکرد! وە عیسا لە (مەتا ١٢: ٢٨) کاتێک فەریسییەکان عیسایان تۆمەتبار کرد بەوەی کە بە دەسەڵاتی شەیتان ڕۆحە پیسەکان دەردەکات، سەرزەنشتی کردن و بانگەوازێکی سەرسوڕهێنەری پێشکەش کردن کاتێک فەرمووی: ”بەڵام ئەگەر من بە ڕۆحی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتووەتە سەرتان“. دەبینیت چی دەڵێت؟ ڕوونە کە عیسا ڕۆحە پیسەکانی دەردەکرد، وە بە ڕۆحی خودا ئەوەی دەکرد، وە ڕایدەگەیەنێت کە لە کۆتاییدا بەڵێنی خودا بۆ ڕزگاری گەلەکەی دەستی پێکرد. شانشینەکە هاتووە.

ئای لەو بیرۆکە نایابە! بەجەستەبوونی عیسا زیاتر بوو لەوەی تەنها سەردانێکی

خـودای بەدیهێنـەر بێـت. سـەرەتا هێرشـی پێچەوانـەی کۆتایـی و تـەواو بـوو کـە خـودا پێـی هەسـتا بـۆ سـەر هەمـوو ئەوانـەی کـە لەگـەڵ کەوتنـی ئـادەم هاتنـە نـاو جیهانـەوە لـە گونـاه و مـردن و وێرانـی.

دەتوانیـت لـە هەمـوو ژیانـی عیسـا لـە پەیمانـی نوێـدا ئـەو جەنگـە هەڵگیرسـاوە ببینـی. عیسـای پاشـا چـووە بیابـان بـۆ ڕوبەڕوبوونـەوەی شـەیتان - ئـەو شـەیتانەی کـە چەندیـن سـاڵ پێشـتر ئادەمـی فریـو دا و دنیـای خسـتە نـاو خراپـەوە – بـە شـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە شکسـتی بـە شـەیتان هێنـا! دەسـتی لـە چـاوی پیاوێکـی دا کـە بـە زگـماک کوێـر بـووو، بـۆ یەکـەم جـار چـاوی بـە ڕووناکـی بینـی. تەماشـای گۆڕێکـی تاریکـی کـرد و هـاواری کـرد: "لەعـازەر وەرە دەرەوە!" چنگـی مـردن لەسـەر مـرۆڤ لاواز بـوو کاتێـک پیـاوە مردوەکـە هاتـە دەرەوە!

وە لەسـەر ڕووی هەمـوو شـتێکەوە، شکسـتی بـە خـودی گونـاه هێنـا کاتێـک لەسـەر خاچەکـە هـاواری کـرد: "تـەواو بـووا" لـە کۆتاییـدا بەتـەواوی چنگـی مـردن شکسـتی هێنـا کاتێـک فریشـتەکە گوتـی: "بۆچـی لەنێـو مـردووان بـەدوای زیندووەکـەدا دەگەڕێـن؟ ئـەو لێـرە نییـە، بەڵکـو هەسـتایەوە!" (لۆقـا ٢٤: ٥-٦). بـەو شـێوەیە هەنـگاو بـە هەنـگاو عیسـا شـوێنەواری کەوتنـی مـرۆڤ (گونـاه)ی نەدەهێشـت. پاشـای شـەرعی هاتـە نـاو ئـەم جیهانـەوە، وە شکسـتی هێنـا بـە هەمـوو ئـەو بەربەسـتانەی لەبـەردەم دامەزراندنـی شانشـینەکەی بـوون - گونـاه، مـردن، دۆزەخ و شـەیتان.

واتـا پێشـوەخت زۆربـەی بەرەکەتەکانـی شانشـین بـۆ ئێمەیـە. لەبـەر ئـەوە عیسـا بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو کـە "یارمەتیدەرێکـی دیکـە" دەنێرێـت، ڕۆحـی پیـرۆز، کـە ڕابەرایەتییـان دەکات و سەرزەنشـتیان دەکات لەسـەر هەمـوو گوناهێـک و پیرۆزیان دەکات. بـە هەمـان شـێوە، باوەڕدارانـی ئەمـڕۆ دەزانـن واتـای چییـە کـە کـوڕی لەخۆگیـراوەی خـودا بیـت لەنێـو خێزانـی خـودا و واتـای ئاشـتبوونەوە چییـە لەگەڵـی. تەنانـەت پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت کـە خـودا وا لـە ئێمـە دەڕوانێـت کـە لەگـەڵ مەسـیح هەسـتاینەوە و لەگەڵـی لەسـەر تەختـی پاشـایەتی دانیشـین (ئەفەسـۆس ٢: ٦).

ئەمـە ڕاسـتییەکی زۆر هانـدەرە. بـەڵام شـتێکی دیکـەی گرنـگ هەیـە پێویسـتە لێـی تێبگەیـن.

## هێشتا شانشین تەواو نەبووە

سێیەم، هێشتا شانشینی خودا تەواو نەبووە، وە تەواو نابێت هەتا ئەو کاتەی بۆ دووەم جار عیسای پاشا دێت. لەگەڵ هەموو ئەوەی عیسا کردی بۆ شکستهێنان بە هێزەکانی خراپە، بە شێوەیەکی تەواو و کۆتایی فەرمانڕەوایی خودای لەسەر زەوی دانەمەزراندووە - بەلانی کەم هەتا ئێستا داینەمەزراندووە. پیاوە بەهێزەکە (شەیتان) بەستراوەتەوە، بەڵام تێکنەشکاوە. عیسا شکستی بە خراپە هێناوە، بەڵام هێشتا بە تەواوی وێرانی نەکردووە. وە دامەزراندنی شانشینی خودای ڕاگەیاند، بەڵام کارەکە هێشتا بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ نەکراوە.

عیسا باسی ڕۆژێکی کرد لە داهاتوو، لە کۆتاییدا شانشینی خودا تەواو دەبێت. کاتێک گوتی کە لەو ڕۆژەدا ”فریشتەکانی دەنێرێت و هەموو هۆکارێکی گوناە و خراپەکاران لە شانشینییەکەی کۆدەکەنەوە و... ئەوسا ڕاستودروستان لە شانشینی باوکیاندا وەک ڕۆژ دەدرەوشێنەوە“ (مەتا ١٣: ٤١-٤٣). هەروەها بە پەرۆشە بۆ کۆتا شێو، بۆ ئەو ڕۆژەی کە جارێکی دیکە لەگەڵ قوتابییەکانی لە شەرابی ترێ دەخواتەوە: «پێتان دەڵێم: لەمەودوا ئیتر لەم بەرهەمەی مێو ناخۆمەوە، هەتا ئەوڕۆژە دێت کە سەر لە نوێ لە شانشینی باوکم لەگەڵتان دەیخۆمەوە“ (مەتا ٢٦: ٢٩).

هەروەها پۆڵسیش پەرۆشە بۆ هەستانەوەی هەتاهەتایی مردووان (یەکەم کۆرنسۆس ١٥)، وە بە خەڵکی شاری ئەفەسۆس دەڵێت کە ئەوان بە ڕۆحی پیرۆز مۆر کراون ”پێشەکی دەستەبەری میراتەکەمانە، بۆ کڕینەوەی گەلی تایبەتی خودا، بۆ ستایشکردنی شکۆیەکەی“ (ئەفەسۆس ١: ١٤). وە پاشان پێیان دەڵێت کە خودا ڕزگاری کردوون ”تاکو لە دنیای داهاتوو دەوڵەمەندی نیعمەتی بێ هاوتای خۆی لە ڕێگەی میهرەبانییەکەیەوە بۆ ئێمە دەربخات کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکین“ (ئەفەسۆس ٢: ٧). هەروەک پۆڵسی نێردراویش قسە دەکات سەبارەت بە ”ئەو ڕزگارییەی ئامادەیە لە کۆتایی زەمانە ڕابگەیەنرێ“ (یەکەم پەترۆس ١: ٥).

وە نووسەری نامەی عیبرانییەکانش بۆ خوێنەرانی دەنووسێت: ”ئەوانەی لەسەر زەویدا نامۆ و بێگانەن“ (عیبرانییەکان ١١: ١٣)، وە پێویستە ئەوان بگەڕێن لە «ئەو

شارەی... کە بناغەیەکی چەسپاوی هەیە، ئەوەی خودا ئەندازیار و دروستکەرەکەیەتی“ (عیبرانییەکان ١١: ١٠).

هیوای گەورەی باوەڕداران، وە ئەو شتەی کە پەرۆشین بۆی و لەپێناویدا بەدوای هێز و هانداندا دەگەڕێین، ئەو ڕۆژەیە کە پاشاکەمان ئاسمانەکان بەجێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شانشینە شکۆدارەکەی دابمەزرێنێت، لە کۆتاییدا و بۆ هەتاهەتایە. لەو ساتە شکۆدارەدا هەموو شتێک لەم جیهانەدا چاکدەبێتەوە، ئەو کاتە لە کۆتاییدا دادپەروەری دێتە دی، وە بۆ هەتاهەتایە خراپە دەدۆڕێت، بۆ یەک جار و هەتاهەتایە ڕاستودروستی دەچەسپێت. خودا بەڵێن دەدات و دەڵێت:

”بڕوانن، من لە داهاتوودا ئاسمانی نوێ و
زەوی نوێ بەدی دەهێنم و
ئەوانەی پێشوو نە باس دەکرێن و
نە بە مێشکدا دێنەوە.
بەڵکو ئێوە بۆ هەتاهەتایە دڵخۆش و شاد بن
لەوەی من بەدی دەهێنم،
چونکە ئەوەتا من ئۆرشەلیمی شاد بەدی دەهێنم و
دانیشتووانەکەی دڵخۆش دەبن.
بە ئۆرشەلیم دڵخۆش دەبم و
بە گەلی خۆم شاد دەبم،
چیتر لەناویدا دەنگی گریان و هاوار نابیسترێت“ (ئیشایا ٦٥: ١٧-١٩).

وە پێغەمبەرەکە پێمان دەڵێت لەو ڕۆژەدا:

”خراپە و گەندەڵی ناکەن لە هەموو کێوی پیرۆزم،
چونکە زەوی پڕ دەبێت لە ناسینییەزدان
هەروەک ئاو دەریا دادەپۆشێت“ (ئیشایا ١١: ٩).

کاتێـک منداڵ بـووم پێـم وابـوو کە چارەنووسـی بـاوەڕدار ئەوەیە کـە ژیانـی هەتاهەتایی لـە خزمەتـی کڵێسـایەکی ڕۆحـی بەسـەرببات. ئەمـە نـە تەنهـا بیرۆکەیەکـی مەترسـیدارە، بەڵکـو تـەواو هەڵەیـە. خـودا دەیەوێـت کـە جیهانێکـی نوێـی دوور لـە گونـاه و مـردن و نەخۆشـی بـۆ گەلەکـەی بەدیبهێنـێ. جەنـگ کۆتایـی پێدێـت، سـتەمکاری نامێنـێ، وە بـۆ هەتاهەتایـە خـودا لەگـەڵ گەلەکـەی نیشـتەجێ دەبێـت. هیـچ کەسـێک لـە گەلـی خـودا دیسـان نامرێـت، وە جارێکـی دیکـە چاوەکانیـان فرمێسـکی لـێ نارژێـت. کۆرپەلـە چەنـد ڕۆژێـک ناژییێـت و بمرێـت. ئیـتر شـیوەن ناگێڕیـن و برینـدار نابیـن و ناگرییێـن. ئیـتر بیـری نیشـتیمان و وڵات نابیـن. یۆحەنـا لـە سـیپارەی ئاشـکراکردن پێـمان دەڵێـت کـە خـودا خـۆی هەمـوو فرمێسـکێکی چاومـان دەسـڕێت و لـە کۆتاییـدا ڕووی ئـەو دەبینیـن!

ڕای تـۆ چییـە سـەبارەت بـە هەمـوو ئـەوەی گوێـت لێـی بـووە؟ یەکەمیـن شـت کـە دەکـرێ بیـری لـێ بکەمـەوە ئەوەیـە: ئـەی عیسـای پـەروەردگار زوو وەرە! هەمـوو کات سەرسـام دەبـم کاتێـک کەسـانێک دەبینـم باسـی ئـەو هەمـوو بەڵێنـە دەکـەن - ئاسـمانی نـوێ و زەوی نـوێ، وە شـاری ئاسـمانی کـە خراپـەکاری نایەتـە نـاوی، ئـەو جیهانـەی دوورە لـە مـردن و جەنـگ و سـتەم، گەلـی خـودا بـە خۆشـحاڵییەوە لەبـەردەم خـودا دەژیـن - ئینجـا پـاش ئـەوە بـەدوای ئـەو بەڵێنانـەدا دەگەڕێـن و دەڵێـن: "باشـە، بـا بڕۆیـن و ئـەوە بهێنینـە دی!»

لـە ڕاسـتیدا، ئێمـەی مـرۆڤ ناتوانیـن شانشـینی خـودا ڕابگەیەنیـن و تـەواوی بکەیـن. لەگـەڵ هەمـوو کۆششـە باشـەکانمان بـۆ ئـەوەی جیهـان ببێتـە شـوێنێکی باشـتر، ئـەو شانشـینەی لـە کتێبـی پیـرۆزدا بەڵێنـی دراوە نایـەت تەنهـا لـەو کاتـەی دووبـارە عیسـای پاشـا بەخـۆی دێـت بـۆ ئـەوەی ئـەوە بهێنێتـە دی.

پێویسـتە هـەردەم ئـەو شـتە گرنگەمـان لەبیـر بێـت و ئـەوەش بەلانـی کـەم لەبـەر دوو هـۆکار: یەکـەم، لەبـەر ئـەوەی پارێزگاریمان لێ دەکات لە گەشـبینی هەڵـە و هەڵخەڵەتاندن سـەبارەت بـەوەی دەتوانیـن بیکەیـن لـەم جیهانـە شکسـتخواردووەدا. بێگومـان بـاوەڕداران دەتوانـن چەنـد گۆڕانکارییـەک بکـەن لـە کۆمەڵـگادا، پێشـتر لـە مێژووشـدا ئـەوە ڕوویـداوە، هیـچ هۆکارێکـم نییـە بـۆ گومـان لـە ڕوودانـی ئـەوە لـە چەنـد شـوێنێک و تەنانـەت لـە سـەردەمی ئێستاشـماندا هـەروەک لـە داهاتـووش ئـەوە ڕوودەدات. بـاوەڕداران کردوویانـە،

دەشـتوانن گۆڕانـكاری بـاش لـە جیهـان بكـەن - ئـەو گۆڕانكارییانـەی شـكۆ بـۆ خـودا و عیسـای مەسـیح دەگەڕێنێتـەوە لەبـەردەم خەڵكـی جیهـان.

بـەڵام پێـم وایـە كـە بەڕێوەچوونـی بابەتەكـە بەگوێـرەی كتێبـی پیـرۆز ناچارمـان دەكات بـەوەی دانـی پێـدا بنێیـن كـە سـەركەوتنە كۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیرییەكانمان هـەردەم بـە لاوازی دەمێنێتـەوە و بـەردەوام نابێـت، هەتـا ئـەو كاتـەی مەسـیح بـۆ جـاری دووەم دێتەوە. هەرگیـز بـاوەڕداران ناتوانـن شانشـینی خـودا بهێننـە دی، تەنهـا خـودا دەتوانێـت ئـەوە بـكات. ئۆرشـەلیمی ئاسـمانیی لـە ئاسـمانەوە دادەبەزێـت، لـە نەبوونـەوە بنیـاد نانرێـت.

دووەم، لـەوە گرنگـتر، كاتێـك باسـی ئـەوە دەكەیـن كـە شانشـینی خـودا بنیـاد نانرێـت هەتـا هاتنـەوەی دووەمـی عیسـا، ئـەوە وامـان لێـدەكات كـە هیـوا و هەسـت و سـۆزمان لەسـەر خـودی عیسـا بێـت. لەبـری ئـەوەی بگەڕێیـن لـە هەندێـك هێـز و چالاكـی مرۆڤانـە یـان لـە دەسـەڵاتی مرۆڤانـە یانیـش تەنانـەت لـە هـەوڵ و كۆششـی خۆمـان بـۆ چاككردنـەوەی هەمـوو شـتێك، تەماشـای ئاسـمان دەكەیـن و لەگـەڵ یۆحەنـای نێـردراو هـاوار دەكەیـن: «ئامیـن، ئـەی عیسـای پـەروەردگار وەرە!» زیاتـر پـەرۆش دەبیـن بـۆ هاتنـەوەی، لـە نوێژەكانمـان بـۆی دڵگەرمـتر دەبیـن، خۆشەویسـتیمان بـۆی قووڵـتر دەبێتەوە. بـە كورتـی، حـەز و هیواكانمـان بـە چەسـپاوی - بـە شـێوەیەكی ڕاسـت - لەسـەر پاشـای شانشـین دەبێـت، نـەك لەسـەر شانشـین.

## بەدەنگەوەهاتنی پاشا

چـوارەم، چوونـە نێـو شانشـینی خـودا بە تەواوی پشـت دەبەسـتێت بـە بەدەنگەوەهاتنی كەسـەكە بـۆ پاشـا. عیسـا زۆر بـە ڕوونـی سـەبارەت بـەوە قسـەی كـردووە. دەبینیـن چەندیـن جـار و بـەردەوام وا دەكات بەدەنگەوەهاتنـی كەسـەكە بـۆ پەیامەكـەی تاكـە لایەنـی یەكلاكـەرەوە بێـت بـۆ ئـەوەی كەسـێك بچێتـە نـاو شانشـینەكەی. بیـر لـە قسـەی گەنجـە دەوڵەمەندەكـە بكـەوە كـە پرسـیاری لـە عیسـا كـرد: ”چـی بكـەم تاكـو ژیانـی هەتاهەتایـی بـە میـرات وەربگـرم؟“ لـە كۆتاییـدا عیسـا وەڵامـی دایـەوە «شـوێنم بكـەوە»، ئەمـە بـۆ ئـەو گەنجـە واتـای ئـەوە بـوو واز بهێنێـت لـەوەی متمانـە بـە سـامانەكەی بـكات، وە بـاوەڕی بـە عیسـا هەبێـت (مەرقـۆس ١٠: ١٧، ٢١).

چەندیـن جـار عیسـا دەڵێـت کـە خـودا هێڵێکـی جیاکـەرەوەی ڕوون دەکێشـێت  و مرۆڤـەکان لـە یەکـتر جیادەکاتـەوە -ڕزگاربـووان لەوانـە جیـا دەکاتەوە کـە ڕزگاریـان نەبووە. تاکـە شـت کـە جیـاوازی دەکات لەنێـوان ئـەم دووانـە چۆنیەتـی کاردانـەوەی کەسـەکانە بەرامبـەر بـە عیسـای پاشـا. ئەمـە مەبەسـتەکەیەتی لـە چیرۆکـی مـەڕ و بـزن لـە (مەتـا ٢٥). لـە کۆتاییـدا، جیـاوازی لـە نێـوان «وەرن» و لێـم دوور بکەونـەوە» چۆنیەتـی کاردانـەوە و بەدەنگەوەهاتنـی هـەر کەسێکە لەگـەڵ عیسـا کاتێـک پەیامـی ڕزگاری پێشـکەش دەکرێـت لەلایـەن «برایەکانییـەوە»، واتـا گەلەکـەی.

وە بـە دڵنیاییـەوە، یەکـەم شـت کـە وامـان لـێ دەکات لەنێـو گەلـی عیسـادا بیـن، مردنـی ئـەوە لەسـەر خـاچ لەپێنـاوی ئێمـە. ئەمـەش بەڕاسـتی شـتێکی سەرسـامکەرە دەربـارەی عیسـایە، واتـە تەنهـا ئـەوە سەرسـوڕهێنەر نییـە کـە عیسـا پاشـایە یـان دەسـتی کـردووە بـە شانشـینی خۆشەویسـتی و بەزەیـی. بەڕاسـتی، ئـەوە زۆر سەرسـامکەر نییـە؛ هەمـوو جولەکەیـەک دەیزانـی کـە ڕۆژێـک ئـەوە ڕوودەدات؛ بـەڵام ئـەوەی جێـی تێڕامانـە لـە مزگێنیـی مەسـیحدا ئەوەیـە کـە پاشـا مـرد بۆ ئـەوەی گەلەکـەی ڕزگار بـکات؛ ئەو مەسـیحەی کـە جولەکـەکان چـاوەڕێ بـوون ببێتـە پاشـای زەمینـی، بـووە مەسـیحی لەخاچـدراو.

بـە درێژایـی چەندیـن سـەدە، جولەکـەکان هیوایـان بـە هاتنـی مەسـیحی پاشـا هەبـوو بـۆ ئـەوەی ڕزگاریـان بـکات. هـەروەک چـاوەڕێ بـوون بـۆ هاتنـی بەنـدەی ئازارچێژتـووی خـودا (کـە ئیشـایا لەبارەیـەوە پێشـبینی کردبـوو)، هـەروەک هەتـا ڕادەیـەک پێشـبینییان لەبـارەی «کـوڕی مـرۆڤ»ی خوداییـەوە کردبـوو کـە لـە کۆتایـی زەمانـە دەردەکەوێـت (دانیـال). بـەڵام ئـەوەی تـەواو لێـی تێنەگەیشـتن ئـەوە بـوو کـە ئـەو سـێ کەسـایەتییە دەگەڕێتـەوە بـۆ هەمـان کـەس! هیـچ کەسێک ئـەو سـێ کەسـایەتییە پێکـەوە نابەسـتێتەوە - بـەلای کـەم هەتـا هاتنـی عیسـا.

بـەڵام عیسـا سـەبارەت بـە خـۆی ڕایگەیانـد نـەک بـەو پێیـەی ئـەو کەسـەیە هیواکانـی گەلـی ئیسرائیـل دەهێنێتـە دی بـۆ هاتنـی مەسـیح (یـان پاشـا)، بەڵکـو بـەردەوام ئامـاژەی بـۆ خـۆی دەکـرد کـە ئـەو «کـوڕی مـرۆڤ»ی خوداییـە کـە لـە دانیـال بەشـی حـەوت بـاس کـراوە. بەڵکـو لـەوەش زیاتـر، عیسـا باسـی کـوڕی مرۆڤـی کـرد کـە هاتـووە «خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات بـۆ کڕینـەوەی خەڵکێکـی زۆر“ (مەرقـۆس ١٠: ٤٥).

کە بەبێ هیچ گومانێک ئاماژە دەکات بۆ بەندەی ئازارچێژتووی خودا کە لە (ئیشایا ٥٣: ١٠) باس کراوە.

دەبینیت کە عیسا چی ڕادەگەیاند؟ دەیگوت کە ئەو هەموو ڕۆڵ و کەسایەتییەکانی هێناوەتە دی: مەسیح کە لە ڕەچەڵەکی داودەوە هاتووە، وە بەندەی ئازارچێژتووی خودا کە لە ئیشایا باسی کراوە، وە کوڕی مرۆڤ کە لە دانیال باسی کراوە! عیسا سروشتی کوڕی مرۆڤی خوادایی وەرگرت و ئازارەکانی بەندەی چێژت لەبری مرۆڤ، لە کۆتاییدا بە ڕۆڵی ڕزگاری هەمووی لە مەسیحدا کۆکردەوە. بە تێپەڕینی کات، عیسا هەموو داوەکانی هیوای جولەکەی کۆکردەوە، ئەو پاشایە زۆر زیاتر بوو لەوەی تەنها پاشایەکی زەمینی شۆڕشگێڕ بێت هەروەک جولەکەکان هیوایان دەخواست. پاشایەکی خزمەتکاری خودایی بوو، ئازار دەچێژێت و دەمرێت لەپێناوی گەلەکەی بۆ ئەوەی ڕزگاربوونیان بۆ مسۆگەر بکات، وە لەبەردەم باوکی بێتوانیان بکات، بە شکۆوە بیانباتە ناو شانشینەکەی.

لە سایەی ئەمەدا، سەیر نییە کە عیسا وای کردووە چوونە ناو شانشینەکەی تەنها پشت دەبەستێت بە تۆبەکردنی کەسەکە لە گوناە و متمانەکردنە بە مەسیح و کەفارەتەکەی لەسەر خاچ. کاتێک عیسا قسە دەکات سەبارەت بە «ئینجیلی شانشین»، مەبەست لەو ئاماژەیە ئەوە نییە کە شانشینەکە هاتووە، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنێت کە شانشینەکە هاتووە و دەتوانیت بچیتە ناوی ئەگەر قسە بکەیت لەگەڵم، من پاشام، بە باوەڕ بەوەی تەنها من دەتوانم ڕزگارت بکەم لە گوناهەکانت.

بۆیە، بوون بە هاوڵاتیی شانشینی مەسیح تەنها بابەتی ئەوە نییە کە «ژیانی شانشین بژیت» یان «شوێنی نموونەی عیسا بکەویت» یان «بەو شێوەیە بژیت کە مەسیح ژیا». لە ڕاستیدا، هەر کەسێک دەتوانێت بە خۆی بڵێت «شوێنکەوتەی عیسا» یان ئەو «ژیانی شانشین دەژییت» لە کاتێکدا هێشا لە دەرەوەی شانشینە. هەر وەک دەتەوێت دەتوانیت ئەو شێوەیە بژیت کە عیسا ژیاوە، بەڵام ئەگەر بە تۆبەکردن و باوەڕەوە نەیەیتە لای پاشا لەخاچدراوەکە، کە تەنها پشت بەو ببەستیت وەک قوربانییەکی تەواو بۆ گوناهەکانت، وە تاکە هیوای ڕزگاریت، نابیتە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە و هاوڵاتی شانشینەکەی.

ئـەو ڕێگایـەی کـە دەتوانیـن پێیـەوە بچینـە نـاو شانشـینی مەسـیح، ئەوەیـە کـە بچینـە لای پاشـاکە، نـەک بـۆ ئـەوەی وای دابنێیـن کـە نموونەیەکـی مەزنـە فێرمـان دەکات چـۆن بـە شـێوەیەکی باشـتر بژیـن، بەڵکـو بـە سـادەیی ئەوەیـە متمانەمـان هەبێـت کـە ئـەو پـەروەردگاری لەخاچـدراو و هەسـتاوەیە کـە تەنهـا ئـەو دەتوانێـت ڕزگارمـان بـکات لـە سـزای مـەرگ. لـە کۆتاییـدا، تاکـە ڕێـگا بـۆ چوونـە نـاو شانشـین خوێنـی پاشـاکەیە.

## بانگهێشتێک بۆ ژیان لەپێناو پاشاکە

پێنجـەم، بـوون بـە هاوڵاتیـی شانشـین، واتـای ئەوەیـە کـە بانگهێشـت کراویـت بـۆ ئـەوەی ژیانـی شانشـین بژیـت. لـە بەشـی شەشـی نامـەی ڕۆمـا، پۆڵسـی نێـردراو داوا لـە بـاوەڕداران دەکات کـە دان بنێـن بـەوەی ئـەوان ڕزگار بـوون لـە دەسـەڵاتی گونـاه و چوونەتـە نـاو شانشـینی خـوداوە.

”بۆیـە بـە لەئاوهەڵکێشـان لەگـەڵ ئـەو بـۆ مـردن نێژرایـن، تاکـو چـۆن مەسـیح لەنێـو مـردووان بـە شـکۆی باوکـەوە هەسـتایەوە، ئێمـەش ژیانێکـی نـوێ بژیـن.

ئەگـەر لـە شـێوەی مردنەکـەی لەگەڵیدایەکمانگرتبێـت، لـە هەستانەوەکەشـی ئـاوا دەبیـن. ئێمـە دەزانیـن کـە مرۆڤـە کۆنەکەمـان لەگـەڵ ئـەو لـە خـاچ درا، بـۆ ئـەوەی ئـەو جەسـتەیەی کـە لەژێرڕکێفـی گونـاه بـوو بتوانرێـت بـەلاوە بنرێـت، هەتـا چیـتر کۆیلـەی گونـاه نەبیـن. ئـەوەی مـرد لـە گونـاه ئـازاد کـراوە.

بـەڵام ئەگـەر لەگـەڵ مەسـیحدا مردوویـن، باوەڕمـان هەیـە لەگـەڵ ئەویـش دەژیـن، دەزانیـن مەسـیح کـە لەنێـو مـردووان هەسـتێنرایەوە، جارێکـی دیکـە نامرێتـەوە. ئیـتر مـردن دەسـەڵاتی بەسـەریدا نییـە. ئـەو مردنـەی مـرد، تەنهـا جارێـک لەبـەر گونـاه مـرد. بـەڵام ئـەو ژیانـەی دەژییـت بـۆ خـودا دەژییـت.

ئێـوەش سـەبارەت بـە گونـاه خۆتـان بـە مـردوو دابنێـن، بـەڵام

بەیەکبوونتـان لەگەڵعیسـای مەسـیحدا خۆتـان بـۆ خـودا بـە زینـدوو بزانــن” (ڕۆمـا ٦: ٤-١١).

کاتێـک بـە بـاوەڕ دەچینـە نـاو شانشـینی خـودا، ڕۆحـی پیـرۆز ژیانێکـی نوێـمان پـێ دەبەخشـێت. دەبینـە هاوڵاتـی لـە شانشـینێکی نـوێ. بەهـۆی ئـەوە، پەیوەسـتبوونێکی نوێـمان دەبێـت بـۆ گوێڕایەڵـی لـەو پاشـایە، وە بـە شـێوەیەک بژیـن کـە ببێتـە مایـەی شـکۆمەندی ئـەو. بۆیـە پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت:

”کەواتـە مەهێڵـن گونـاە حوکمڕانـی لەشـی لەناوچووتـان بـکات، تاکـو گوێڕایەڵـی ئارەزووەکانـی بـن. ئەندامانتـان وەک ئامێـری نادڕەوایـی بـۆ گونـاە پێشـکەش مەکـەن، بەڵکـو خۆتـان پێشکەشـی خـودا بکـەن، وەک زینــدووی نێــو مــردووان و ئەندامانتــان وەک ئامێرێراستودروســتی بــۆ خــودا“ (ڕۆمـا ٦: ١٢-١٣).

هەتـا ئـەو کاتـەی دیسـان مەسـیح دێتـەوە، ئێمـەی گەلـی ئـەو لـەو سـەردەمە پـڕ لـە گوناهــە دەمێنینــەوە و دەژیــن، وە پاشــاکەمان پێــمان دەڵێــت کــە بــە شــێوەیەک بژیــن شـایانی ئـەو شانشـینە بێـت کـە بـۆی بانگهێشـت کراویـن. «هانمـان دەدان و ورەمـان بـەرز دەکردنــەوە و لێتــان دەپاڕاینــەوە، بــە شــێوەیەک بژیــن شــایانی خــودا بێــت، ئــەوەی بــۆ شانشـین و شـکۆی خـۆی بانگتـان دەکات“ (یەکـەم سـالۆنیکی ٢: ١٢). ”لەنـاو نەوەیەکـی چـەوت و خـواردا بـێ لەکـەن، لەنێـو ئەوانـدا وەک ئەسـتێرە لە گەردوونـدا دەدرەوشـێنەوە“ (فلیپــی ٢: ١٢). ئەگــەر بەپێــی ژیانــی شانشــینەکە بژیــن، هەرگیــز ئەمــە نامانباتــە نــاو شانشـین، بەڵکـو تەنهـا بـەوەی کـە بـە بـاوەڕ بـە پاشـاکە بچینـە نـاو شانشـین، خۆمـان لەگـەڵ گەورەیەکـی نوێـدا دەبینینـەوە، وە شـەریعەتێکی نـوێ، پەیمانێکـی نـوێ و ژیانێکـی نـوێ - بـەو شـێوەیە حـەز دەکەیـن کـە ژیانێکـی وەک ژیانـی شانشـین بژیـن.

کتێبـی پیـرۆز پێـمان دەڵێـت کـە لـەم سـەردەمەدا بـە پلەی یەکـەم ژیانی شانشـین لە کڵێسـادا دێتـە دی. ئایـا پێشـتر بیـرت لەمـە کردووەتـەوە؟ کڵێسـا ئـەو شـوێنەیە کـە تێیـدا شانشـینی خـودا بـە شـێوەیەکی بیـنراو لـە سـەردەمە دەردەکەوێت. بڕوانـە (ئەفەسـۆس ٣: ١٠-١١).

”بـۆ ئـەوەی ئێسـتا لـە ڕێگـەی کڵێسـاوە، دانایـی هەمەجـۆرەی خـودا

بـۆ فەرمانـڕەوا و دەسـەڵاتداران لـە شـوێنەکانی ئاسـمان زانـراو بێـت، بەگوێـرەی خواسـتی هەتاهەتایـی، ئـەوەی بەهـۆی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمانەوە هێنایـە دی“.

کڵێسـا ئـەو مەیدانەیـە کـە خـودا بـەر لـە هەمـوو شـتێک هەڵیبـژاردووە بـۆ ئـەوەی دانایـی و شـکۆی مزگێنیـی مەسـیحی تێـدا دەربخـات. هـەروەک زۆر کـەس پێشـتر گوتوویانـە: کڵێسـا بنکەیەکـی بنەڕەتییـە بـۆ شانشـینی خـودا لـەم جیهانـەدا. هەڵەیـە کـە بڵێیـن کڵێسـا شانشـینی خودایـە. هـەروەک پێشـتر بینیـمان، شانشـینی خـودا زۆر لـەوە زیاتـرە. بـەڵام ڕاسـتە کـە بڵێیـن کڵێسـا ئـەو شـوێنەیە کـە لـەم سـەردەمەدا تێیـدا شانشـینی خـودا شـکۆدار دەکرێـت.

ئایـا دەتەوێـت بزانیـت شانشـینی خـودا چۆنـە، بـەلای کەمـەوە بـەر لـەوەی کامـڵ و تـەواو بێـت؟ ئایـا دەتەوێـت ببینیـت لـەم سـەردەمەدا ژیانـی شانشـین چـۆن دەبێـت؟ بڕوانـە کڵێسـا. تێیـدا دانایـی خـودا پیشـان دەدرێـت، ئـەوە ئـەو شـوێنەیە کە ئەو کەسـانەی تێدایـە کـە پێشـتر دوور خرابوونـەوە و دابڕابـوون، بـە هـۆی عیسـا ئاشـتبوونەتەوە و یەکیـان گرتـووە. وە تێیـدا ڕۆحـی پیـرۆز کار دەکات بـۆ دووبـارە دروسـتکردنەوە و بنیادنانـی ژیانـی مـرۆڤ. ئـەو شـوێنەیە کـە تێیـدا خەڵکـی فێـری ئـەوە دەبـن یەکتریـان خۆشـبووێ، وە بـار و خەمەکانـی یەکـتر هەڵبگـرن، پێکـەوە بگریێـن و پێکـەوە دڵخـۆش بـن، بـە خۆشەویسـتییەوە لەپێنـاو چاکـەی یەکـتر لێیپێچینـەوە لـە یەکـتر بکـەن. بێگومـان، کڵێسـا تـەواو و کامـڵ نییـە، بـەڵام ئـەو شـوێنەیە کـە تێیـدا وەک شانشـین دەژیـن بـۆ ئـەوەی بـە ڕوونـی بـۆ جیهـان دەربکەوێـت کـە زۆر پێویسـتیان بـە ڕزگاری هەیـە.

## تێپەڕاندنی تاریکی

پێویسـتی زۆری جیهـان بـە ڕزگاری وا دەکات ژیـان وەکـو هاوڵاتـی شانشـینی مەسـیح لـەم سـەردەمەدا ئاسـان نەبێـت. ئـەم جیهانـە وای دەبینـن کـە باوەڕدارانـی مەسـیح مایـەی مەترسـین، ئـەوەش شـتێکی کۆنـە و هەتـا ئێسـتا بەردەوامـە. لـە ڕۆژانـی سـەرەتای یەکەمین کڵێسـاکان، ڕاگەیاندنـی «عیسـا پـەروەردگارە!» بـە ڕەتکردنـەوەی دەسـەڵاتی ئیمپراتـۆر لـە قەڵـەم دەدرا و بـە کوشـتن کۆتایـی دەکات. ئەمـڕۆ ڕاگەیاندنـی «عیسـا پـەروەردگارە!» بـە

توندڕەوی دادەنرێـت، وە وەکـو ڕەتکردنـەوەی (پلورالّیـزم) هەمەچەشـنەیی دادەنرێـت و بـەو هۆیـەوە سـوکایەتی و جنێومـان پـێ دەدرێـت.

هەرگیـز لـە کتێبـی پیـرۆزدا بـاس نەکـراوە کـە ژیانـی شانشـین - ململانـێ بـۆ مانـەوە بـە دڵسـۆزی بـۆ پاشـا - ئاسـان دەبێـت. عیسـا بەڵێنـی بـە قوتابییەکانـی دا کـە تووشـی چەوسـانەوە دەبـن، نەفرەتیـان لـێ دەکرێـت و سـووکایەتییان پـێ دەکرێـت، هەروەهـا دەشـکوژرێن. بـەڵام لەنێـو ئـەو هەمـووەدا، ئێمـەی بـاوەڕدار بـەرەو پێشـەوە دەڕۆیـن لەبـەر ئـەوەی دەزانیـن کـە لەبـەردەم خـودا میراتێکـمان هەیـە لـە سـەرووی سـنووری ئەندێشـەی ئێمەوەیـە.

لـە دوایـین کتێبـی داسـتانە ناوازەکـەی «پاشـای ئەنگوسـتیلەکان», لـە نووسـینی )جـەی. ئـار، ئـار. تۆلکیـن)، پاڵەوانەکانـی چیرۆکەکـە دەگەنـە دژوارتریـن بەشـی گەشـتەکەیان. هــەزاران میـل گەشـتیان کـرد و لــە کۆتاییـدا گەیشـتنە خاکـی خراپـەکاری، ئـەوەش ئامانجەکەیـان بـوو. بـەڵام وا دیـارە کـە هەمـوو شـتێک لـە دەسـەڵات دەرچـووە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ چەندیـن هـۆکاری جیـاواز. بـەڵام لـەم سـاتە تاریکـەدا، یەکێـک لـە پاڵەوانـەکان بـە نـاوی (سـام)، تەماشـای ئاسـمانە ڕەشـەکە دەکات. لێـرەدا نووسـەر دەڵێـت:

> ”لـەوێ لەسـەرووی چیاکانـی ڕۆژاوا کە زۆر لێرەوە دوورە، هێشـتا ئاسـمان شـەوێکی تاریـک و ئەنگوسـتەچاو بـوو. لـەوێ، بـە تەماشـاکردنێکی خێـرا بـۆ پاشـماوەی هـەوری تاریک لەسـەر دەشـتاییەکی بەرز لەسـەر چیاکان، سـام ئەسـتێرەیەکی سـپی بینـی کـە بـۆ ماوەیـەک دەدرەوشـایەوە. لـە کاتێکـدا چـاوەڕێ بـوو لـە زەوییـە چـۆڵ و بەجێهێڵدراوەکـە دەربچێـت، جوانـی ئەسـتێرەکە دڵـی بـڕی و هیـوای بـۆ گەڕایـەوە. بـە خێرایـی بیرۆکەیەکـی ڕوون و یەکلاکـەرەوەی بـۆ هـات: لـە کۆتایـی تاریکیـدا شـتێکی بچـووک و خێـرا هەیـە - ڕووناکـی و جوانییەکـی دڵڕفێنـی بەردەوامـی هەیـە کـە لـە سـەرووی بیرکردنەوەوەیـە».

لـەلای مـن ئەمـە یەکێکـە لـە خۆشـترین سـاتەکانی چیرۆکەکـە. تۆلکیـن، کـە بـاوەڕی خـۆی بـە مەسـیح ڕاگەیانـدووە، سـەرنجمان دەخاتـە سـەر ئـەو شـوێنەی کـە تێیـدا ئازایەتـی دەبینینـەوە بـۆ ئـەوەی بەنێـو تاریکیـدا بڕۆیـن. لێـرەوە هیـوا دێـت: بـە درککردنمـان

بـەوەی زەحمەتییەکانـی ئێسـتا بەڕاسـتی کەمـە و بـە خێرایـی تێدەپەڕێـت. هـەروەک پۆڵسـی نێـردراو سـەبارەت بـەوە دەڵێـت کـە هیـچ نییـە بـە بـەراورد بـەو شـکۆیەی بۆمـان ڕادەگەندرێـت لـەو کاتـەی پاشـاکەمان دێتـەوە.

# بەشی حەوتەم

## دەبێت خاچ ناوەند و چەقی ژیانمان بێت

(جۆن بنیـان)ی نووسـەر لـە کتێبـی «بەرەوپێشـچوونی گەشـتیار»، پاڵەوانـی چیرۆکەکـە کـە نـاوی (کرسـچن)ە، خـۆی لـە قۆناغێکـدا دەدۆزێتـەوە کـە لەگـەڵ دوو هـاوکاری نامـۆ قسـە دەکات، یەکێکیـان نـاوی «فۆرمالیسـت“ بـوو، ئـەوەی دیکـە نـاوی ”هیپۆکریسـی“ بـوو. ئـەو دوو کەسـە نامۆیـە دووپاتیـان کـردەوە کـە ئـەوان وەک کرسـچن لـە ڕێـگان بـەرەو شـاری ئاسـمانی، وە دڵنیـان لـەوەی دەگەنـە ئـەوێ بەهـۆی ئـەوەی زۆر کەسـی شـارەکەیان پێشـتر گەیشـتوونەتە ئـەوێ.

بێگومان، ئەم دوو کەسە نامۆیە، بە ناوەکانیاندا دیارە کە ناچنە شاری ئاسمانی.

جـاری یەکـەم کـە کرسـچن ئـەم دوو پیـاوەی بینـی، بەسـەر دیوارێکـدا هەڵدەگـەڕان کـە بـە درێژایـی ڕێگایەکـی تەسـک بـوو کـە ئـەم لەسـەر ڕێگاکـە دەڕۆیشـت. ئـەو کاتـە درکـی بـەوە کـرد کـە کێشـەیەک هەیـە؛ چونکـە دەیزانـی کـە تاکـە ڕێـگای دروسـت بـۆ چوونـە نـاو ڕێـگا تەسـکەکە دەرگایەکـی بچـووک بـوو، کـە لـە چیرۆکەکـەدا هێمایـە بـۆ تۆبەکـردن و بـاوەڕە بـە مەسـیحی لەخاچـدراو.

کرسـچن نەترسـا لـەوەی بچێتـە ناوەڕۆکـی بابەتەکـەوە، فشـارەی بـۆ دوو پیاوەکـە هێنـا و گوتـی: ”بۆچـی لـە دەرگاکـە ناچنـە ژوورەوە؟» دوو پیاوەکـە بـە خێرایـی ڕوونیـان کـردەوە کـە خەڵکـی شـارەکەی ئـەوان پێیـان وایـە دەرگاکـە زۆر دوورە، بۆیـە لەمێـژە بڕیاریـان داوە کـە «ڕێـگا کورتەکـە بگرنـە بـەر». هەروەهـا گوتیـان:

> ”گرنگـی شـێوازی گەیشـتنمان بـۆ ئێـرە لـە چیدایـە، مـادام گەیشـتینە ڕێگاکـە؟ ئێمـە لێرەیـن، ئـەوەش گرنگـە. تـۆ لێـرە لەسـەر ڕێـگای، لـە دەرگاکەشـەوە هاتوویـت؛ ئێمـەش لێرەیـن و بەسـەر دیوارەکەشـدا هەڵگەڕاویـن بـۆ ئـەوەی بگەینـە ئێـرە. چـی وا دەکات تـۆ لـە ئێمـە باشـتر بیـت؟»

کرسچن هۆشداری دەداتە دوو پیاوەکە کە گەورەی شارەکە فەرمانێکی دەرکردووە و هەمووان ناچار دەکات کە ئەوەی بێتە شارەکە دەبێ لە ڕێگا تەسکەکە و لەو دەرگایەشەوە بێت. پارچە کاغەزێکی پێچراوی پیشاندان، لەلای دەرگاکە وەریگرتبوو، پێویستە لەلای دەرگای شارەکە پیشان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە ناوی. کرسچن پێی گوتن: «پێم وایە کە ئێوە ئەو نووسراوەتان نییە، چونکە لە دەرگاکەوە نەهاتوونەتە ژوورەوە».

نووسەر دەیەوێت دەریبخات کە تاکە ڕێگای ڕزگاری لە دەرگا بچوکەکەوەیە - تۆبەکردن و باوەڕ. گواستنەوە بۆ ڕێگای ژیانی مەسیحیی بەس نییە. ئەگەر کەسێک لەو دەرگایەوە نەیەتە ژوورەوە بەڕاستی نابێتە کەسێکی مەسیحیی.

## مزگێنییەکی گەورەتر و پەیوەندیدار؟

هەر لە کۆنەوە مرۆڤەکان هەوڵیان داوە خۆیان ڕزگاری بەدەستبهێنن بەو ڕێگایانەی کە بەلای خۆیانەوە لۆژیکییە، لەبری گوێگرتن لە خودا و ملکەچبوونیان بۆی. هەوڵیان داوە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ڕزگاری و پەیڕەوکردنی مزگێنیی مەسیح بزانن، بەبێ چوونە ژوورەوە لە دەرگا تەسکەکە، واتا بەبێ خاچی عیسای مەسیح.

لە سەردەمی ئێستاشماندا هەمان بارودۆخە. من پێم وایە کە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکان کە ئەمڕۆ جەستەی مەسیح تووشی دەبێت کەوتنە ژێر فریودانی دووبارە بیرکردنەوەیە لە مزگێنیی مەسیح و دووبارە داڕشتنەوەی بە ڕێگایەک کە وای لێبکات سەرنج بخاتە سەر شتێکی دیکە جگە لە مردنی عیسا لەسەر خاچ لەبری گوناهباران.

تەوژمێکی زۆر هەیە بۆ ئەوە، وا دیارە کە لە زۆر ئاراستەوە دێت. لە گرنگترین سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو تەوژمە ئەو بیرۆکە بەربڵاو و فراوانەیە کە دەڵێ مزگێنی لێخۆشبوونی گوناە بە مردنی مەسیح هێندە «گەورە» نییە، ئەوە چارەسەری بابەتەکانی وەکو جەنگ و چەوسانەوە و هەژاری و ستەمکاری ناکات، هێندەش «گەورە و گرنگ» نییە، کاتێک بابەتەکە پەیوەستە بەو کێشانەی لە واقیعدا لە جیهاندا هەن.

ئێستا، پێم وایە ئەو تۆمەتە تەواو ناڕاستە. هەموو ئەو کێشانە، لە بنەڕەتدا لە ئەنجامی گوناهی مرۆڤەوەیە. گەمژەییە کە پێمان وابێت بە چالاکی زیاتر و

گرنگیپێدانی زیاتر و بە سەرنج خستنە سەر ژیان بەگوێرەی ئەو ژیانەی کە عیسا ژیاوە، دەتوانین چارەسەری ئەو کێشانە بکەین. نەخێر! تەنها هەر خاچ دەتوانێت بەڕاستی هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ هەموو ئەو گوناهانە، وە تەنها بە خاچ مرۆڤەکان دەتوانن بچنە ناو شانشینی خوداوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، وا دیارە کە تەوژمی دۆزینەوەی مزگێنییەکی «گەورەتر» و «پەیوەندیدارتر"دەستی گرتووە بەسەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا. کەوا جار لەدوای جار، لە کتێبێک لەدوای کتێبێکی دیکە، شێوازێکی مزگێنیی مەسیح دەبینین کە خاچی خستووەتە شوێنێکی لاوەکی. وە لە شوێنی ئەو ڕاگەیاندنێک دەبینین کە کرۆکی مزگێنیی مەسیح ئەوەیە کە خودا دووبارە جیهان دادەڕێژێتەوە، یان بەڵێن دەدات کە پاشایەتییەک دامەزرێنێت کە هەموو شتێک چاک دەکاتەوە، یان ئەو داوامان لێ دەکات بچینە پاڵی لە کارکردن بۆ گۆڕینی کەلتوورەکامنان. وردەکارییەکە هەرچییەک بێت، هەردەم ئەنجامەکەی ئەوەیە مردنی مەسیح لەبری گوناهباران پەراوێز بخرێت، یان وا دابنرێت کە تەنها گریمانەیەکە، یان هەندێک جار (بە ئەنقەست) پەراوێز بخرێت.

## سێ مزگێنیی جێگرەوە

لە چەق و ناوەند لابردنی خاچ دەکرێت بە ڕێگای جیاواز لەنێو باوەڕدارە ئینجیلییەکاندا دەبینم. بەم دواییانە چەند مزگێنییەک بە ناو مزگێنیی «گەورەتر و باشتر» بڵاو کراونەتەوە کە وا دیارە ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتەیان هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو مزگێنییە گەورەترانە تەوەرەکەیان شتێکی دیکەی جگە لە خاچە، من دەڵێم کەمترە لەوەی مزگێنیی مەسیح بێت یانیش ئەوە هەرگیز مزگێنیی مەسیح نییە. با باسی سێ منوونەتان بۆ بکەم.

## "عیسا پەروەردگارە" مزگێنیی مەسیح نییە

یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو مزگێنییە گەورەترانە، ئەوەیە کە دەڵێت بە سادەیی هەواڵی خۆش ڕاگەیاندنی ئەوەیە کە «عیسا پەروەردگارە». وە هەروەک فەرمانبەرێکی حکومەت لە کاتی هاتنە ناو شار ڕایدەگەیەنێت «قەیسەر گەورەمانە»، جاڕدەرە مەسیحییەکان هەواڵی خۆش ڕادەگەیەنن کە عیسا فەرمانڕەوایە، وە مرۆڤ لەگەڵ

خـۆی ئاشـت دەکاتـەوە، وە دەیخاتـە ژێـر فەرمانڕەوایەتـی خۆیـەوە.

بێگومـان ئـەو ڕاگەیاندنـە تـەواو ڕاسـتە و زۆر باشـە! وە ڕاگەیاندنـی فەرمانڕەوایـی عیسـا بابەتێکـی بنەڕەتییـە لـە پەیامـی ئینجیـل. لەبـەر ئـەوە پۆڵـس لـە (ڕۆمـا ١٠: ٩) دەڵێـت کـە هـەر کەسـێک دان بنێـت بـەوەی «عیسـا پـەروەردگارە» ڕزگاری دەبێـت، هـەروەک لـە (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٣) دەڵێـت کـە تەنهـا بـە هێـزی ڕۆحـی پیـرۆز مـرۆڤ دەتوانێـت بـە دڵنیاییـەوە ئـەو ڕاسـتییە دووپـات بکاتـەوە.

بـەڵام هەڵەیـە کـە بڵێیـن ڕاگەیاندنـی ئـەوەی «عیسـا پـەروەردگارە»، تـەواوی ناوەڕۆکـی هەواڵـی خۆشـە لـە مەسـیحییەتدا. پێشـتر بینیـمان کـە مەسـیحییە یەکەمینـەکان زۆر زیاتریـان لـەوە گوتـووە کاتێـک مزگێنیـی مەسـیحیان ڕاگەیانـدووە. بەڵـێ لـە سـیپارەی کـرداری نێـردراوان بەشـی دووەم، پەتـرۆس وتـاری دا و گوتـی: «بۆیـە بـا هەمـوو ماڵـی ئیسرائیـل بـە دڵنیاییـەوە بزانـن کـە ئـەم عیسـایەی ئێـوە لـە خاچتـان دا، خـودا کـردی بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆ” (ئایەتـی ٣٦). بـەڵام پێـش ئـەو دەربڕینـە و پـاش ئـەوە، ڕوونکردنەوەیەکـی تـەواو هەیـە بـۆ واتـای فەرمانڕەوایەتـی عیسـا. ئـەوە واتـای ئەوەیـە ئـەو پـەروەردگارە لەخـاچ درا و مـرد و هەسـتایەوە، هـەروەک واتـای مـردن و هەسـتانەوەی ڕوویـدا بـە لـە لێخۆشـبوونی گوناهەکانـی ئەوانـەی تۆبـە دەکـەن و بـاوەڕی پـێ دەهێنـن. پەتـرۆس ڕایگەیانـد کـە نـەک تەنهـا عیسـا پـەروەردگارە، بەڵکـو ئـەو پـەروەردگارە هەسـتا بـە کارێـک لەبـری گەلەکـەی بـۆ ئـەوەی ڕزگاریـان بـکات لـە تووڕەیـی خـودا بـە هـۆی گوناهەکانیـان.

پێویسـتە ئێسـتا ڕوون بێـت کـە ڕاگەیاندنـی «عیسـا پـەروەردگارە» هەرگیـز نابێتـە هەواڵـی خـۆش، ئەگـەر ڕوونـی نەکەینـەوە کـە عیسـا نـەک تەنهـا پـەروەردگارە بەڵکـو ڕزگارکاریشـە. واتـا دەسـەڵاتی فەرمانڕەوایـی و حوکمدانـی هەیـە، وە پێشـتر بینیـمان کـە خـودا مکـوڕە لـە حوکمدانـی خراپـە. بۆیـە ڕاگەیاندنـی دەسـەڵات و پەروەردگاریـی عیسـا، هەواڵێکـی تۆقێنـەرە بـۆ گوناهبـارە هەڵگـەڕاوەکان لـە خـودا و مەسـیحەکەی. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە دوژمنەکـەت تەختـی دەسـەڵاتی بەدەسـتهێناوە، وە حوکمـت دەدات بەهـۆی ئـەوەی لێـی یاخـی بوویـت.

وە بـۆ ئـەوەی ئـەو هەواڵـە خـۆش بێـت و تۆقێنـەر نەبێـت، پێویسـتە ڕاگەیاندنـی

ڕێگایەک لەخۆبگرێت کە تێیدا یاخیبوونەکەت ببەخشرێت، ڕێگایەک کە تێیدا ئاشت بیتەوە لەگەڵ ئەوەی بووەتە پەروەردگارت. ڕێک ئەمە لە پەیمانی نوێدا دەبینین - نەک تەنها ڕاگەیاندنی ئەوەی کە عیسا پەروەردگارە، بەڵکو ئەوەش کە ئەو پەروەردگارە لە خاچ درا بۆ ئەوەی گوناهباران لێخۆشبوون وەربگرن و بیانهێنێتە ناو خۆشیی شانشینەکەیەوە. ئەوەی لێ دەرچێت، ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی پەروەردگار تەنها حوکمدان دەبێت.

## "بەدیهێنراوان - کەوتن -کڕینەوە - تەواوکردن" مزگێنیی مەسیح نییە

زۆر لە باوەڕداران چیرۆکی کتێبی پیرۆز لە چوار وشەدا کورت دەکەنەوە: بەدیهێنراوان - کەوتن - کڕینەوە - تەواوکردن.

لە ڕاستیدا، ئەم هەنگاوە فراوانە بە ڕێگایەkی نوێ دادەنرێت بۆ کورتکردنەوەی ڕێڕەوی سەرەکی چیرۆکی کتێبی پیرۆز. خودا جیهان بەدیدەهێنێت، مرۆڤ گوناه دەکات، ئینجا خودا گەلەکەی بۆ خۆی کڕییەوە لە عیسای مەسیحدا، وە مێژوو کۆتایی دێت بە کۆتاییهاتنی شانشینە شکۆدارەکەی. لە سیپارەی پەیدابوون هەتا سیپارەی ئاشکراکردن، ئەمە شێوازێکی نایابە بۆ بیرکەوتنەوەی چیرۆکی سەرەکی کتێبی پیرۆز. لە ڕاستیدا، کاتێک لێی تێدەگەیت و بە شێوەیەکی ڕاست دەریدەبڕیت، چەند سەردێڕێکت پێدەدات - بەدیهێنراوان و کەوتن و کڕینەوە و تەواوکردن – کە چوارچێوەیەکی باش بۆ پێشکەشکردنی مزگێنیی مەسیح بەگوێرەی کتێبی پیرۆز دابین دەکات. جگە لەوە کێشەکە ئەوەیە کە هەندێک کەس بە شێوەیەکی هەڵە ئەم چوار سەردێڕەیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ سەرنج خستنە سەر مزگێنیی مەسیح لە بەڵێنی خودا بۆ نوێکردنەوەی جیهان، لەبری سەرنجدان لەسەر خاچ. وە لە زۆر بارودۆخدا، مزگێنیی مەسیح لیستی بەدیهێنراوان و کەوتن و کڕینەوە و تەواوکردن بەم شێوەیە پێشکەش دەکات:

> لە سەرەتادا خودا جیهان و هەموو بەدیهێنراوانی بەدیهێنا. لە بنەڕەتدا هەموو شتێک چاک بوو، بەڵام مرۆڤ لە دەسەڵاتی خودا یاخی بوو، بارودۆخێکی ئاژاوە لە جیهان دروستبوو. بەو شێوەیە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا پچڕا، هەروەهاش پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ

> یەکتر، لەگەڵ خۆیان و جیهانیش. بەڵام پاش کەوتن، خودا بەڵێنی دا کە پاشایەک دەنێرێت گەلەکەی بۆ خۆی دەکڕێتەوە و لە نوێوە ئاشتەوایی دەکات لە نێوان خودا و بەدیهێنراوانی. جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە بە هاتنی عیسای مەسیح دەستی پێکرد، بەڵام لە کۆتاییدا تەواو دەبێت (کۆتایی پێدێت) کاتێک عیسای پاشا دیسان دێت.

بێگومان، هەموو ئەوەی لەو پەرەگرافەدا نووسراوە ڕاستییە، بەڵام مزگێنیی مەسیح نییە. تەواو هەروەک چۆن ڕاگەیاندنی «عیسا پەروەردگارە» هەواڵە خۆشەکە نییە، ئەگەر ڕێگایەک نەبێت بۆ لێخۆشبوون لە یاخیبوونت لە خودا. کەواتە ڕاستییەکە ئەوەیە کە خودا دووبارە جیهان دادەڕێژێتەوە هەواڵە خۆشەکە نییە، ئەگەر لەنێویدا نەبێت.

بێگومان کێشە نییە کە ئەو چوار وشەیە بەکاربهێنیت وەکو ئامرازێکی ڕوونکردنەوەی هەواڵی خۆش لە مەسیحییەتدا. لە ڕاستیدا، دەربڕینەکانی «بەدیهێنراوان» و «کەوتن» لەگەڵ «خودا» و «مرۆڤ» دەگونجێت. بەڵام خاڵی یەکلاکەرەوە لەگەڵ دەربڕینی «کڕینەوە"دا دێت. لە پێناوی ڕاگەیاندنی مزگێنیی مەسیح بە ڕاستگۆیی، پێویستە بە وردی مردنی عیسا و هەستانەوەی ڕوون بکەینەوە، وە ئەو بەدەنگەوەهاتنەی کە خودا لە گوناهبارانی داوا دەکات. ئەگەر گوتمان تەنها خودا خەڵکی دەکڕێتەوە و جیهان دادەڕێژێتەوە، بەبێ باسکردنی شێوازی هەستانەوە بە (مردنی عیسا و هەستانەوەی)، وە چۆنیەتی ئەوەی کەسێک دەچێتە نێو ئەم کڕینەوەیە (بە تۆبەکردن لە گوناه و باوەڕ بە عیسا)، ئەوا لەڕاستیدا هەواڵی خۆش ڕاناگەیەنین؛ ئەو کاتە تەنها چیرۆکی کتێبی پیرۆز بە سەردێر باس دەکەین، وە واز لە گوناهباران دەهێنین بە سەر لێشێوای خەریکی گەڕان بن.

## "گۆڕینی کەلتور" مزگێنیی مەسیح نییە

وا دیارە لەم دواییانەدا بیرۆکەی گۆڕینی کەلتور لەڕێگەی کاری باوەڕدارانەوە، هزری زۆرێک لە باوەڕدارانی داگیر کردووە. پێم وایە ئەمە ئامانجێکی باشە، وە وای دەبینم کە ئەو کۆششەی دەدرێت بۆ وەستان دژی خراپەکارییەکانی کۆمەڵگە،

جـا ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی کەسـیی بێـت یـان بـە کۆمـەڵ، ئامانجێکـە لـە کرۆکـی کتێبـی پیـرۆزدا. پۆڵسـی نێـردراو پێـمان دەڵێـت کـە پێویسـتە لەسـەرمان «چاکـە لەگـەڵ هەمـووان بکەیـن، بـە تایبەتـی لەگـەڵ خێزانـی بـاوەڕداران“ (گەلاتیـا ٦: ١٠). هـەروەک عیسـا پێـمان دەڵێـت «بـا ئێـوەش ڕووناکیتـان بـۆ خەڵـک بدرەوشـێتەوە، تاکـو کـردارە باشـەکانتان ببینـن و ستایشـی باوکتـان بکـەن کـە لـە ئاسـمانە“ (مەتـا ٥: ١٦).

بـەڵام زۆر لەوانـەی بانگەشـەی گۆڕینـی کەلتـوری دەکـەن، زۆر دوورتـر لـەوە دەڕۆن؛ پێیـان وایـە کـە لـە ڕێگـەی چیرۆکەکانـی کتێبـی پیـرۆزەوە دەتوانیـت کەلتورەکـەت لـە کێشـە و گرفتەکانـت ڕزگار بکەیـت. بـۆ نموونـە، دەڵێـن ئەگـەر خـودا کار دەکات بـۆ داڕشـتنەوەی جیهـان، ئـەوا بەرپرسـیارییێتی ئێمەیـە بچینـە پاڵـی و لـە کارەکـە بەشـداری بکەیـن. بـا پێکـەوە کەلوپەلەکانـی بنیادنـان کـۆ بکەینـەوە، وە هەنـگاوی گرنـگ بنێیـن لـە پێنـاوی هێنانـەدی دەسـەڵاتی خـودا لـە ژیانمـان و شـارەکەمان و نەتـەوە و جیهانەکەمانـدا. دەڵێـن: ”پێویسـتە ئـەوە بکەیـن کـە دەبینیـن خـودا دەیـکات“.

بـا هەمـوو بیرۆکەکانـم بـە ڕوونـی بخەمـە ڕوو. هەندێـک خۆپارێزیـم هەیـە لـە لایەنـی کتێبـی پیـرۆز و یەزدانناسـییەوە کـە باسـی گۆڕانـی کەلتـوری دەکەیـن. قەناعەتـم نییـە بـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـەو جـۆرە هانـی گۆڕینـی کەلتـور دەدات کـە هەندێـک گۆڕانخـواز بانگەشـەی بـۆ دەکـەن. ئەمـەش لەبـەر چەنـد هۆکارێـک. لـە لایـەک، مـن پێـم وا نییـە کـە داواکاری کەلتـوری لـە سـپارەی پەیدابـوون بـە تایبـەت دراوە بـە گەلـی خـودا، بەڵکـو دراوە بـە تـەواوی ڕەگـەزی مرۆڤایەتـی. هەروەهـا پێـم وا نییـە کـە ڕێـڕەوی گشـتی بـۆ کەلتـوری مرۆڤایەتـی، جـا ئەگـەر لـە کتێبـی پیـرۆز بێـت یـان لـە لـە مێـژوودا، بـە ئاراسـتەی خوداییانەیـە، بەڵکـو وای دەبینـم بـە گشـتی بە ئاراسـتەی حوکمدانـە (ئاشـکراکردن ١٧-١٩). ئینجـا دەبینـم کـە گەشـبینی زۆرێـک لـە گۆڕانخـوازەکان بـۆ ”گۆڕینـی جیهـان» کارێکـی گومڕاکـەرە، بۆیـە کارێکـی شکسـتخواردووە.

جگـە لـەوەش هەمـوو ئـەوە گفتوگۆیەکـی گـەورەی یەزدانناسـی دێنێتـە ئـاراوە، وە ئـەوە ئامانجـی سـەرەکی ئـەم بەرهەمـە نییـە. بـەڵام بـە ڕاسـتی وای دەبینـم کـە دەتوانیـت گۆڕانخـواز بیـت و لـە هەمـان کاتـدا پەیوەسـت بیـت بـە پاراسـتنی ئـەوەی خـاچ کرۆکـی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز و هەواڵـی خـۆش بێـت. لـە کۆتاییـدا، خـودا گەلەکـەی کـە

کڕیوەتییەوە و لێخۆشبوونی پێ بەخشیوە بەکاریاندەهێنێت بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانە ئەنجام بدەن، ئەو لێخۆشبوون و کڕینەوەیەش تەنها بە خاچ دەبێت.

بابەتی سەرەکیی من شتێکە کە هیوادارم هاوڕێ گۆڕانخوازە ئینجیلییەکانم هاوڕا بن لەگەڵم. بابەتەکە ئەوەیە کە زۆر جار باوەڕداران گۆڕانخوازەکان هێندە گرنگی بە لایەنی کەلتوری دەدەن کە گۆڕینی کەلتور و چاککردنەوەی هەڵە کەلتورییەکان دەبێتە بەڵێن و خاڵی سەرەکیی مزگێنیی مەسیح - بێگومان ئەمەش واتا دەبێت خاچ لە دیمەنەکە بچێتە دەرەوە، ئەگەر بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست. دەتوانیت لە کتێب لەدوای کتێب ئەوە ببینیت، هەموویان لەسەر گۆڕینی کەلتور چڕ دەبنەوە. کەلتورێکی چاککراو وەکو دەرەنجامی ئەو وروژان و خۆشحاڵییە دەزانن لە جێگەی کاری مەسیح لەسەر خاچ. لەبەر ئەوە بانگەشە دەکەن کە خەڵکی بچنە پاڵ خودا لە کارکردنی بۆ گۆڕینی جیهان، لەبری بانگهێشتەکەیان بۆ تۆبەکردن و باوەڕ بە عیسا. وە دەگوترێ کە ڕێڕەوی چیرۆکی کتێبی پیرۆز لە دەوری تەوەری دووبارە داڕشتنەوەی جیهانە، نەک لەسەر مردنی عیسا لەبری مرۆڤایەتی.

وە لەم پرۆسەیەدا، نیعمەت و باوەڕ لە مەسیحییەتدا کەم دەکات، وە ئەو قەرزە ئاساییە زیاد دەکات کە دەڵێت: «بەو شێوازە بژی، ئیتر جیهان دەگۆڕێت». ئەمە مەسیحییەت نییە، بەڵکو ئەمە تەنها ڕەوشتگەرییە و هیچی دیکە.

## بەردی کۆسپ و نەفامی

لە کۆتاییدا، بەلامەوە جێگەی پرسیارە ئاخۆ هۆکاری دوورخستنەوەی خاچ بۆ دەرەوەی چەقی مزگێنیی مەسیح، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە جیهان خاچی خۆشناوێت یان نە. لە باشترین بارودۆخدا، خەڵکی پێیان وایە ئەمە چیرۆکێکی ئەندێشەییە، وە لە خراپترین بارودۆخدا، پێیان وایە ئەمە درۆیەکی ترسناکە. بێگومان نابێت ئەوە سەرسامان بکات؛ پۆڵسی نێردراو پێشوەخت ئەمەی پێگوتووین. کاتێک گوتی کە پەیامی خاچ دەبێتە بەردی کۆسپ و نەفامی لەلای خەڵکی!

سەرباری ئەمە، ئێمە حەز دەکەین کە خەڵکی جیهان بەرەو مزگێنیی مەسیح بێن، کە ئەمە پاڵەپەستۆیەکی زۆر لە باوەڕداران دەکات تاکو ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی

خۆیـان بـە دوور بگـرن لـە زۆر قسـەکردن سـەبارەت بـە «ئایینـی خاچـی خوێنـاوی». مەبەسـتم ئەوەیـە ئێمـە دەمانەوێـت کـە خەڵکـی جیهـان مزگێنیـی مەسـیح قبـوڵ بکـەن، نـەک گاڵتـەی پـێ بکـەن، ئـەی وا نییـە؟

بـەڵام بـە پێچەوانـەوە دەبێـت ئێمـە ڕووبـەڕووی بابەتەکـە ببینـەوە. وا دیـارە پەیامـی خـاچ تەنهـا قسـەی پووچـە بـۆ ئەوانـەی دەوروبەرمـان. وە وادەکات بـاوەڕداران وەک گەمـژە دەربکـەون؛ بێگومـان هەوڵەکانمـان لاواز دەبێـت لـە «پەیوەنـدی» لەگەڵ بێبـاوەڕان، وە سـەلماندنی ئـەوەی ئێمـە وەک کەسـانی دیکـە خەڵکـی بـاش و سـەلامەتین. هـەردەم بـاوەڕداران دەتوانـن وا لـە خەڵکـی جیهـان بکـەن بیریـان لـێ بکەنـەوە بـەوەی خەڵکـی باشـن - هەتـا ئـەو سـاتەی دەسـت دەکـەن بـە قسـەکردن سـەبارەت بـەوەی ڕزگاری لەڕێـی لەخاچدراوەکـەوە دێـت.

سـەرباری ئـەوە، کتێبـی پیـرۆز ڕوونـی دەکاتـەوە کـە پێویسـتە خـاچ لـە کرۆکـی مزگێنیـی مەسـیحدا بمێنێتـەوە. ئێمـە ناتوانیـن خـاچ لـە ناوەندیـی مزگێنییەکـە دوور بخەینـەوە، وە ناتوانیـن هیـچ ڕاسـتییەکی دیکـە بخەینـە جێگـەی. هەسـتان بـەو کارە وامـان لـێ دەکات شـتێکی دیکـە پێشکەشـی جیهـان بکەیـن کـە ڕزگاریـان نـاکات، ئینجـا هەرگیـز ئەمـە نابێتـە هەواڵـی خـۆش.

کتێبـی پیـرۆز ڕێنمایـی ڕوونمـان پێشـکەش دەکات سـەبارەت بـەو ڕێگایـەی کـە پێویسـتە کاردانەوەمـان هەبێـت بـۆ ئـەو تەوژمانـەی کـە وا دەکات خـاچ ڕابکێشرێتـە دەرەوەی ناوەنـدی مزگێنیـی مەسـیح، وە پێویسـتە ئێمـە بەرگـری لـێ بکەیـن. بڕوانـە ئـەوەی پۆڵـس لـە یەکـەم نامـەی کۆرنسـۆس سـەبارەت بـەو بابەتـە گوتـی. زانیویەتـی کـە پەیامـی مزگێنـی لـە باشـترین بارودۆخـدا شـێتانەیە بـۆ دەوروبەرەکـەی، وە زانیویەتـی کـە بـەو هۆیـەوە مزگێنیـی مەسـیح ڕەت دەکەنـەوە، چونکـە وەک بۆنێکـی ناخۆشـە لـە لووتیـان. بـەڵام تەنانـەت لـە سـایەی ئـەو ڕەتکردنەوەیەشـدا، گوتـی: "بـەڵام ئێمـە مەسـیحی لەخاچـدراو جـاڕ دەدەیـن..." (یەکـەم کۆرنسـۆس ١: ٢٣). ئـەو مکـوڕ بـوو لەسـەر یـەک شـت: «بڕیـارم دا لـە نێوتانـدا هەمـوو شـتێک لەبیـر بکـەم، بێجگـە لـە عیسـای مەسـیح، ئەویـش بـە لـە خـاچ دراوی" (یەکـەم کۆرنسـۆس ٢: ٢). ئـەوەش، وەکـو چـۆن لـە کۆتایـی نامەکـەدا باسـی کـردووە، لەبـەر ئـەوەی ڕاسـتی ئـەوەی «عیسـا بەگوێـرەی نـووسراوە پیـرۆزەکان لەپێنـاو

گوناهەکانمـان مـرد» هــەر ئــەوە نییــە ڕاســتییەکی گرنــگ بێــت، یــان تەنهــا زۆر گرنــگ، بەڵکـو «گرنگـی لەپێشـینە»ی هەبـوو (بڕوانـە یەکـەم کۆرنسـۆس ١٥: ٣).

بـەڵام چـی بکەیـن ئەگـەر ئـەو شـتە بـووە مایـەی گاڵتەکردنـی جیهـان؟ چـی بکەیـن ئەگـەر خەڵکـی زیاتـر تیشـک بخەنـە سـەر مزگێنیـی مەسـیح بـۆ نوێبوونـەوەی جیهـان لەبـری سـەرنجدان لـە مردنـی مەسـیح لەسـەر خـاچ لەبـری گوناهبـاران؟ وە چـی بکەیـن ئەگـەر خەڵکـی گاڵتەیـان بـە مزگێنیـی مەسـیح هـات لەبـەر ئـەوەی باسـی مردنـی مرۆڤێکە لەسـەر خـاچ؟ پۆڵـس دەڵێـت: بـا وا بێـت، مـن باسـی خـاچ دەکـەم، ڕەنگـە پێیـان کارێکـی گەمژانـە و گێلانـە بێـت، بـەڵام دەزانـم «گێلایەتیـی خـودا لـە دانایـی مـرۆڤ داناتـرە“ (یەکـەم کۆرنسـۆس ١: ٢٥).

پۆڵسـی نێـردراو لـە وتارەکانیـدا مکـوڕ بـوو لەسـەر ئـەوەی خـاچ لـە چەقـی مزگێنیـی مەسـیحدا بمێنێتـەوە؛ پێویسـتە ئێمـەش وەکـو ئـەو بیـن. ئەگـەر ڕێگـە بدەیـن شـتێکی دیکـە ببێتـە چەقـی بابەتەکـە، وەک ئەوەیـە کـە بڵێیـن: «بـا یارمەتیـت بـدەم بـۆ ئـەوەی بەسـەر ئـەو دیـوارەدا بـاز بدەیـت، متمانـەم پـێ بکـە. بـاش دەبیـت.»

# بەشی هەشتەم

## هێزی مزگێنیی مەسیح

ڕێـک پێـش دەرچوونـم لـە زانکـۆ، لەگـەڵ دوو لـە نزیکترین هاوڕێکانـم بڕیارمـان دا لـە شـارەکەمانەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی تەکسـاس بـە ئۆتۆمبێـل بڕۆیـن بـۆ پارکـی نیشـتیمانی. گەشـتێکی خـۆش بـوو، دەربڕینـی نیشـانەکانی گەورەبوونـی تەمـەن بـوو لـە سـێ گەنـج کـە دەگەنـە قۆناغـی پێگەیشـتنی تەمـەن.

بـەو جـۆرەی کـە بیـری لـێ دەکەنـەوە، گەشـتەکە پـڕ بـوو لـە دیمەنـی شـاخی سـەرنجڕاکێش و کانیـاوی گـەرم و مامزێکـی زۆری کێـوی. ڕۆژێکیـان دەمـەو بەیـان، بڕیارمان دا پیاسـەیەک بکەیـن. هەموومـان هـاوڕا بوویـن کـە بـۆ چێـژ وەرگرتـن، نەخشـە لەگـەڵ خۆمـان نەبەیـن. ویسـتمان بزانیـن کـە ڕێگاکـە بـەرەو کـوێ دەمانبـات. بۆیـە، هەندێـک خـۆراک و مۆبایلەکانمـان خسـتە نـاو جانتـا بچووکەکانمـان و لـە کۆڵـمان کـرد و ڕوومـان لـە دەرەوە کـرد.

گەشـتێکی درێـژ بـوو. پـاش کەمێـک بـە گاڵتەکـردن بـە یەکترمـان دەگـوت: ئێسـتا لـە پارکـی نیشـتمانیی (یەلەوسـتەون)داین، کـە زۆر جیـاواز نەبـوو لـە دارسـتانەکانی ڕۆژهەڵاتی تەکسـاس کـە لـەوێ گـەورە ببوویـن. داری گـەورەی سـنەوبەر لە هەمـوو لایەکـەوە دەورەی دابوویـن، وە ناوبەنـاو دەبووایـە بازمـان بەسـەر گۆمـاوی ئـاو بدایـە کـە لەسـەر ڕێگاکـە بـوو. شـتێکی ئەوتـۆی بـۆ بینیـن لـێ نەبـوو، ئیـدی کـەم کـەم هەسـتمان بـە نیگەرانـی دەکـرد.

لەپڕ و بەبێ ئـەوەی هیـچ کەسـمان تێبینـی بـکات کـە شـتێک گـۆڕاوە، دارسـتانەکەمان تێپەڕانـد و خۆمـان لەسـەر لێـواری خەرەنـدی (گرانـد کانیـەن) دیتـەوە. لـە خوارەوەمـان کەندێکـی جـوان درێـژ ببـووەوە. وە لـە خوارتـر ڕووبارێـک دەبریسـکایەوە کـە تیشـکی خـۆری دەدایـەوە. لـە خـوارەوەی ئێمـە باڵنـدەکان دەفڕیـن، وە هـەورە نزمـەکان لەسـەرمانەوە دەڕۆیشـتن لەگـەڵ بەرکەوتنـی ئـەو بایـەی کـە لـە دۆڵەکـە دەهـات.

لـەو کاتـەدا بـە جۆرێـک هەسـتم بـە بچوکـی کـرد کـە بـاس ناکرێـت، کاتێـک تەماشـای

ئـەو جوانییـەم دەکـرد لـە خـوارەوە و تەماشـای ئاسـمانم دەکـرد، هەرسـێکمان دەمێـک بێدەنـگ بوویـن، ئینجـا هاوڕێیەکـمان دەسـتی بـەم گۆرانییـە ڕۆحییـە کـرد:

"ئەی یەزدانی پەروەردگار، بە سام و واقوڕماوییەوە،
دەڕوانمە دەستکردەکانی تۆ».[a]

ئـەو فەقیـرە هەرچەنـدە دەنگـی خـۆش نەبـوو، بـەڵام خاوەنـی دڵێکـی سـاف بـوو! چەنـد خولەکێـک لـەو لێـوارە ڕاوەسـتاین و ستایشـی ئـەو بەدیهێنەرەمـان کـرد کـە ئـەو جوانییـەی بەدیهێنـاوە.

## بۆچی پشتگوێی دەخەین؟

پێـم وایـە کـە مزگێنیـی مەسـیح هەمـان کاریگـەری وەسـتان لەسـەر لێـواری ئـەو خەرەنـدەی دەبێـت ئەگـەر بەڕاسـتی ڕابوەسـتین و بیـر بکەینـەوە. دواییـن جـار کـەی بـوو کـە ڕاوەسـتایت بـۆ ئـەوەی دوور لـە وردەکارییـە دنیاییەکانـی ژیـان تەماشـای سـەرەوە بکەیـت، ڕووبـەڕوو «گرانـد کانیـەن»ی تایبەتـی خـۆت ببینیـت بـۆ ئـەوەی ڕامێنـی لـەوەی کـە خـودا لـە ڕێگـەی مزگێنیـی مەسـیحەوە لەپێنـاوی ئێمـەدا کـردی - نیعمەتـی فراوانـی ئـەو کـە لـە لێخۆشـبوونی مرۆڤـەوە دەرکـەوت کـە لێـی یاخـی ببـوون، وە پلانـە مەزنەکـەی بـە ناردنـی کـوڕی خـۆی بـۆ ئـەوەی ئـازار بچێژێـت و لەبـری ئێمـە بمرێـت، لـە پێنـاو ڕاگەیاندنـی تەختـی پاشـایەتی عیسـای هەسـتاوە لەنێـو مـردووان بـۆ پاشـایەتی تـەواو ڕاستودروسـت، وە بـۆ هێنانـی ئەوانـەی ڕزگاربـوون و کڕاونەتـەوە بـۆ ئاسـمانی نـوێ و زەوی نـوێ کـە بـۆ هەتاهەتایـە هیـچ گونـاه و خراپـەی تێـدا نییـە؟

بۆچـی ڕێگـە دەدەم هێـز و جوانـی و مەزنیـی مزگێنیـدان لـە هزرمـدا بـە شـتی دیکـە و بـۆ ماوەیەکـی زۆر داپۆشرێـت؟ بۆچـی لەبـری ئـەو ڕاسـتییە شـکۆدارە، شـتی بـێ کەڵـک هـزر و هەسـتەکانمی داگیـر کـردووە، بـۆ نموونـە پاککردنـەوەی ئۆتۆمبێـل، ئـەو ڕووداوانـەی کـە لـە کەناڵـی سـی. ئێـن. ئێنـەوە دەیبینیـن، یـان خۆشـحاڵبوونم بەهـۆی ژەمـە خۆراکێکـەوە؟ بۆچـی هەندێـک جـار ژیانـم ڕێکدەخـەم و بیـری لـێ دەکەمـەوە وەک

a. “How Great Thou Art,” Stuart K. Hine, 1949; based on the poem “O Store Gud,”Carl G. Boberg, 1886.

ئـەوەی چـاوم داپۆشـیبێ، لەبـری ئـەوەی لەژێـر ڕۆشـنایی ژیانـی هەتاهەتاییـدا ببینـم؟ بۆچـی مزگێنیـی مەسـیح بـە درێژایـی ڕێـگا و کاتەکـە ناخـم نابڕێـت، بـۆ پەیوەندیـم لەگـەڵ هاوسـەر و منداڵەکانـم و هـاوکار و برادەرەکانـم و ئەندامانـی کڵێسـا؟

مـن هـۆکاری ڕاسـتەقینەی پشـت ئـەوە دەزانـم: مـن گوناهبـارم و بـەردەوام کاروبـارە دنیاییـەکان زاڵـە بەسـەر دڵـم و هەتـا ڕۆژی هاتنـی عیسـای مەسـیح لەگەڵـم دەجەنگێـت. بـەڵام هەتـا ئـەو ڕۆژە دێـت، بـەردەوام دەبـم و لەگەڵـی دەجەنگـم. دەمـەوێ دژی تەمبەڵـی ڕۆحیـی بوەسـتمەوە - وە لـە گـەڵ ئـەم جیهانـە بێهۆشـکەرە کـە بـەردەوام هەڕەشـەم لێـدەکات بـەوەی ڕامدەکێشـێت - وە دەمـەوێ بـە ڕژدی مزگێنیـی مەسـیح لـە ئامێـز بگـرم بـۆ ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر هەمـوو شـتێک هەبێـت – کردەوەکانـم، هەسـت و سـۆز و کاردانـەوەم، حـەز و بیرکردنـەوە و خواسـتەکانم.

هیـوادارم ئەمـە خواسـتی تـۆش بێـت، وە ئـەم کتێبـە کەمێـک یارمەتـی دابیـت بـۆ ئـەوەی مەزنیـی ئـەو کارە ببینیـت کـە خـودا لەپێنـاوی ئێمـە لـە عیسـادا کـردی. بـەڵام ئێسـتا چـی دەکرێـت؟ باشـە، بـا باسـی هەندێـک شـتی پەیوەسـت بـە هەواڵـی خـۆش بکـەم کـەوا پێویسـتە کاریگـەری لەسـەر ژیانمـان هەبێـت، هەرچەنـدە زۆر شـتی دیکـەش هەیـە کـە باسـیان ناکـەم.

## تۆبە بکە و باوەڕ بهێنە

پێـش هەمـوو شـتێک، ئەگـەر بـاوەڕت بـە مەسـیح نییـە، دەمـەوێ سوپاسـت بکـەم بـۆ خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە. هیـوادارم دەرفەتێکـت بـۆ ڕەخسـابێت بـۆ ئـەوەی بیـر بکەیتـەوە لـەو هەواڵـە خۆشـەی کـە چـەق و ناوەندەکـەی عیسـای مەسـیحە، وە نوێـژ دەکـەم بـۆ ئـەوەی قووڵایـی هـزری تـۆی بڕیبێـت. پێـم وایـە کـە وەڵامـی پرسـیاری «ئێسـتا چـی دەکرێـت؟" بـۆ تـۆ زۆر ئاسـان بێـت. تەنهـا پێویسـتە یـەک شـت بکەیـت؛ تۆبـە بکـە لـە گوناهەکانـت و بـاوەڕ بـە عیسـای مەسـیح بهێنـە. ئەمـەش واتـا ڕاگەیاندنـی شکسـتی ڕۆحیـت، وە داننـان بـە بێتوانایـی تـەواوت بـە ڕزگارکردنـی خـۆت، وە هاتنـە لای عیسـا بـەوەی کـە ئـەو تاکـە هیـوای تۆیـە بـۆ بەدەسـتهێنانی لێخۆشـبوون لـە خـوداوە و مافـی چوونـە لەبەردەمـی.

بـوون بـە بـاوەڕداری مەسـیح، کارێکـی قـورس نییـە. تـۆ لەمـەدا هیـچ ناکەیـت، هەمـوو ئـەوەی پێویسـتتە پێشـتر عیسـا بەدەسـتیهێناوە. هەمـوو ئـەوەی مزگێنیـی مەسـیح لێـت داوا دەکات ئەوەیـە دڵـت لـە گونـاە دوور بخەیتـەوە و بـە بـاوەڕ ئاراسـتەی عیسـای بکەیـت - واتـا متمانـەی پـێ بکەیـت و پشـتی پـێ ببەسـتیت. ئـەو بانگـت دەکات بـۆ ئـەوەی بچیتـە لای و پێـی بڵێیـت: «عیسـا، مـن دەزانـم ناتوانـم خـۆم ڕزگار بکـەم، بۆیـە بـاوەڕم هەیـە کـە تـۆ دەتوانیـت ئـەو کارە بکەیـت.»

ئینجـا جیهانێکـی نـوێ لەبەردەمـت دەکرێتـەوە. بـەڵام هەمـوو شـتێک بـە تۆبەکـردن لـە گونـاە و متمانەکـردن بـە عیسـا بـۆ ئـەوەی ڕزگاریـت پـێ ببەخشـێت، دەسـتپێدەکات.

## بحەسێوە و دڵخۆش بە

ئەگـەر بـاوەڕت بـە مەسـیح هەیـە، مزگێنیـی مەسـیح بانگهێشـتت دەکات بـۆ ئـەوەی لـە عیسـای مەسـیحدا بحەسـێیتەوە و دڵخـۆش بیـت بـە ڕزگارییەکـی بـێ وێنـە کـە لەپێنـاو تـۆدا بەدەسـتهاتووە. بـە هـۆی عیسـا و درککردنـم بـەوەی کـە بـە بـاوەڕ لەگەڵـی بوومەتـە یـەک، دەتوانـم بەرگـری بکـەم لـە دژی فریودانـی بیرکردنـەوەی ئـەوەی کـە ڕزگاربوونـم شـتێکی هەسـتیارە و دەکرێـت لـە هـەر ئـان و سـاتێکدا کۆتایـی بێـت. لـە هـەر سـاتێکدا ئـەو هەسـتەم هەبێـت، دەزانـم کـە مـن سـەر بـە عیسـام و هیـچ کەسـێک ناتوانـێ لەدەسـتی ئـەو دەرمبهێنـێ. ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی مزگێنیـی مەسـیح ڕایدەگەینێـت کـە ڕاوەسـتانم لەبـەردەم خـودا بـە ڕاستودروسـتی پشـت بـە هەندێـک کارتـی ڕۆحـی نابەسـتێت؛ وەکـو دڵنیابوونـەوە لـە بوونـی بـڕی پێویسـتی بەرهەمـی ڕۆحـی و خەڵوەتـی کەسـیی و گفتوگـۆی ڕۆحـی، هتـد. ئینجـا بڵێـم زۆر باشـە، ئەمـڕۆ هەسـت دەکـەم کـە ڕزگار بـووم!

لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەوەی مزگێنیـی مەسـیح سـەبارەت بـە عیسـا دەیڵێـت، ئـەو کارتانـە بیرۆکەیەکـی گەمژانەیـە! سوپاسـی خـودا دەکـەم لەبـەر ئـەوەی پەیوەندیـم لەگەڵـی لەسـەر بنەمـای خواسـتی گـۆڕاوی مـن نییـە یـان لەسـەر بنەمـای توانـام بـۆ ژیـان بـە ڕاستودروسـتی نییـە؛ نەخێـر، خـودا پێشـتر حوکمـی خـۆی بـۆ مـن ڕاگەیانـدووە، ئـەوەش دیاریـی «لێخۆشبوون!»ــە و بەڵکـو زیاتـرە لـەوەش، ئـەم حوکمـە هەرگیـز ناگۆڕێـت، چونکە بـۆ هەتاهەتایـە تەنهـا ڕەگـی لـە عیسـادایە - مردنـی لەسـەر خـاچ لەجیاتـی مـن و داکۆکـی لەپێنـاوی مـن هەتـا ئێسـتا لەبـەردەم تەختـی خـودا.

ئەگەر باوەڕت بە مەسیح هەیە، ئەوا خاچی عیسا وەک چیایەکی بەهێز لە ژیانت ڕادوەستێت، وە شایەتێکی چەسپاو بۆ خۆشەویستی خودا بۆ تۆ و مکوڕبوونی بۆ هێنانی تۆ بە ئارامییەوە بۆ بەردەمی خۆی. هەروەک پۆڵسی نێردراو لە نامەی ڕۆما دەڵێت: "چی بەمانە بڵێین؟ ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت، کێ دژمانە؟ ئەوەی دەستی بە کوڕەکەی خۆیەوە نەگرت، بەڵکو لە پێناوی هەمووماندا پێشکەشی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو هەموو شتێکمان بەخۆڕایی ناداتێ؟" (ڕۆما ٨: ٣١-٣٢).

## گەلی مەسیحت خۆشبوێت

باوەڕداری ئازیز، پێویستە ئینجیل پاڵت بنێ بۆ ئەوەی گەلی خودات زیاتر خۆشبوێ – واتە کڵێسات زیاتر خۆشبوێ. ئێمەی باوەڕداردا ئەوەمان لەنێودا نییە کەسێک خۆی ئەو ڕێگایەی دەستکەوتبێ بەرەو ئەو میراتەی خودا بۆی ئامادە کردین. ئێمە نەمانتوانیوە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان ببینە هاوڵاتی شانشینی خودا، بەڵکو لەنێو بەڵێنەکانی خودا دانراوین تەنها بە پاڵپشتیی عیسای مەسیح کە ڕزگاری کردووین، ئێمە بە باوەڕ لەگەڵ ئەو یەکمان گرتووە.

وە لێرەدا شتێک هەیە کە ڕەنگە دڵخۆشت نەکات. ئایا دەزانیت هەمان شت بۆ خوشک و براکەشت ڕاستە کە لە کڵێسا بێزارت دەکات؟ ئەو باوەڕی هەیە بە هەمان عیسای پەروەردگار کە تۆ خۆشت دەوێ و باوەڕت پێی هەیە، لەوەش زیاتر، ئەو خودایەی کە تۆی ڕزگار کرد و لێت خۆشبوو هەمان خودایە کە ئەوی ڕزگار کردووە و لێی خۆشبووە. بیر لەو باوەڕدارە بکەوە کە ناتەوێ کاتی لەگەڵ بەسەر ببەیت بۆ ئەوەی بیناسیت، لەبەر ئەوەی لەگەڵیدا هەست بە ئاسوودەیی ناکەیت. بیر لەو کەسە بکەوە کە پەیوەندیت لەگەڵی پچڕاندووە و ناتەوێت لەگەڵێ ئاشت بیتەوە. وە بیر بکەوە کە ئەویش هەمان ئەو خودایەی خۆشدەوێ کە تۆ خۆشت دەوێ و متمانەت پێی هەیە. بیر لەوە بکەوە هەمان خودا کە لەپێناوی تۆدا مرد، لەپێناوی ئەویشدا مرد.

بەلامەوە جێگەی پرسیارە ئاخۆ تێگەیشتنت لە مزگێنیی عیسای مەسیح -ئەو هەواڵە خۆشەی کە ڕایدەگەیەنێت عیسا ڕزگاری کردیت سەرباری ئەوەی کە تۆ شایانی ئەو ڕزگارییە نیت - ئەوەندە قووڵە کە بەرگەی ئەو ڕەخنانە بگریت کە

خوشـک و برایانـت ئاراسـتەت دەکـەن. حـەز دەکـەم بزانـم ئاخـۆ تێگەیشـتنەکەت ئەوەنـدە قووڵـە کـە ئـەو خراپانـە لەبیـر بکەیـت کـە بەرامبـەر بـە تـۆ کردوویانـە، تەنانـەت ئـەوەی زۆر بـە ئازاریشـە. ئینجـا ئـەو تێگەیشـتنە دەتبـات بـەرەو لێخۆشـبوون و خۆشویسـتنیان بـەو شـێوەیەی کـە عیسـا لەگـەڵ تـۆ و ئەوانیشـدا کـردی.

ئاخـۆ خۆشەویسـتیت بـۆ کەسـانی دیکـە زیـادی کـردووە لـە ئەنجامـی فراوانـی خۆشەویسـتی خـودا بـۆ تـۆ؟

## مزگێنی بدە ئەم جیهانە

نـەک تەنهـا هـەر ئـەوە، بەڵکـو حەز دەکـەم بزانم ئەگـەر نیعمەتـی خـودا وای لێکردووی زیاتـر دەوروبـەرت خۆشـبووێت، وە حـەز بکەیـت ببینیـت خەڵکـی ڕوو لـە عیسـای مەسـیح دەکـەن و بـاوەڕی پـێ دەهێنـن. ئەگـەر لـە نیعمەتـی خـودا تێبگەیـن هـەروەک بۆمـان دەرکـەوت، دڵـمان گـڕ دەگرێـت بـۆ دەرخسـتنی ئـەو نیعمەتـە بـۆ کەسـانی دیکـەش.

عیسـا لـە پـاش هەسـتانەوەی بـۆ قوتابییەکانـی دەرکـەوت و پێـی فەرمـوون: "ئـاوا نـووسراوە، کـە مەسـیح ئـازار دەچێژێـت و لـەڕۆژی سـێیەم لەنێـو مـردووان هەڵدەسـتێتەوە، بـە نـاوی ئەویـش تۆبەکـردن بـۆ لێخۆشـبوونی گونـاە بـۆ هەمـوو گـەلان جاڕبدرێـت، ئەمـەش لـە ئۆرشـەلیمەوە دەسـتپێدەکات. ئێـوە شـایەتی ئـەم شـتانەن" (لۆقـا ٢٤: ٤٦-٤٨). ڕەنگـە پێـت وابـێ ڕوخسـاری قوتابییـەکان تێکچووبێـت لـەدوای ئـەوەی ئـەو قسـەیەیان بیسـتووە! ئامانجـی خـودا کەمـتر نەبـووە لـە قوربانـی بـۆ جیهـان، وە لێـرەدا عیسـا پێیـان دەڵێـت کـە ئـەو ئامانجـە لەڕێـی ئەوانـەوە دێتـە دی.

نازانـم هەسـتت چـۆن دەبێـت کاتێـک گوێـت لـەو وشـانە دەبێـت، بـەڵام مـن هەسـت بـە ناتـەواوی دەکـەم و هەسـت دەکـەم هەرگیـز شایسـتەی ئـەو کارە نیـم. خـودا دەیەوێـت مەبەسـتەکانی خـۆی بـۆ جیهـان لـە ڕێـگای ئێمـەوە بهێنێتـە دی؟ ئـای لـەو شـتە سەرنجڕاکێشـە! بـەڵام ئەگـەر هەسـت بـە ناتـەواوی و ناشایسـتەیی دەکەیـت، بـا کەمێـک هانـت بـدەم. بەڕاسـتی تـۆ شـایانی ئـەوە نیـت و توانـات نییـە ئەنجامـی بدەیـت! ئـەم وشـانە چـۆن هانـت دەدەن؟ تەماشـای خۆمـان بکـە، ئێمـەی مرۆڤـی لاواز هێشـتا لـە هەمـوو ڕۆژێکـی ژیانمـان لـە دژی گونـاە لـە ململانێدایـن. بـەڵام عیسـا پێـمان دەڵێـت

«بۆ مـن دەبنـە شـایەت»، ئەمـەش بـە ڕاگەیاندنـی مزگێنیـی مەسـیح - جـا ئەگـەر بـە وتـاردان بێـت یـان فێرکـردن یـان بـە قسـەکردنمان لـە کاتـی نانخـواردن لەگـەڵ بـرادەران و ئەندامانـی خێزانمـان و هاوکارەکانمـان - ئـەوەی کـە دووپاتـی دەکاتـەوە خـودا بڕیـاری داوە لـە گوناهبـاران خۆشـبێت.

هەرگیـز بیـرت لـەو فریشـتەیە کردووەتـەوە کـە بۆچـی مزگێنیـی مەسـیحی بـە کرنیلیـۆس ڕانەگەیانـد کـە لـە (کـرداری نێـردراوان ١٠) ئامـاژەی پـێ کـراوە؟ بۆچـی گوتـی کـە کرنیلیـۆس داوا بـکات پەتـرۆس بێـت بـۆ لای، کـەوا لـە شـارێکی دیکـە بـوو؟ بەڕاسـتی، مـادەم فریشـتەکە توانـی باسـی ئـەو شـتە بـکات بـۆ کرنیلیـۆس، بێگومـان دەیتوانـی مزگێنیـی مەسیحیشـی پـێ ڕابگەیەنێـت! بـەڵام خـودا حـەزی لـەوە نەبـوو، چونکـە مکـوڕ بـوو لەسـەر ئـەوەی مزگێنیـی مەسـیح بـە وشـەکانی سـەر زاری گەلەکـەی پێشـکەش بـکات - واتـا بـە دەمـی ئـەو کەسـانەی کـە بـە خۆشـییەوە مزگێنیـی مەسـیح و ڕزگارییەکـەی عیسـایان قبـووڵ کـردووە و لێخۆشـبوونی ئەویـان ئەزمـوون کـردووە.

ئەگـەر تـۆ باوەڕداریـت، پێویسـتە کـە بزانیـت تـۆ تاکـە پەیامـی ڕزگاری ڕاسـتەقینەت هەڵگرتـووە کـە دەکـرێ خەڵکـی جیهـان گوێیـان لێبێـت. مزگێنییەکـی دیکـە نییـە، وە ڕێگایەکـی دیکـە نییـە بـۆ ڕزگاربوونـی جیهـان لـە گوناهەکانیـان. ئەگـەر هـاوڕێ یـان ئەندامانـی خێزانەکـەت یـان هاوکارەکانـت پێشـتر ڕزگار بـوون، ئـەوە لە ئەنجامی گەیشـتنی مزگێنیـی مەسـیحە پێیـان لـە ڕێـگای کەسـێکەوە. لەبـەر ئـەوە عیسـا ڕاماندەسـپێرێت بـەو ئەرکـەی بچینـە هەمـوو جیهـان، بـا وتـار بدەیـن و فێـر بکەیـن و هەواڵـی خـۆش بـە هەمـوو نەتـەوەکان بگەیەنیـن. پۆڵسـی نێردراویـش مەبەسـتی ئـەوە بـوو لـە (ڕۆمـا ١٠) کاتێـک پرسـیاری کـرد: "چـۆن لەیەکێـک دەپاڕێنـەوە کـە باوەڕیـان پێـی نەهێنابێـت؟ چـۆن بـاوەڕ بەیەکێـک دەهێنـن ئەگـەر نەیانبیسـتبێت؟ چۆنیـش دەیبیسـتن بـێ ئـەوەی یەکێـک پێیانڕابگەیەنێـت؟" (ئایەتـی ١٤). زۆر شـتی بـاش هەیـە کـە دەکـرێ ئێمـەی بـاوەڕدار پێـی هەڵبسـتین، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا، زۆر کـەس ئـەو کارانـەش دەکـەن و باوەڕداریـش نیـن. ئەگـەر ئێمـەی بـاوەڕدار شکسـتمان هێنـا لـە ڕاگەیاندنـی مزگێنیـی مەسـیح، کـێ ئـەو کارە دەکات؟ هیـچ کەسـێک.

بۆیـە بـا ڕاسـتییەکانی ئینجیـل دڵـت ببڕێـت و بگاتـە ئەوانـەی کـە عیسـای مەسـیح

ناناسـن. بیـر بکـەوە لـەو بارودۆخـەی هـاوڕێ و ئەندامانـی خێـزان و هاوکارەکانـت لەبـەردەم خـودای حوکمـدەری ڕاستودروسـت ڕابوەسـتن دوور لـە عیسـای مەسـیح. بیـر لـەو شـتە بکـەوە کـە نیعمەتـی خـودا لـە ژیانـی تـۆدا کردوویەتـی، وە بیـر بکـەوە لـەوەی دەتوانیـن چـی بکەیـن لـە ژیانـی کەسانی دیکـەدا. ئینجا هەناسـەیەکی قـووڵ هەڵبمـژە و نوێـژ بکـە بـۆ ئـەوەی ڕۆحـی پیـرۆزی خـودا دەمـت بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی قسـە بکەیـت!

## بە پەرۆشی بۆی

لـە کۆتاییـدا، پێویسـتە بـە هـۆی مزگێنیـی مەسـیحەوە دڵـمان پـڕ بـێ لە پەرۆشـی بـۆ ئەو ڕۆژەی کـە مەسـیحی پاشـامان دێتـەوە بـۆ ئـەوەی بـە تـەواوی شانشـینەکەی دابمەزرێنێـت و بـۆ هەتاهەتایـە بـەردەوام بێـت. ئـەوە تەنهـا پەرۆشـی نییـە بـۆ بوونـی پاشـایەتیی خـودا؛ ئێمـە تەنهـا لەبـەر ئـەوە دڵخـۆش نابیـن کـە عیسـا بێتـەوە و جیهانێکـمان پـێ ببەخشـێت کـە پـڕ لـە دادپـەروەری بێـت و هەرگیـز خراپـەی تێـدا نەبینینـەوە.

ئـەو بەڵێنانـە خۆشـن، بـەڵام هێنـدە گـەورە نیـن. نەخێـر، ئەگـەر بـە شـێوەیەکی دروسـت لـە مزگێنیـی مەسـیح تێگەیشـتین، ئـەو کاتـە زۆر پەرۆشـی شانشـین نابیـن، بەڵکـو پەرۆشـیمان بـۆ پاشـاکە دەبێـت. بـە مزگێنیـی مەسـیح ناسـیومانە و خۆشـمان ویسـتووە، ئینجـا پـەرۆش دەبیـن بـۆ ئـەوەی لەگەڵـی بیـن. عیسـا فەرمـووی: ”باوکـە، دەمەوێـت ئەوانـەی کـە بـە منـت داون لەکـوێ بـم لەگەڵـم بـن“ (یۆحەنـا ١٧: ٢٤). ئێمـەش حـەز دەکەیـن لەگەڵـی بیـن، بچینـە پـاڵ ملیۆنـان کەسـی دیکـە و پێکـەوە بیپەرسـتین.

سـیپارەی ئاشـکراکردن پێکدێـت لـە بینینێکـی سـەرنجڕاکێش کـە خـودا بـۆ ئێمـەی ئامـاد کـردووە کـە خۆشـمان دەوێـت. ئـەوە تەنهـا پوختەیەکـە، بـەڵام پڕمـان دەکات لـە هەسـتی سـەرکەوتن و خۆشـی و حەسـانەوە، شـێوەی کۆتایـی عیسـای مەسـیحی کـە بووەتـە قوربانی و دەپەرسـتین.

> ”پـاش ئەمـە سـەیرم کـرد ئاپۆرەیـەک لـە خەڵکـم بینـی لـە هەمـوو نەتـەوە و هـۆز و گـەل و زمانێـک کـە لـە ژمـارە نەدەهـات، لەبـەردەم تەختەکـە و بەرخەکەڕاوەسـتابوون، جلـی سـپییان لەبـەردا بـوو و لقـە دار خورمایـان بەدەسـتەوە گرتبـوو، بـە دەنگێکـی بـەرز هاواریـان دەکـرد و

دەیانگـوت: «ڕزگاری هـی خودامانـە، کـە لەسـەر تەختەکـە دانیشـتووە و هـی بەرخەکەیـە»" (ئاشـکراکردن ٧: ٩-١٠).

ئەمـە ئـەو ڕۆژەیـە کـە مزگێنیـی مەسـیح وا دەکات بـە پـەرۆش و تامەزرۆییـەوە چاوەڕێـی بیـن. تەنانـەت کاتێـک کـە ڕووبـەڕووی سـەختی و تاقیکردنـەوە و چەوسـانەوە و تەنگانـە و فریـودان و لادان و گرنگـی پێنـەدان دەبینـەوە، مزگێنیـی مەسـیح ئاراسـتەی ئاسـمانمان دەکات کـە عیسـای پاشـامان لـەوێ دادەنیشـێت - بەرخـی خـودا لـە پێنـاوی ئێمـەدا لەخـاچ درا و بـە شـکۆدارییەوە لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە - وە داکۆکیـمان لـێ دەکات. نـەک تەنهـا ئـەوە، بەڵکـو داواشـمان لـێ دەکات پەرۆشـی ئـەو ڕۆژەی کۆتاییـش بیـن کاتێـک ئاسـمان پـڕ دەبێـت لـە دەنگـی خۆشـحاڵی ئـەو کەسـانەی کـە لێخۆشـبوونیان بەدەسـتهێناوە، هەلهەلـەی بـۆ لێـدەدەن لەبـەر ئـەوەی ڕزگارکاری لەخاچـدراو و پاشـای هەسـتاوەیە.

# سوپاسێکی تایبەت

هــەروەک هــەر پرۆژەیەکــی دیکــە، ژمارەیەکــی لــە ڕادەبــەدەری خەڵــک هەیــە کــە دەبێـت سوپاسـیان بکـەم. مـرۆڤ لـە تەنهایـی و دابـڕان فێـر نابێت و بیـر ناکاتـەوە. دەتوانم یـەک ڕۆژی تـەواو بەسـەرببەم لـە ناوهێنانـی ئـەو خوشـک و برایانـەی کـە لەگەڵیـان بیـرم کردووەتـەوە و دەربـارەی مزگێنیـی مەسـیح قسـەم کـردووە، بـە لانـی کـەم بـە درێژایـی دە ساڵی ڕابـردوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەندێـک کەسـی دیکـەش هەیـە کـە دەمـەوێ سوپاسـی تایبەتیـان ئاراسـتە بکـەم.

سـەرەتا سوپاسـی تیمـی دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کڕۆسـوەی دەکـەم، بـۆ کارکـردن لەگــەڵ نووســەرێک کــە بەناوبانــگ نییــە. ئەگــەر خــودا وای دەبینێــت کــە گونجــاوە ئــەم کتێبــە بــۆ فێرکردنــی کڵێســاکەی بەکاربێــت، ئــەوا تــۆ ئامرازێکــی بەکارهێـنراوی بــۆ تەواوکردنــی ئەمــە.

هەروەهـا سوپاسـی تیمـی ڕێکخـراوی «٩نیشـانەکان» دەکـەن بـۆ ئـەوەی کە هانیـان دام ئــەم کتێبــە بنووســم، وە سوپاســی هــەوڵ و ماندوبوونیــان دەکــەم. ئیلهــام و گەرموگوڕیــی (مــات شــموکەر) لــە پێنــاو تەندروســتی کڵێســا لــە تــەواوی جیهــان ســەرچاوەی هاندانــە، وە مــن شــانازی دەکــەم بــە ناســین و کارکــردن لەگەڵــی. هەروەهــا (جۆناتــان لیــمان) لــە نووسـینی ئـەم کتێبـەدا زۆر یارمەتـی دام. لـە ڕێگـەی گفتوگـۆ و ئیمەیـڵ و پێداچوونـەوەوە، کاری کـرد لەسـەر ئـەوەی بـە شـێوەیەکی ڕوونـتر دەربکەوێـت. هەروەهـا سوپاسـی (بۆبـی جەیمســن) دەکــەم کــە چەندیــن دانیشــتنمان کــرد بــەدەم قــاوە خواردنــەوە گفتوگۆمــان دەکـرد دەربـارەی شانشـینی خـودا. بەڕاسـتی دڵخۆشـم کـە ئەندامێکـی ئـەم گروپـەم!

بـرای خۆشەویسـتم، (مـارک دێڤـەر)، سوپاسـت دەکـەم بـۆ هاندانـم لـە نووسـینی ئـەم کتێبـە. مـن قـەرزاری تـۆم بـەو ڕادەیـەی کـە پێـم وایـە ناتوانـم ئـەوە دەرببـڕم. وە مـن زۆر شــانازی دەکــەم کــە ڕێنماییــدەری ڕۆحیــی منــی، وە زۆر خۆشــحاڵم بــۆ ئــەوەی کــە پەروەردگارمـان هەردووکمانـی سەرسـام کـرد بـە گەڕانـەوەم بۆ واشـنتن دی. سـی. خـودا زۆر میهرەبانــە کــە ئــەو کاتــەی پــێ بەخشــین.

لــە کۆتاییــدا سوپاســی مۆریــا، هاوســەرە بەهێــز و جوانەکــەم دەکــەم، کــە منــی

خۆشـدەوێ و گرنگیـم پێـدەدات. سوپاسـی دەکـەم کـە کاتـم پـێ دەبەخشـێ و لـە مافـی پێکەوەبوونمـان خـۆش دەبێـت و ڕێگـە دەدات ون ببـم و بـڕۆم خـۆم سـەرقاڵی کێشـەیەکی ئاڵـۆزی یەزدانناسـی بکـەم. لـە قووڵایـی دڵمـەوە خۆشـمدەوێ، ئازیزەکـەم.

IX 9Marks
Building Healthy Churches

# ٩نیشانەکان

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

**ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟**

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٠٣ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. دەتوانیت لەم لینکەی خوارەوەدا لیستی تەواوی ماڵپەڕی زمانە جیاوازەکان ببینیت:

**https://www.9marks.org/about/international-efforts/**

**9marks.org**

"ئـەم بەرهەمـە بـە پشتبەسـتن بـە کتێبـی پیـرۆز شـیکردنەوەیەکی سەرڕاسـتمان لەسـەر مزگێنیـی مەسـیح پێشـکەش دەکات. وە بـاوەڕداران بـە مەسـیح ئامـادە دەکات بـۆ ئـەوەی بتوانـن هەمـوو پەیامـە ناڕاسـتەکان لـە پەیامـی شکۆمەندانەی مەسیح جودا بکەنەوە. خۆزگە هەموو شوان و ئەندامانی کڵێسا ئەم کتێبەیان دەخوێندەوە."

**سی. جەی. ماهانی** سەرۆکی ڕێکخراوی سوڤرن کرەیس

"ئـەم کتێبـە بچووکـە کـە باسـی مزگێنیـی مەسـیح دەکات یەکێکـە لـە ڕوونتریـن و گرنگریـن ئـەو کتێبانـەی کە لەم ساڵانەی ڕابردوودا خوێندوومەتەوە."

**مارک دیڤەر** شوانی کەورەی کلیسای باپتیستی کاپیتول هیل لە واشنتن دی. سی.

«گرێـگ گیلـبرت، یەکێکـە لـەو گەنجـە درەوشـاوە و دڵسـۆزانەی کـە خـودا بانگهێشـتی کـردووە بـۆ ئـەوەی خزمەتـی کڵێسـا بـکات. لێـرەدا تێگەیشـتنێکی قـووڵ و پوختـمان پێـدەدات بـۆ مزگێنیـی عیسـای مەسـیح. هیـچ پێویسـتیەک مەزنـتر نییـە لـە زانینـی مزگێنیـی ڕاسـتەقینە، وە درککـردن بـە نـووسراوە سـاختەکان، وە دەرکەوتنـی نەوەیـەک لـە بـاوەڕداران بـە مەسـیح کـە جەخـت لەسـەر ئینجیـل بکەنـەوە. ئـەم کتێبـە زۆر گرنگـە و لـە کاتـی گونجـاودا گەیشـت.»

**ئار. ئەلبیرت مۆلەر** سەرۆکی سوذرن بیتبست تیۆلۆجیکل سیمینەری

**گرێـگ گیلـبرت** خاوەنـی بڕوانامـەی ماسـتەرە لـە سـاودرن باپتیسـت سـێمینەری و بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـە لـە زانکـۆی یەیـڵ. گیلـبرت شـوانی گـەورەی کڵێسـای تیـرد ئاڤێنیـو باپتیسـتە لـە شـاری لویسـڤیڵ لـە ویلایەتـی کنتاکـی ئەمریـکا. نووسـەری کۆمەڵێـک کتێبـی گرنگـە؛ وە کتێبێکـی لەگـەڵ کیڤـن دییەنـگ نووسیوە بە ناوی "ئەرکی کڵێسا".

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

9Marks
www.9marks.org